٣

پەیامی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ

٤
بەیاننامە لە وڵامی کۆمەڵێک چالاکی سیاسی و مەدەنی رۆژهەڵاتی کوردستان

٦

بۆچی فیدرالیزم؟

١٠

سیمای ژن لە تلویزیۆنی کۆماری ئیسلامی دا



دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com

ژمارە: ٤٩٢

پێنج شەممە ٣١ی گەلاوێژی ١٣٨٧ ـ ٢١ی ئاگوستی ٢٠٠٨ـ ١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان


### عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە رێوڕەسمی پرسەی شەهیدانی ٢٣ی گەلاوێژدا

# کەس بۆی نیە تێکۆشەرانی دێموکرات لەسەر چوونەوە نێو خەڵک لۆمە بکا


• شەهیدان: قادر نەزمی، هەمزە عەبدوڵڵایی (سارتکەیی) و قادر قادری

## لە کوردستان و دەرەوەی وڵات یادی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرز راگیرا

٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ ٦٣ ساڵ بەسەر دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا تێپەڕ دبێ، بەم بۆنەیەوە ئەندامان و لایەنگرانی ئەم حیزبە لە بنکەکانی حیزب لە باشووری کوردستان، لە نێو خۆی وڵات و لە وڵاتانی دەرەوە، بە شێوازی جۆراوجۆر وەك پێکهێنانی رێورەسم و کاری تەبلیغی یادی دامەزرانی حیزبیان بەرز راگرتەوە. ٢

دوابەدوای شەهید کرانی سێ تێکۆشەری حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ناوەکانی هەمزە عەبدوڵڵاهی (سارتکەیی)، قادر نەزمی و قادر قادری لە بۆسەی بە کرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی سەردەشت، بەم بۆنەیەوە رێکەوتی ٢٦ی گەلاوێژ رێوڕەسمێکی پرسەو سەرەخۆشی لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزب پێك هات. لەم رێوڕەسمەدا نوێنەرانی حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، سەدان کەس لە کەسایەتییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی باشووری کوردستان و ئەندامانی رێبەرایەتیی حیزب و سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب و بنەماڵەکانیان و سەدان کەس لە ئەندامانی حیزب لە باشووری کوردستان بەشدار بوون.

لە سەرەتای ئەم رێوڕەسمەدا مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە سیمای ناسراوی نێو بزووتنەوەی کورد وتارێکی پڕ نێوەرۆکی پێشکەش کرد. ٢

(دەقی قسەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە لاپەڕەی ٥دا بخوێنەوە)

## دیداری شاندی دەفتەری سیاسی لە حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان



لە دوو حەوتووی رابردوودا دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ زۆربەی حیزب و ریکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کۆبووەوە. بۆ ئەم مەبەستە شاندێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بە سەرۆکایەتیی بەرێز حەسەن رەستگار بەرپرسی کۆمیسیۆنی پیوەندییە کوردستانییەکانی حیزب لەکەڵ زۆربەی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کۆبووەوە. ئەو ریزە سەردان و دانیشتنانەی دەفتەری سیاسیی حیزب بە مەبەستی گۆرینەوەی بیرورا لە سەرچۆنیەتی هاوکاری و هاوخەباتیی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها وەڵامدانەوە بە ویستی یەکیەتیخوازانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەرێوەچوون .

بەپێی هەواڵەکان شاندی دەفتەری سیاسیی حیزب چوارشەممە ١٦ ی گەلاویژ میوانداریی شاندێکی کۆمەڵە. ریکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیسی ئێرانی بە سەرۆکایەتیی بەرێز ئیبراهیم عەلیزادە کرد. هەیئەتی دەفتەری سیاسیی حدك سێ رۆژ دواتر واتە شەممە ١٩ی گەلاویژ سەردانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانی کردو لەگەڵ هەیئەتێکی رێبەریی ئەو رێکخراوە بە سەرپەرستیی بەرێز بابەشێخ حوسێنی سکرتێری گشتیی ئەو ریکخراوە کۆبووەوە. پێویستە بگوترێ لەو کۆبوونەوەیەدا بەرێز شێخ جەلالەدین حوسێنی کەسایەتیی سیاسی و ئاینی بەشدار بوو .

هەروەها رۆژی ٢٣ی گەلاویژ هەیئەتی دەفتەری سیاسی سەردانی بارەگای ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی کردو لەلایەن هەیئەتێکەوە بەسەرۆکایەتیی بەرێز عومەر ئیلخانی زادە پێشوازیی لێ کرا. لەلایەکی دیکەوە هەیئەتی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ٢٧ی گەلاویژ سەردانی بارەگایی ناوەندیی پارتی ئازادیی کوردستانی لە هەولێر کرد و لەگەڵ هەیئەتێکی پارتی ئازادی بە سەرۆکایەتیی بەرێز حوسێن یەزدانپەنا جێگری سەرۆکی ئەو حیزبە کۆبۆوە.

پێویستە بگوترێ لە سەرجەم ئەم دیدار و دانیشتنانە دا یەکیەتی و تەبایی و هاوکاریی بەکردەوەی حیزب و ریکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە مەرجی پێویست بۆ بزووتنەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان زانانرا و لەسەر هەوڵەکانیان تا دروستبوونی یەکیەتی و هاوکاریی بەردەوام پێداگیرایەوە .

## سەردانی چەند کەسایەتییەکی سیاسیو ئاکادیمی کورد لە دەفتەری سیاسیی حیزب

رێکەوتی ٢١ی گەلاویژ هەیئەتێك لە کەسایەتییە سیاسیو ئاکادیمییەکانی دۆستی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان دوکتور کرمانج گوندی، سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئەمریکا، دوکتور رێبوار فەتاح مامۆستای زانکۆو بەرپرسی ماڵپەڕی کوردیش میدیالە بریتانیا، مامۆستا عەبدولقادر محەمەد ئەمین خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی بارزانو کاك ئەحمەد سەفا رۆژنامەوان سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبیان کرد.

ئەو هەیئەتە لە لایەن بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەو هەیئەتێك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی پێکهاتوو لە بەڕێزان حەسەن رەستگار، مستەفا مەولوودیو حەسەن قادرزادەوە پێشوازییان لێ کرا.

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا کە زیاتر لە دوو کاتژمێری خایاند دوو لایەن باسێکی تێرو تەسەلیان لە سەر وەزعیەتی سیاسی کوردستانو ناوچەو چۆنیەتیی دۆستایەتیو هاوکاریو پێوەندیی نێوان حیزبەکان کرد.

## لاوێک کە لە تەمەنی ١٥ ساڵی دا تاوانی ئەنجام دابوو ئێعدام کرا


بەرزترین پلەکانی ئێعدام لە جیهان دا هەیەو ساڵی پێشوو ٣٧٧ کەسی ئێعدام کردوە.

رۆژی چوارشەممە ٣٠ گەلاویژ لاوێك کە لە تەمەنی ١٥ ساڵی دا تووشی کوشتن ببوو لە شاری ئیسفەهان ئێعدام کرا. رۆژنامەی "ئێعتماد" لەمبارەیەوە نووسیویەتی رەزا حیجازی کە تەمەنی گەشتبوە بیست ساڵان لە زیندانێك لە شاری ئیسفەهان لە دار درا.

گرووپەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ داوایان لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کردوە جێبەجێ کردنی سزای ئێعدام لەسەر ئەو تاوانبارانەی لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵیدا تووشی تاوان دەبن راگرێ.

لێبوردنی نێونەتەوەیی دەڵێ ئێران لە دوای چین یەکێك لە

## چالاکانی مەدەنییش رێژیم بۆ توندوتیژی هان دەدەن؟

عەولا بەهرامی

چالاکبوونەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەك پێوەندییە کوردستانی و دەرەکییەکان و هەڵسووڕانی سیاسیی تێکۆشەرانی لە نێو جەرگەی شارو ناوچەکانی کوردستاندا و ....، بەداخەوە بۆتە هۆی نیگەرانیی ئەوانەی خەونیان بە پووکانەوەی پرۆژەی کۆنگرەی چاردەی ئەم حیزبەوە دەدی. کۆنگرەیەك کە هەڵگری کۆمەڵێك دەسکەوتی نوێخوازانەو داهێنەرانە بوو و زۆر نۆرمی نوێی هێنایە نێو گۆڕەپانی کاری سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستانەوەو، تەنانەت سەرنجی رەخنەگرانی حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیشن بۆ لای خۆی راکێشا.

ئەم جۆرە کەسانە بە بێدەنگ مانەوەی ناچاریانە لە ئاست دەرکەوتنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گۆڕەپانی دیپلۆماسیی نێونەتەوەیی و پێوەندییە کوردستانییەکان دا، دەستیان کردوە بە رەخنەگرتن و بردنە ژێر پرسیاری هەڵسووڕانی تێکۆشەرانی ئەم حیزبە لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا و بە هەموو توانای توێکاری! و سەفسەتەکارانەی خۆیانەوە دەیانهەوێ خەسارەکانی ئەم چالاکبوونەوەیە بۆ "بزووتنەوەی مەدەنیی کوردستان" دەس نیشان بکەن. لەوە گەڕێین کە ئەم جۆرە کەسانە زۆربەی نزیك بە تەواویان لە روانگەی بەرژەوەندو لاگیرییە حیزبییەکانیانەوە دەیانهەوێ هەڵسووڕانەی تێکۆشەرانی حیزب بە زیانی "بزووتنەوەی مەدەنی"ی رۆژهەڵاتی کوردستان و هاندانی رێژیم بۆ توندوتیژی نواندن لێك بدەنەوە. بەڵام جێگای خۆیەتی لەم کەسانە بپرسین ئایا رێژیم لە ١٢ ـ ١٠ ساڵی رابردوودا کە هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵات نە چالاکی و نە ئامادەیی چەکدارانەیان لە رۆژهەلاتی کوردستان دا بووە، دەستی لە سەرکوتی "توندوتیژانە"ی خەڵکی کوردستان هەڵگرتوە؟ بۆ مەگەر ئەو ژمارە زۆرە لە چالاکانی سیاسی، مافی مرۆڤ و مافەکانی ژنان، رۆژنامەنووسان و مامۆستایانی قوتابخانەو خوێندکاران، چەکدارانە بەرەنگاری رێژیم بوونەتەوە کە نزیکەی دە کەسیان حوکمی لە سێدارەدرانیان بە سەر داسەپێنراوەو ئەوانی دیکەش جگە لەوەی لە دۆخێکی خراپ و پڕ لە ئازار و سووکایەتی دا بەند کراون یان زیندانی قورسیان بۆ براوەتەوە ئایا بە راستی ئەوانیش رێژیمیان بۆ توندوتیژی هان داوە؟

وادیارە لە روانگەی ئەو جۆرە کەسانەوە خەڵکی ناڕازی رێژیم بۆ توندوتیژی هاندەدەن بۆیە سەرکوتیان دەکا و رێژیم بیانووی کەوتبووە دەست بۆیە دوای مانگرتنە سەرانسەرییەکەی ٢٢ی پووشپەڕو دەستی کرد بە گرتنی بە کۆمەڵی لاوان لە زۆربەی شارەکانی کوردستان دا.

ئەگەر لە روانگەی بڕوابوون و گرینگیدان بە خەباتی هێمنانەشەوە بڕوانین حیزبی ئێمە نیشانی داوە بڕوای قووڵی بە خەباتی هێمنانەو جەماوەری هەیە. هەم لەم پێناوەداو هەم لە پێناوی هاوخەباتیی هێزەکانی رۆژهەڵات دا

٥

# چالاکیی تەبلیغی تێکۆشەرانی ڕێکخستنی نهێنی

## بە بۆنەی ٦٣ی ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان




تێکۆشەرانی ڕێکخستنی نهێنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ١٠ ڕۆژی ڕابردوودا بەبۆنەی ٢٥ ی گەلاوێژ ٦٣یەمین ساڵوەگەری دامەزرانی حیزبو هەروەها بەبۆنەی شەهیدبوونی سێ تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئێوارەی ڕۆژی ٢٣ی گەلاوێژ هەڵمەتێکی چالاکیی تەبلیغیان لە زۆربەی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بەڕێوە برد. ئەو چالاکییە تەبلیغیانە بەشێوەی هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستانو بڵاو کردنەوەی تراکتو فیلمو بڵاو کراوەکانی حیزبەکانی دیکە لەشارەکانی مهاباد، سنە، سەقز، سەردەشت، شنۆ، نەغەدە، کامیاران، قوروە، دێوڵان، کرماشان، ڕەبەت، مەریوان،و...و گوندەکانی دەوروبەریان بەڕێوەچووو لەلایەن خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان لە ئاستێکی بەربڵاودا پێشوازیان لێکرا. هەروەها خەڵك لە هەندێك لە شارو شارۆچکەکان لەو ڕۆژەدا بە لە بەرکردنی جلوبەرگی کوردیو بڵاو کردنەوەی شیرینی و ناردنی sms جێژنی ٢٥ی گەلاوێژیان لە یەکتر پیرۆزبایی دەکرد.

لەلایەکی دیکەوە تێکۆشەرانی ڕێکخستنی نهێنی حیزب لە کرماشان ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ بە بۆنەی ٢٩یەمین ساڵوەگەری هێرشی سەرتاسەری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستانو دەرکردنی فتوای جەهاد لە دژی خەڵکی کورد لەلایەن خومەینی‌یەوە لە هەندێك لە گەڕەکو شەقامەکانی شار بە ئاگردانی لاستیك و چالاکیی دیکە هێرشی ٣ دەیەی ڕابردووی ڕژێمی ئیسلامیان بۆ سەر خەڵکی تێکۆشەری کوردستان مەحکوم کرد.

یەکێك لە بەرپرسانی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندییەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "کوردستان" چالاکییەکانی دوو حەوتووی ڕابردووی تێکۆشەران و لایەنگرانی حیزب لە نێوخۆی وڵاتی بەرز نرخاند و وێرای دەست خۆشی لەو تێکۆشەرانە هیوای بەردەوامی لە تێکۆشانو خەبات بۆ بە ئاوات خواستن.

# دەسبەسەر کردنی چالاکانی مەدەنیی کورد ڕۆژبەڕۆژ پەرە دەستێنێ

دەسبەسەر کرانی چالاکانی مەدەنی و سیاسیی کورد هەروا بەردەوامەو ڕۆژبەڕۆژ پەرە دەستێنێ. مەسعوود کوردپوور ڕۆژنامە نووس و مامۆستای پەروەردە لە ماڵەکەی خۆی لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە دەسبەسەرو ڕەوانەی بەندیخانە کرا. بەپێی دوایین زانیارییەکان، ناوبراو لەژێر ئەشکەنجە دایەو لەلایەن بەرپرسانی زنیدانەوە بێحورمەتی‌و سووکایەتیی پێدەکرێ. ناوبراو بە تۆمەتی هاندانی مامۆستایان بۆنەچوونە سەر کلاسی وانە وتنەوەو وتووێژ لەگەڵ میدیا دەرەکییەکان دەسبەسەر کراوە.

هەر لەو ماوەیەدا لە شاری بۆکان دەیان کەس دەسبەسەر کراون. سەعدوون خزرپوور، سەلاح خزرپوور، مەنسوور خزرپوور، حەسەن خزرپوورو محەممەد بەنایە کە چوار کەسیان لە یەك بنەماڵەو خەڵکی ئاوایی گۆلی مەرزینگ لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کراون. بەپێی هەواڵی ئاژانسی هەواڵدەری موکریان بەرپرسانی حکوومەتی تا ئێستا سەبارەت بە هۆکاری دەسبەسەرکانی ئەو ٥ کەسە هیچ زانیارییەکیان نەداوە. لەلایەکی دیکەوە هەر لەو ماوەیەدا چەند چالاکیی دیکەی ئەو شارە بەناوەکانی فەرزاد حەسەن میرزایی، سەلام محەممەد کەریمی، ئەرسەلان شەریفی، ڕەسووڵ هەیکەلی، ئەمیر ڕەمەزانی (شاعیر و نووسەر) مەسعوود موحیبی، ئیبراهیم بایەزیدزادە، عەلی بایەزیدزادە و تەها سەعد دەسبەسەر کراون.

لە شاری دێوڵانیش دوابەدوای کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیی لە بەردەم دادگوستەری شاری سنە سەبارەت بە سەپاندنی حوکمی ئێعدام بەسەر ئەنوەر حەسەن پەناهی و ئەرسەلان ئەولیایی، دوو کەس لە دانیشتوانی گوندی قوریچی بەناوەکانی مەسعوود حوسێن پەناهی، فەردین حوسێن پەناهی دەسبەسەر کران و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران هەروەها هێزەکانی ئیتلاعات ڕۆژێك دواتر کەسێکی دیکە دانیشتووی گوندی قوڕیچا بەناوی شەمسەدین پەناهی بە تۆمەتی ڕێکخستنی کۆبوونەوەکە دەسبەسەر کرد کە تا ئێستا هیچ زانیارییەك سەبارەت بە چارەنووسی ئەو سێ کەسە لەبەر دەست دانییە.

لە شاری سەقزیش نزیك بە ١٠ کەس لەلاوانی ئەو شارە لە ماوەی ڕۆژی ڕابردوودا دەسبەسەر کراون و هەڕەشەی دەسبەسەر کردن لە چەند کەسی دیکەش کراوە. فەخری لوتفی یەکێك لە دەسبەسەر کراوەکانە کە هەنووکە ڕاگوازراوەتە بەندیخانەی بانەو لەژێر ئەشکەنجەی توند دایە. دەوترێ نینۆکی دەست و لاقیان دەرهێناوەو ئێستا لە دۆخێکی نالەباری جەستەیی و ڕۆحی دا دەژی.

هەروەها هەر لەو ماوەیەدا مامۆستای ئایینی گوندی "داراب"ی ناوچەی دالاهۆ دەسبەسەر و ڕەوانەی بەندیخانەی هەمەدان کراو بەرپرسانی حکوومەتیش هۆکاری دەسبەسەر کرانی ناوبراویان تا ئێستا ئاشکرا نەکردووە. جێی وەبیرهێنانەوەیە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە مەبەستی دەسبەسەر کردنی ناوبراو هەڵیانکوتایە سەر گوندی داراب کە بوو بەهۆی پێکدادانی خەڵك و ئەو هێزانەو لە ئاکام دا چەندین کەس دەسبەسەر کران.

لە مهابادیش هاووڵاتێکی دانیشتووی ئەو شارە بەناوی بەهمەن چاووشی بە تاوانی سیاسی دەسبەسەر دەکرێ، ناوبراو بە تۆمەتی بەشداری کردن لە ناڕەزایەتیی ٢٢ی پووشپەڕو کارکردن بۆ حیزبێکی سیاسی دراوەتە پاڵ، بەڵام دایکی ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە کوڕەکەی چالاکیی سیاسی کردبێ‌و دەڵێ: چەند ڕۆژ لەمەوبەر بەهمەن لەگەڵ یەکێك لە دراوسێکانی کە هاوکاری ئیتلاعات دەکا تووشی کێشەی شەخسی دەبێ و ئەو هاوکارەی ئیتلاعات هەڕەشەی لێکردوە کە تۆمەتێکی سیاسی دەداتە پاڵ.هەر لە درێژەی دەسبەسەر کرانەکان و فشارهێنان بۆ سەر چالاکانی مەدەنی، عەلی شاکری خوێندکاری زانستە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی پەیام نووری سنە،

چالاکی مەدەنی و ئەندامی ئەنجومەنی لەیلاخی دێوڵان دەسبەسەر و بە دوو ساڵ و ٦ مانگ زیندان مەحکووم کرا. لەلایەکی دیکەوە هێزەکانی سوپای پاسداران لە نێوان گوندەکانی تالاوو حاجی‌سەنی ناوچەی شاماتی مەهاباد تەقە لە "خدر ڕەسووڵ مرۆن خوێندکاری ویژەی زانکۆی ورمێ و هاووڵاتییەکی دیکە بەناوی سالار یارە دەکەن و بە توندی هەردووکیان بریندار دەکەن. هێزەکانی سوپا ئەو دوو کەسە نابەنە نەخۆشخانە ڕەوانەی شوێنێکی نادیاریان دەکەن. خدر ڕەسووڵ مرۆن لە مامۆستاکانی دامەزراوەی سۆمایە کە دامەزراوەیەکی یاسایی فێرکردنی زمانی کوردی بووەو ئێستا لەلایەن ڕێژیمەوە داخراوە.

درێژەی

# ڕێوڕەسمی ٦٣ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان..



لە باشووری کوردستان سەر لە ئێوارەی ٢٤ی گەلاوێژ ڕێوڕەسمێکی بە شکۆ بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەری و سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە بنکەی دفتەری سیاسی بەڕێوەچوو.

سەرەتا ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێکرد. پاشان هاوڕێ حەسەن قادرزادە ئەندامی دەفتەری سیاسی، پەیامی دەفتەری سیاسی بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد. کاك حەسەن قادرزادە دامەزراندنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی بە دەستی بە توانای قازی محەمەد وەك نوختە گۆڕانێکی گرینگ و مێژوویی لەو سەردەمە دا پێناسە کرد و وتی: دامەزراندنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان نوختە گۆڕانێکی گرینگ و مێژوویی لەو سەردەمەدا بووە چونکە یەکەم حیزبی کوردیی مودێرن بوو کە بۆ ڕێبەری کردنی خەباتی سیاسی، نەتەوایەتی گەلی کورد لەم بەشەی کوردستان دا پێك هات.

کاك حەسەن لە پەیامەکەی دەفتەری سیاسی دا وێڕای ئاماژە کردن بە خەباتی سێ دەیەی ڕابردووی حیزبی دیمۆکرات لە بەرانبەر هێرشی کۆماری ئیسلامی، لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ ی‌دا وەبیر هێنایەوە کە لەو ڕۆژەدا خومەینی ڕێبەر و دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی فتوای جیهادی لە دژی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند و شەڕێکی داسەپاوی ٣٠ ساڵەیان بە سەر گەلی کورد دا داسەپاند.

لە ڕێوڕسمی ئەو ساڵ دا خەم و ماتەمی شەهید بوونی ٣ی ڕۆڵەی بەوەجی دیمۆکرات ببووە هەوێنی هەرچی باشتر بیرکردنەوەی بیرەوەریی دامەزرانی حێزبێك کە شەهیدان هەمزە سارتکەیی، قادر نەزمی و قادر قادری لە داوێنی خۆی پەروەردە کردوە. بزە و شادیی جارانی ڕێوڕەسمی ٢٥ی گەلاوێژ جێگەی خۆی دابوو بە عەزم و ئیرادەی سووربوون لە سەر ڕێبازی شەهیدەکان. لەم ڕێوڕەسمە دا ئەگەرچی جێگەی کۆمەڵێك لە باشترین تێکۆشەرانی حیزب خاڵی بوو، بەڵام خەمی لە دەستچوونیان ببووە هەوێنی پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازە پڕ لە شانازییەکەیان.

لە ڕێوڕەسمی ٦٣یەمین ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دا، هونەرمەندی بە ناوبانگ محەمەد جەزا بە سروود و گۆرانییە نیشتمانی و شۆڕشگێڕانەکانی ئاوپڕشێنی هەست و ئیرادە و باوەڕی خەباتگێڕانەی ڕۆڵەکانی دیمۆکراتی کردەوە.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکە دا شاعیری بە هەست مامۆستا سوارە قەلادزەیی شێعرێکی خۆی بەم بۆنە پیرۆزەوە خوێندەوە. دواتر هونەرمەندانی کۆڕی هونەریی حیزب دوو سروودی تایبەت بە بیری ٢٥ی گەلاوێژ، ڕۆژی دامەزرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانیان پێشکەش کرد.

( دەقی پەیامی دەفتەری سیاسی لە لاپەڕەی ٣دا بخوێنەوە.)

# پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا گیانی لە دەست دا



پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ناوی سمکۆ عەباس تاهیر خەڵکی شاری مهاباد لە ڕووداوێکی دڵتەزێنی هاتووچۆدا گیانی لە دەست دا. سمکۆ عەباس تاهیر پێشمەرگەی حدك شەوی ٢١ی گەلاوێژ لە شاری کۆیەی باشووری کوردستان لە ڕووداوێکی هاتووچۆدا بە سەختی بریندار دەبێ‌و پاش چەند ڕۆژ بەربەرەکانێ لە گەڵ مەرگ پاش نیوەڕۆی ٢٤ی گەلاوێژ لە نەخۆشخانەیەك لە شاری هەولێر بە داخەوە کۆچی دوایی کردو بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە حیزبەکەی‌و هاوسەنگەرانی کرد.

سمکۆ عەباس تاهیر کوڕی سەید حەسەن ڕۆژی ٧ی ڕێبەندانی ١٣٦٣ لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی شاری مهاباد لە گەڕەکی ئەسحابە سپی لە دایك بووەو خوێندنی تا پۆلی یەکی دوا ناوەندی درێژە پێداو دواتر لە ساڵی ١٣٨٥ دێتە نێو ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە.

"کوردستان" بە بۆنەی گیان لەدەست دانی هاوڕێ سمکۆ عەباس تاهیر سەرەخۆشی لە بنەماڵە سەربەرزەکەی‌و کەس‌و کاری‌و هاوسەنگەرانی دەکا.

# مامۆستا ئەیوب گەنجی داوای لێبوردن لە خامنەیی ناکا



ئەیوب گەنجی مامۆستای ئایینی لاوو دەسبەسەرکراوی سنەیی ئامادە نیە لە پێناو ئازاد بوونی‌دا داوای لێبوردن لە خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بکات.

بە پێی ئەو زانیارییانەی دەست "کوردستان" کەوتوون، کاربەدەستانی ئیدارەی ئیتلاعات داوایان لە مامۆستا گەنجی کردووە، بۆ ئەوەی ئازاد بکرێ داوای لێبوردن لە خامنەیی بکات، بەڵام ناوبراو ئامادە نەبووە ئەو داوایەی کاربەدەستانی ئیتلاعات قەبووڵ بکات.

جێی وەبیرهێنانەوەیە مامۆستا گەنجی زستانی ڕابردوو بە هۆی هەڵوێستە نیشتمانییەکانی لە لایەن مەئموورانی ئیتلاعاتی سنەوە ڕفێندراو حەوتوویەك دواتر پاش ناڕەزایەتی خەڵك بە بێهۆشکراوی لە کاتێك دا کە هەموو لەشی ئاسەواری ئەشکەنجەی پێوە دیار بوو، لە نزیك ماڵەکەی خۆی فڕێ درابوو. ناوبراو بەهاری ئەوساڵ بۆ جاری دووهەم دەسبەسەر کرا.

# لاوێکی دێموکرات لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا گیانی لە دەست دا



لاوێکی دێموکرات بە ناوی ئارەش کویك ڕۆژی ٢٤ی گەلاوێژ لە ڕووداوێکی دڵتەزێنی هاتووچۆدا گیانی لە دەست دا. ئارەش کویك کوڕی حەیدەر ساڵی ١٣٧٠ لە شاری کامیاران لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕو نیشتمان پەروەر لە دایك بوو. ناوبراو ساڵی ١٣٨١ بە هۆی ئاشکرا بوونی چالاکییە سیاسییەکانی باوکی کە نزیك بە دوو دەیە بوو ئەندامی ڕێکخستنی نهێنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، لە گەڵ بنەماڵەکەی کۆچ دەکەنە باشووری کوردستانو لە کەمپەکانی حیزب دەگیرسێنەوە. ئارەش سەرەتا دەبێتە ئەندامی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو دواتر ساڵی ١٣٨٧ دەبێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

ماڵپەڕی" کوردستان " بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە تێکۆشەرەکەی‌و کەس‌و کارو هەموو لاوانی دێموکرات دەکا.

# حەبیب لەتیفی بە ئێعدام مەحکووم کرا



بە پێی هەواڵی زرێبارپرێس حەبیب لەتیفی خوێندکاری بەندکراوی کورد لەلایەن دادگای شۆڕشی کوماری ئیسلامییەوە بە ئێعدام مەحکووم کرا. بە پێی ئەو هەواڵەکە حوکمی ئێعدامی لەتیفی بە نێعمەت ئەحمەدی پارێزەری ناوبراو ڕاگەیەندراوە.

شایانی باسە ئێستا ٧ چالاکی مەدەنی دیکەی کورد بە ناوەکانی عەدنان حەسەن پوور، هیوا بوتیمار، فەرزاد کەمانگەر، فەرهاد وەکیلی، عەلی حەیدەریان، ئەنوەر حوسێن پەناهی‌و ئەرسەلان ئەولیایی لە چاوەڕوانی بەڕێوە چوونی حەکمی ئێعدام دا بە سەر دەبەن.

# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# بە بۆنەی شەستوسێیەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبەوە

(لە ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە یادی دامەزرانی حیزب، لەلایەن کاک حەسەن قادرزادە ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە پێشکەش کراوە)

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**
**خەڵکی خەباتگێڕ و خۆڕاگری کوردستان!**
**کادرو پێشمەرگە تێکۆشەرەکان، ئەندامان و لایەنگرانی دڵسۆزی حیزب!**

٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ ٦٣ ساڵ بەسەر دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا تێپەڕ دەبێ، ئەم حیزبە لە کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی و لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٩٤٥ی زایینی) لە سەردەمێکدا پێی نایە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و نەتەوایەتی کە هێشتا دووکەڵی باڕووت و بۆنی خوێنی شەڕی دووەمی جیهانی نەڕەوییبۆوە و دونیا تازە لەو شەڕە گەورە وماڵوێرانکەرە رزگاری ببوو.

لە دەسپێکی شەڕی دووەمی جیهانیدا، ئێران لە لایەن سێ‌هێزی دەرەکی واتە ئەمریکا، بریتانیا و یەکیەتیی شووڕەوی‌یەوە داگیرکرا و هێزەکانی ئێران تەسلیم بوون، ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی کە لە بەشێکی کوردستاندا بۆشایی دەسەڵات دروست ببێ. ڕۆڵە وشیار و ئازادیخوازەکانی کورد لەو دەرفەتە کەڵکیان وەرگرت و لەسەر بناخەی کۆمەڵەی ژ ـ کاف حیزبی دیموکراتی کوردستانیان وەك وەڵامدانەوەیەك بە هەل و مەرجی ئاڵۆزی ئەو کات دامەزراند و کەسایەتیی ڕووناکبیر و دیار و ناسراوی شاری مەهاباد قازی محەممەد بە پێشەوای حیزب هەڵبژێردرا.

دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان نوختە گۆڕانێکی گرینگ و مێژوویی لەو سەردەمدا بووە چونکە یەکەم حیزبی کوردیی مۆدێرن بوو کە بۆ ڕێبەری کردنی خەباتی سیاسی و نەتەوایەتی گەلی کورد لەم بەشەی کوردستاندا پێك دەهات.

حیزبی دیموکراتی کوردستان زۆر زوو بوو بە جێگای متمانە و بڕوای خەڵك و پشتیوانیی زۆری ئەوانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، زۆری نەخایاند کە حەوزەی فەعالییەت و تێکۆشانی حیزب لە ناوچەی مەهابادەوە بۆ زۆر شار و ناوچەی دیکە پەل و پۆی هاویشت و گەشەی کرد.

لەو کاتەدا دەسەڵاتی پاشایەتی لەو بەشەی کوردستان لەوپەڕی لاوازی‌دا بوو، لە ماوەیەکی کورتدا ئاسەوارێك لە بنکە و دامەزراوەکانی ڕێژیم نەما، کەش و هەوای سیاسی و ئازادی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا، خەڵك هەستی بە سەربەستی دەکرد، سەرئەنجام ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە کۆبوونەوەیەکی بەرین و جەماوەری‌دا کە نوێنەرانی خەڵك لەو بەشە و لە پارچەکانی دیکەی کوردستان تێیدا بەشدار بوون، حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەد کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند و هەر لەو کۆبوونەوەیەدا پێشەوا بە سەرکۆماریی کوردستان هەڵبژێرا.

لەو کاتەوە تا ئێستا حیزبی دیموکراتی کوردستان وەك حیزبێکی خەباتگێڕ و پێشکەوتنخواز و بەرپرس لە ئاست پرسی نەتەوەیی و چارەنووسی گەلەکەی، لە هیچ فیداکاری و گیانبازییەك دریغی نەکردوە و لە هەر دوو قۆناغی دەسەڵاتداریی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی‌دا لە دژی زۆرداری و ملهوڕی و لە پێناوی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان‌دا خەباتی کردوە و بەرەوپێش چووە و لەم ڕێگایەدا تووشی زۆر هەوراز و نشێو بووە و ڕووبەڕووی زۆر کارەسات بۆتەوە، حیزبی دیموکرات لە تێکشکانەکان‌دا نائومێد و لە سەرکەوتنەکان‌دا لە خۆ بایی نەبووە. لەو ڕێبازەدا هەزاران کەس لە باشترین ڕۆڵەکانی گیانیان بەخت کردوە، کە لە ڕیزی پێشەوەیان‌دا ڕێبەرانی شەهید پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی دیارن.

کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنیەوە، بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان و مافە ڕەواکانی هەڵوێستێکی دوژمنانە و شەڕخوازانەی گرتۆتەبەر، داخوازەکانی خەڵکی بە هێرشی نیزامی و شەڕ و کوشتار وەڵام داوەتەوە، ٢٩ ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی‌دا، خومەینی ڕێبەر و بنیاتنەری کۆماری ئیسلامی فتوای جیهادی لەدژی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند، کوشتن و تالانی خەڵك و وێران کردنی کوردستانی بۆ بەکرێگیراوەکانی حەڵاڵ کرد. ئەمە بوو بە سەرەتای شەڕێکی نەخوازراو و داسەپاو بەسەر خەڵکی کوردستان‌دا. هێزە دژی گەلی و سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی زۆر دڕندانە و نامرۆڤانە بەربوونە گیان و ماڵی خەڵك و بە کەڵك وەرگرتن لە هەموو ئیمکاناتی شەڕ لە ڕێگای هەوا و زەوی‌یەوە هێرشیان کردە سەر کوردستان، لە درێژەی ئەو شەڕە داسەپاوەدا هەزاران کەس لە ژن و منداڵ و پیر و گەنج بوونە قوربانیی سیاسەتی شەڕخوازانەی کۆماری ئیسلامی، کوردستان بە تەواوی میلیتاریزە کرا و لە بواری ئابووری‌دا گەمارۆ درا، گرتن و ئازاری ئازادیخوازان، ئێعدامی بە کۆمەڵی لاوان دەستی پێکرد. ئەم شەڕە ئێستاش لە شێوازی جۆراوجۆردا هەر بەردەوامە.

**بەشدارانی بەڕێز!**

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە قۆناغێکی زۆر ئاڵۆز و ئاستەم‌دا تێپەڕ دەبێ. کۆمەڵێك کێشە و پرسی گرینگ بە چارەسەر نەکراوی ماونەوە، سەرچاوەی زۆربەی ئەم شەڕ و ململانێیانە بریتی‌یە لە، نەبوونی دیموکراسی و ئازادی، چارەسەر نەبوونی کێشەی نەتەوایەتی، لەبەرچاو نەگرتنی مافی مرۆڤ ، زوڵم و زۆر دەرحەق بە ژنان، بوونی جیاوازیی جینسی و ڕەگەزی، هەژاری و کەم داهاتی بەجۆرێك کە بەشێکی زۆری دانیشتوانی ئەم ناوچەیە لە ژێر خەتی فەقردا دەژین و تەنانەت ئێستاش خەڵك لە برسان دەمرن. ئەم ناوچەیە کە بە سامانێکی زۆری ژێر زەوی دەوڵەمەندە، بەڵام دابەشکردنی نادادپەروەرانەی داهاتی ئەو سامانە گشتی‌یە بۆتە هۆی مەودایەکی زۆر لە نێوان فەقیری و دەوڵەمەندی‌دا.

تێکۆشانی ڕێکخراو و گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان کە زۆربەیان لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە هاوکاری و پشتیوانیی ماڵی و نیزامی دەکرێن، سەرچاوەی کێشە و دووبەرەکیی مەزهەبی و پەرەپێدانی تیرۆر و ئاژاوەن، کۆماری ئیسلامی نەخشی سەرەکیی لە ڕێبەری کردنی تیرۆر و توندوتیژی و دەست تێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکەدا هەیە، ئەمانەش بوونە هەڕەشە لەسەر ئاسایش و ئارامیی ناوچەکە.

هەوڵ و تەقەلای کۆماری ئیسلامی بۆ وەدەست هێنانی چەکی ئەتۆمی و هەروا پێداگری لەسەر پیتاندنی ئۆرانیۆم، کێشەی گەورە و ئاڵۆزی نێوان وڵاتانی گرووپی ١+٥ و، ئەنجومەنی ئاسایش و یەکیەتیی ئورووپایە، ئەوان تێدەکۆشن پێش بە درێژەدانی ئەم کارەی ڕێژیم بگرن، ئاخرین هەوڵی ئەم لایەنانە ناردنی بەستەی پێشنیاری بۆ وەستاندنی بەرنامە و پرۆژە ئەتۆمییەکانی ڕێژیمە، پاش تێپەڕینی ماوەی دیاریکراو، ڕێژیم بە بێ گوێدان بە داوا و پێشنیارەکانیان هەروا درێژە بە کار و پرۆگرامەکانی دەدا. نەبوونی وەڵامێکی ئەرێنی بەم پێشنیارانە و مانەوەی ئەم کێشەیە بەم جۆرە بۆتە مایەی نیگەرانی و نارەزایەتیی بیروڕای گشتی و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی. چاوەڕوان دەکرێ هەڵوێستی ئەنجومەنی ئاسایش و وڵاتانی ڕۆژئاوایی سزایەکی توندتر لەوانەی پێشوو بەسەر ئێراندا بسەپێنن و تەنانەت بەکارهێنانی هێزیش بەدوور نازانرێ.



سەرەڕای ئەوانەش کۆمەڵێك کێشەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی ئێرانی ڕووبەڕووی بوحرانێکی قووڵ کردۆتەوە کە چارەسەریی لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا نیە.

ڕێژیمی ئێران پاش سێ دەیە دەسەڵاتداری‌یەتی هەروا لەسەر درێژەدانی سیاسەتە دژی گەلی و نادیموکراتیکەکانی بەردەوامە، ئێران بۆتە زیندانێکی گەورە و سەرانسەری، ئاسەوارێك لە دیموکراسی و ئازادی نیە، مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکرێن، سەرکوت و توندوتیژی بەرامبەر بە چالاکوانانی مافی مرۆڤ ، ڕووناکبیران، هەڵسووڕاوانی بواری مافەکانی ژنان و نەتەوە بن دەستەکان بەڕێوەدەچێ. پەرەستاندنی بێکاری، هەژاری، فەساد و ماددە سڕکەرەکان بەرۆکی خەڵکی ئازادیخواز و بەش مەینەتی ئێرانیان گرتوە.

لەگەڵ ئەو هەموو دەرد و نەهامەتی و بێ‌بەشییانەدا کە ڕووبەڕووی گەلان و چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئێران بۆتەوە، خەبات و تێکۆشانی ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنی و خوێندکارییەکان دژی ستەم و سەرەڕۆیی درێژەی هەیە. خەباتی مەدەنی و ئاشتیخوازانەی کۆمەڵانی خەڵك بە شێوەیەکی هێمنانە و شارستانییانە لە حاڵی شکڵگرتن و پەرەستاندن‌دایە، هاوتەریب لەگەڵ ئەویش‌دا قووڵبوونەوەی هاوپێوەندی و هاوخەباتی و بەهێز بوونی هەستی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساڵ بە ساڵ زیاتر خۆی دەنوێنێ. ئەمەش گۆڕانێکی گرینگ و هیوابەخشە. حیزبی دیموکراتی کوردستان زۆر لەمێژە تێدەکۆشێ بە لێك گرێدانی خەباتی مەدەنی و سیاسی و شێوەکانی دیکەی خەبات بۆ بە جەماوەری کردنی خەبات لە کوردستان‌دا کە زۆربەی زۆری چین و توێژەکان بەشدارییەکی بەرین و بەربڵاو و لێبڕاوانەی تێدا دەکەن، گوڕو تینێکی زۆرتر بەو تێکۆشانە بدا.

ڕێژیم ترسێکی زۆری لە بزووتنەوەی جەماوەری و دەربڕینی بێزاری و نارەزایەتیی خەڵك هەیە، هەر بۆیەشە هەوڵ دەدات بە توندی سەرکوتی بکا و پێش بە پەرەستاندنی بگرێ، شەپۆلێکی دیکە لە گرتن و ئێعدامی چالاکانی مەدەنی، داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، مافی ژنان، خوێندکاران، کرێکاران و چین و توێژەکانی دیکە دەستی پێکردوە. لەو هەلومەرجە نالەبارەی ئێران‌دا ئەرکی هەموو لایەکە لە هەر ڕێگایەك و بە هەر شێوەیەك کە بۆیان دەکرێ ئەو کاروکردەوانەی کۆماری ئیسلامی مەحکووم بکەن و هەڵوێستی لە بەرامبەردا بگرن. خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران چاوەڕوانییان لە کۆڕ و کۆمەڵ و ناوەندە بەشەر دۆستەکان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ، ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردن، پەرلەمانی ئورووپا و بیروڕای گشتیی جیهانی هەیە پشتیوانی لە ماف و داخوازییەکانیان بکەن، هەروەها هەنگاوی جیددی و بەپەلە بۆ لەقاودان و پێشگرتن بەو هەموو جینایەت و تاوانانەی ڕێژیم دەرهەق بە ئازادیخوازان هەڵێننەوە و هەوڵبدەن پێش بە بەڕێوەچوونی حوکمی ئێعدامی چالاکانی مەدەنی و ڕۆژنامەنووسان و ڕووناکبیران بگرن.

لە هەل و مەرجی ئێستادا ئێران لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوە بەرەوڕووی گوشارێکی زۆر بۆتەوە، کۆمەڵانی خەڵك لە دەسەڵاتی ئاخوندەکان بێزارن، هەر بۆیە سیاسەت و هەڵوێستەکانی ڕێژیمیان لە تەواوەتیی خۆی‌دا ڕەت کردۆتەوە، ڕێژیم پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بە تەواوی لاواز بووە، خەبات بۆ نەمانی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی لەئارادایە، لە ئاستی دەرەوەدا، ڕێژیم بە کارو کردەوەکانی و سەرپێچی و خۆدزینەوەی لە داوا و پێشنیارەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆتە مایەی نیگەرانیی دنیا، بۆیە بێدەنگی لە ئاست سەرەڕۆیی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی دەبێتە هۆی مەترسی و دروست بوونی کێشە گەلێك کە خەڵکی ئێران دەبێ باجەکەی بدات.

لەو قۆناغە ئاستەمەدا یەکگرتوویی و هاوپێوەندیی گەلانی ئێران و تەواوی چین و توێژەکان یەکێك لە ئەرکە بەپەلە و خێرایەکانی ئێستایە، هەروەها بوونی بەرنامەیەکی دیار و هاوبەش بۆ وەڕێخستن و ڕێبەری کردنی خەباتی هەمەلایەنە ئەرکی هێزە سەرانسەری و نیشتمانی‌یەکانی ئێران بە گشتی و هێزە ڕەسەنەکانی نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی زۆرلێکراو، لە پێشەوەی هەمووان هێزە کوردستانی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ئەویش بە دیاریکردنی پلاتفۆرمێکی هاوکاری بۆ لێك نزیك بوونەوە و لێك تێگەیشتن بۆ کاروتێکۆشانی بەکردەوە بە مەبەستی ڕووخانی ڕێژیم و هێنانە سەرکاری ڕێژیمێکی دیموکراتیك و فیدراڵی کە مافی هەموو نەتەوەکان و کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌یەکان لەبەر چاو بگرێ.

بۆ گەیشتن بەم ئامانج و مەبەستانە، بەشداری و موشارەکەتی تەواوی هێزە سیاسی‌یەکانی نێو بزووتنەوە، زەروورەتێکی ئەمڕۆیی‌یە، خۆبواردن و کەمتەرخەمی لەم ئەرکەدا، بەرپرسایەتیی مێژوویی دەخاتە سەر شانی لایەنەکان.

بۆ ڕێکخستن و هان دانی کۆمەڵانی خەڵك باشترین دەستپێك، یەکگرتوویی و یەك هەڵوێستی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی ئەوانە کە دەبێتە هۆی دڵگەرمی و پشتیوانی و یەکڕیزی و یەك دەنگی خەڵکی کوردستان. بوونی بەرنامەیەکی هاوبەش و دیاریکراو لە لایەن حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی ئۆپۆزیسیۆن و هاوپێوەندیی ئەوان لەگەڵ ڕێکخراوە مەدەنییەکان و هەڵسووڕاوانی نێوخۆیی وڵات دەبێتە هەوێنی یەکگرتوویی خەباتی سیاسی و جەماوەری خەڵکی کوردستان و سەرئەنجام پاشەکشە و مل ڕاکێشانی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر ویست و داخوازە ڕەواکانی خەڵك‌دا.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، بڕوای قووڵ و ڕاستەقینەی بە هاوکاری و لێك نزیك بوونەوەی هەموو هێزە سیاسییەکان بە تایبەتی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە و ئامادەیی تەواوی بۆ دیدار و دیالۆگ بۆ گەیشتن بە پلاتفۆرمێکی هاوبەش لە پێناو بەرژەوەندی نەتەوەیی هەیە و، تێدەکۆشێ بەستێنی هاوکاری بۆ پێکهێنانی هەر هاوپەیمانی یان ئێئتلافێك دوور لە هەژموونی و پاوانخوازی برەخسێنی کە نەبێتە هۆی کێشە و ناکۆکیی نێوان هێزەکان و لەو پێناوەشدا ئامادەیە دەست پێشخەری بکا. هاوکاری و پێوەندیی پتەوی نێوان هێزە سیاسییەکان و پشتیوانیی بەرینی خەڵك لەوان زامنی سەرکەوتنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمانە.

سڵاو لە دامەزرێنەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە سەرووی هەموویانەوە پێشەوا قازی محەممەد.

پیرۆز بێ ٢٥ی گەلاوێژ ٦٣یەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

سڵاو لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان.

سڵاو لە زیندانیە سیاسی‌یەکان و بنەماڵەکانیان کە بوونە ڕەمزی خۆڕاگری و بەرخۆدان.

سڵاو لە کەم ئەندامان و خەباتگێڕانی ڕێگای ڕزگاری.

بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**٢٥ی گەلاوێژی ١٣٨٧ی هەتاوی**
**١٥ی ئاگۆستی ٢٠٠٨ی زایینی**

**بەیاننامە**

## لە وڵامی کۆمەڵێك چالاکی سیاسی و مەدەنیی رۆژهەڵاتی کوردستان دا

# با رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ، بکەین بە رۆژی هاوپێوەندیو یەکیەتی لە نێو خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستاندا

**دوای ئەوەی کە کۆمەڵێك لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی بە بڵاوکردنەوەی بانگەوازێك داوایان لە حیزب و رێکخراوو کەسایەتییە فەرهەنگی و مرۆڤدۆستەکان کرد رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ بکەنە رۆژی هاوپێوەندی و یەکیەتیی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبڵاو کردنەوەی ئەم بەیاننامەیە پێشوازیی لەم بانگەوازە کرد.**

٢٩ ساڵ لەمەوبەر، رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئێران، لە رۆژی ٢٨ گەلاوێژدا شەڕێکی هەموولایەنەی لە دژی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسی‌یە خەباتگێڕەکانی کوردستان راگەیاند. خومەینی رێبەرو بنیاتنەری کۆماری ئیسلامیی ئێران فتوای جەهادی لە دژی گەلی کورد دەرکردو کوردستان بوو بە مەیدانی کوشت و بڕو قەلاچۆو وێرانکردن. شەڕی رێژیمی دیکتاتۆرو کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵکی کوردستان بەشێوەی جۆراوجۆر درێژەی هەیەو نەبڕاوەتەوە. لە سۆنگەی ئەم شەڕەوە بە دەیان هەزار لە دانیشتوانی بێ تاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان، گیانیان لە دەست داوە، بە دەیان هەزار کەسی دیکە بریندارو نەقوستان بوون و زیانی جیسمی و روحییان پێ گەیشتووە، ژمارەیەکی زۆر لە شارو گوندەکانی کوردستان خاپوور کراون. لە رەوتی لەشکرکێشی‌و بەکارهێنانی سیاسەتی شەلم، کوێرم، کەس نابوێرم"ی ئەو رێژیمەدا، بە سەدان هەزار کەس تووشی دەربەدەری‌و ئاوارەیی‌و زیندان و ئازارو ئەشکەنجەو تەنانەت ئیعدام بوون و سەرەتاییترین مافە ئینسانییەکانی خۆیان لێ‌زەوت کراوە.

سیاسەتی هێشتنەوەی خەڵکی کوردستان لە بن ستەمی نەتەوایەتی داو سەرکوتی خەبات و هەوڵدانی ئەو نەتەوەیە بۆ گەیشتن بە رزگاری‌و دێموکراسی‌و ژیانێکی شیاوی مرۆڤی ئەم سەردەمە لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆر دا هەر وا درێژەی هەیە. لە بەرانبەر دا، خەڵکی کوردستان و لە پێشەوەی ئەوانیش هێزو رێکخراوە سیاسی‌یە خەباتگێڕەکانی کوردستان بۆ ساتێك لە خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ ستەم و زۆرداری و چەوسانەوەو لەشکرکێشی‌و پەلاماری کۆماری ئیسلامی، نەوستاون و لە دانی هەرچەشنە قوربانیەك لە پێناوی مانەوەی خۆیان و داکۆکی لە نیشتمان و ویست و داخوازە رەواکانیان دریغیان نەکردوە. ئەو خەبات و بەربەرەکانییە بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوامە. ئەوە کە دەبینین هەر جارەی ژمارەیەکی دیکە لە رۆڵەکانی نەتەوەکەمان، لە سەنگەرە جیاوازەکانی بەرخۆدان و تێکۆشان دا، گیانیان لێ‌دەستێندرێ‌و، هەر رۆژەی پۆلێکی دیکە لە داواکارانی دێموکراسی‌و مافی مرۆڤ لە کوردستان رەوانەی ئەشکەنجەگاکان دەکرێن و حوکمی زاڵمانەیان بەسەر دا دەسەپێندرێ، باشترین بەڵگەی خۆراگری‌و بەردەوامیی گەلی کورد لەسەرو ئامانجی رزگاریی نەتەوەیی و ویست و داخوازە سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە بەرهەقەکانییەتی.

حیزبی دیموکراتی کوردستان پێشوازی وپشتیوانی لە بانگەوازی کۆمەڵێك چالاکی سیاسی و مەدەنیی رۆژهەلاتی کوردستان لە بەرەبەری ٢٨ی گەلاوێژ دا دەکا و، بەبۆنەی ٢٩ ساڵەی راگەیەندرانی شەڕ لە دژی خەڵکی کوردستان، وەك رێزنان لە نزیکەی ٣ دەیە قوربانیدانی نەتەوکەمان و وەك وڵامدانەوە بە چاوەڕوانی‌و ویستی پیرۆزی خەڵکەکەمان کە یەکیەتی، هاوکاری‌و هاوخەباتیی هێزو رێکخراوە سیاسی‌یە خەباتگێڕەکانیانە، یەکدەنگ رادەگەیەنێ :

١- شەڕو تاوان و سەرکوت لە دژی نەتەوەکەمان، مەحکووم دەکەین. نەك هەر لە ئاستی نێوخۆیی‌و دەرەوەدا، دەبێ هەوڵ بۆ وەستاندن و کۆتایی پێ‌هێنانی شەڕو سەرکوت لە دژی خەڵکی کوردستان بدرێ، دەبێ داڕێژەران، بەڕێوەبەران و عامیلانی کوشتارو وێرانی لە کوردستان، لێیان بکۆڵدرێتەوەو بدرێنە دەستی عەداڵەت.

٢ــ ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان و ویست و داخوازەکانیان، کە نزیکەی سێ دەیەیە خەباتی بۆ دەکەن و قوربانیی لە پێناویان دا دەدەن، رەواو بەحەقن. حەقی بێ ئەم لاوئەولای ئەوانە لە سەر نیشتمانی خۆیان بە ئازادی بژین و هەموو ئەو مافە سیاسی و نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئینسانیانەیان بۆ دابین بکرێ کە لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا بۆ هەر نەتەوەیەك و، هەر تاکێك بە رەسمی ناسراون.

٣ــ رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ کە رۆژی راگەیاندرانی شەڕ لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە لە دژی خەڵکی کوردستان، با ببێتە رۆژی هاوپێوەندیی سەرانسەریی لە نێوان خەڵکی کوردستان، با ئەم رۆژە ببێتە رۆژی ناگوتنەوەی یەکدەنگانەی خەڵکەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە کۆماری ئیسلامی و "سیاسەتی" شەڕو سەرکوت لەلایەن ئەو رێژیمەوە. داوا دەکەین خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە رۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ئەمساڵ و هەموو ساڵێك دا، بە حەرەکاتی مەدەنی، بێزاریی خۆیان لە کۆماری ئیسلامی و ، سووربوونیان لەسەر ئامانجە هاوبەشەکانی بزووتنەوەی دێموکراتیك و شۆڕشگێڕانەی کوردستان، پێشان بدەنەوە.

٤ــ لەئەندامانی حیزب، کوردەکان و ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات و رێکخراوو ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە سەرانسەری جیهان داوا دەکەین پشتیوانی لە حەرەکەتی مەدەنی و ئاشتیخوازانەی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ دا بکەن.

دەفتەری سیاسیی

حیزبی دیموکراتی کوردستان

١٣٨٧/٥/٢٦

٢٠٠٨/٨/١٦

---

درێژەی:

# را پۆرتی رێورەسمی پرسەی شەهیدانی ٢٣ی گەلاوێژ ....

مامۆستا حەسەن زادە وێڕای سەرەخۆشی لە خەڵکی کوردستان و ئەندامانی بنەماڵەو کەس و کارو هاوسەنگەرانی شەهیدانی تازەی گەلەکەمان سەبارەت بە چۆنیەتی شەهید بوونی شەهیدانی ٢٣ی گەلاوێژ ئاماژەی بە دوو هۆکار کردو وتی: زۆر جار دوو هۆکاری سەرەکی دەبنە هۆی شەهید بوونی تێکۆشەران و خەباتکارانی گەلی کورد کە شەهید بوونی ئەم جارەی ئەو هاوڕێیانەشمان پێوەندی بەو دوو هۆکارەوە هەیە، یەکەم خەیانەت و دووهەم بە کەم گرتنی هێزی دوژمن.

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە درێژەدا وتی هەندێك کەس دەپرسن کە ئەگەر ئەوانە بۆ شەڕی چەکداری نەچوونەتەوە، بۆ چەکیان پێ بووە، ئەوە وەکوو ئەوە وایە بەرخ بخەیتە بەر قەساب. کاتێك کۆماری ئیسلامی رەحم بە رۆژنامەنووسان و چالاکانی مەدەنی کورد ناکات و هەر ئێستا نزیك بە ١٠ کەس لە چالاکانی مەدەنی کورد چاوەڕێی بەڕێوە چوونی حوکمی ئێعدام دەکەن. چۆن دەکرێ ئەندامی حیزبی دیموکرات بچێتەوەو هیچ وەسیلەیەکی بۆ بەرگری کردن لە خۆی پێ نەبێ. لەمبارەیە هیچ کەسێك ناتوانێ حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرزەنش بکات.

دوابەدوای قسەکانی مامۆستا حەسەن زادە، کاك برایم زێوەیی ئەندامی کومیتەی ناوەندی و جێگری کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی ژیاننامەی هەر سێ شەهیدی رۆژی ٢٣ی گەلاوێژی خوێندەوە. پاشان نوێنەرانی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان پەیامی پرسەو سەرەخۆشی خۆیان خوێندەوە کە بریتی بوون لە:

ــ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

ــ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

ــ کۆمەڵە - رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

- سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

ــ یەکیەتی لاوانی دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان

ــ رێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستان

- رێکخراوی ئازادی لاوان - لقی کۆیە

هەروەها ژنە تێکۆشەری ناوداری کورد لە باکووری کوردستان لەیلا زاناو هاوسەرەکەی مەهدی زاناو سمکۆ یەزدانپەنا بە تەلەفوون پەیامی سەرەخۆشی خۆیان ئاراستەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان کرد.



دواتر رێورەسمی پرسەو سەرەخۆشی شەهیدانی ٢٣ی گەلاوێژ ژیان عەبدوڵڵاهی کچی شەهید هەمزە سارتکەیی لە لایەن بنەماڵەکەیەوە پەیامێکی پێشکەش کرد. خاتوو ژیان لە پەیامەکەی دا وێڕای سەپاس و پێزانین بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە هاوخەمیان لەگەڵیان دەربڕیوە، سەبارەت بە شەهید بوونی باوکی وتی: شەهید هەمزە تەنیا باوکی ئێمە نەبوو، ئەو کوڕی میللەتی کورد بووو بۆ ئازادی ئەو میللەتە تێدەکۆشا بۆیە من سەرەخۆشی لە هەموو میللەتی کورد دەکەم. دواتر ئەحمەد مەکڵاوەیی هاوڕێی دێرینی شەهید هەمزە سارتکەیی بە نوێنەرایەتی لە لایەن تێکۆشەرانی رێکخستنی نهێنی‌و ئاشکرای حیزب لە ناوچەی رەبەت پەیامێکی پێشکەش کرد، کە لەودا جەخت لە سەر درێژە دان بە رێگای پیرۆزی شەهیدان کرایەوە.

لە بەشێکی دیکەی رێورەسمەکەدا شاعیران مامۆستا بێبەش، ئەحمەد قادری و رەسووڵ سوڵتانی چەند پارچە شێعرو پەخشانیان بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد.

لە کۆتایی رێورەسمەکەدا بەڕێز مستەفا مەولوودی ئەندامی دەفتەری سیاسی بە ناوی دەفتەری سیاسییەوە سپاس‌و پێزانینی دەفتەری سیاسی بۆ هاوخەمی هەموو بەشداران‌و لایەنە سیاسییەکان دەربڕی.

شایانی باسە بە پێی ئەو راگەیەنراوانەی کومیسیۆنی سیاسیی نیزامیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڵاوی کردونەتەوە، رێکەوتی ٢٣ی گەلاوێژ ژمارەیەك لە تێکۆشەرانی حیزب کە لە ناوچەکانی رەبەت، سەردەشت، مەهابادو بۆکان خەریکی چالاکیی سیاسی و تەبلیغی بوون کەوتنە بۆسەی هێزە سەرکوتکەرو بەکرێگیراوەکانی رێژیمی ئیسلامی و بەداخەوە سێ کەس لەوان بە ناوەکانی کاك هەمزە عەبدوڵڵاهی (سارتکەیی)، فەرماندەو کادری بەوەج و ناسراوی حیزب لە ناوچەی سەردەشت، کاك قادر نەزمی و قادر قادری شەهید بوون.

لەم راگەیەنراوانەدا ئاماژە بەوە کراوە لە بەرەنگاریی تێکۆشەرانی دیموکرات لەگەڵ هێزەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی دا ژمارەیەك لە بەکرێگیراوانی رێژیم کوژراون و بریندار بوون و راگەیەنەکانی رێژیمیش دانیان بە کوژرانی بەکرێگیراوێکی کورد بە ناوی قادر باساوێ کردوە.

## عەبدوڵڵا حەسەن زادە:

# نابێ کەس رێگەی ئەوە بە خۆی بدا کە سەرزەنشی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی کوردی رۆژهەڵات بکا کە بۆ دەچنەوە نێو میللەتی خۆیان

میوانە بەڕێزەکان، نوێنەرانی حیزب و رێکخراوە سیاسی‌یەکان! شەخسیەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و هونەری و فەرهەنگی و ئیجتماعی‌یەکان!

هاورێیانی تێکۆشەری حیزبی دیموکرات و هاوسەنگەرانی سێ شەهیدی تازەی حیزبەکەمان، کاك هەمزە عەبدوڵڵاهی ناسراو بە هەمزە سارتکەیی، کاك قادر نەزمی و کاك قادر قادری، زۆر بەخێر بێن بۆ ئەو مەراسیمەو سوپاس بۆ هەموو هەنگاوەکانتان کە لە پێناوی هاوپێوندی دەگەڵ بنەماڵەی شەهیدەکان و هاودەردی دەگەڵ هاوسەنگەرانی ئەو شەهیدانەدا زەحمەتتان کێشاوەو هاتوونەتە ئێرە. بۆ ئێمە بە راستی حادیسەیەکی تاڵە کە لە ماوەیەکی کورت دا چەند جار کۆببینەوە، بۆ ئەوەی عەزیزانمان لە نێو خۆمان بەڕێ بکەین.

هەر دوێنێ و هەر لەم سالۆنەدا دانیشتبووین، لە دەوری یەك کۆببووینەوە بۆ ئەوەی هاودەردی دەگەڵ بنەماڵەو کەسوکاری دوو لاو لە بەرەبەری جوانی دا کە هەر دووکیان لە یەك رۆژدا تووشی رووداوی هاتوچۆ بوون و پاش ٦ رۆژان هەر دووکیان لە یەك رۆژدا کۆچی دواییان کرد. ئەمرۆش دانیشتووین بۆ ئەوەی یادو ناوو رێبازو رابردووی سێ شەهیدی رێگەی رزگاری بە زیندوویی رابگرین. هاورێیانی شەهیدمان بۆ مەعمووریەتێکی سیاسی - تەبلیغی و ئینسانی لە پێش هەموو شتێکدا لە نێو میللەتەکەی خۆیاندا ئامادە بوون. نەچووبوونە سەر هیچ کەس، نەچووبوون ماڵ و ملکی کەس داگیر بکەن.، بەڵام دوژمنانی ئازادی ئەوانەی کە لە مێژە خۆیان بە خاوەنی ماڵ و ملك و خاك و گیانی هەموو کوردێك دەزانن تەڵەیان بۆ دانان، لە داویان خستن و ئەو عەزیزانەیان لە باوەشی میللەتەکەیان ئەستاندن. هەر ئەوانەی کە ئەو رەفیقانە بە تایبەتی فەرماندەی بەوەج و بە رابردوو کاك هەمزە سارتکەیی دەناسن دەزانن، ئەگەر دوو عامیل نەبانایە، زۆر زەحمەت بوو دوژمن بتوانێ زەفەر بەو قارەمانانە بەرێ. دوو عامیل، دوو بەڵا، دوو ناسۆر کە لە مێژە یەخەی میللەتی کوردیان گرتوە. یەکێکیان عامیلی خەیانەت و بوونی خۆفرۆشی خۆماڵی، ئەوی دیکەشیان - رەنگە، پیاو کە قسان دەکا لە موناسیبەتی ئاوادا زۆر جار قسە بۆ زیندووان دەکا نە بۆ مردووان - بزووتنەوەکەیان بە میللەتەکەی خۆیان رابگەیەنن. ئێمە لێرە هەر چەندە بەشێك لە خاکی خۆمانە بە شانازییەوە لێی دانیشتووین بەڵام ئێمە لێرە میوانین، حزووری ئێمە لێرە بۆ ئەوەیە کە خزمەتی خاکەکەی خۆمان و میللەتەکەی خۆمان بکەین. تا ئەو وەختەی کە وڵاتەکەمان کە کوردستان چەند پارچەیە، میللەتەکەمان چەند پارچەیە، هەر بەشێك لە بزووتنەوەی کورد ریسالەتی خزمەت و بەرەو پێش بردنی ئامانجەکانی گەلی کورد لە بەشێکی لە کوردستان لە ئەستۆیە. کەوابێ عیلەتی وجودیی ئێمە ئەوەیە کە لێرە بین، بۆ ئەوەی لە پێوەندیی لەگەڵ میللەتی خۆمان دا بین. کەوابێ دوژمنە بە زمانێکی دیکە بە زمانی پاڕانەوە قسە بکەن. تێکۆشەری دیموکرات و تێکۆشەری رێگەی ئازادی لە هەلومەرجی ئێستادا حزووری لە نێو میللەتەکەیدا دەبێ وابێ ئەگەر تووشی دوژمن بوو بتوانێ دیفاع لە خۆی بکا. ئەو دیفاعە، دیفاعێکی مەشرووعەو هەموو قەوانینی نێونەتەوەیی و هەموو ئەدیانی ئاسمانیش ئەو دیفاعە مەشرووعەی، ئەو حەقەی بە ئینسانی دەدا، راسیتیەکەی ئەوەیە کە دەبێ بڵێم حیزبی دیموکراتی کوردستان بە لەدەست دانی ئەو سێ تێکۆشەرە بە تایبەتی بە لەدەست دانی فەرماندەی بەوەج کاك هەمزە عەبدوڵڵاهی خەسارێکی گەورەی لێکەوتووە، بەڵام حیزبەکەمان و میللەتەکەمان فێر بوون بە سەخاوەتەوە لە رێگەی ئازادی دا قوربانی بدەن. ئەو پۆلە شەهیدە نەك یەکەمین و دووهەمین و سێیەمین و سەدەمین شەهید نین، بەڵکوو سەدەمین پۆلە شەهیدیش نین. ئەو رێگەیەشیان رەنگە دیسان پڕ خەتەر بێ، پڕ تەلەفات بێ، بەڵام ئەو رێگەیەیان دەبێ بەردەوام بێ تا ئەو وەختەی نەك خوێنەکەیان بستێندرێتەوە بە کوشتنی چەند پاسدار چەند عامیلی دوژمن بە کەم گرتن لە تەرەف تێکۆشەرانەوە. لە بەر تەعەسووب ناڵێم، بەڵام بە راستی لە چەند ساڵ خەباتی چەکدارانەدا دوژمنانی میللەتی کورد لە مەنتیقەی سەردەشتێ بە بیستنی ناوی هەمزە سارتکەیی پشتیان دەلەرزی. ئەو پیاوە من باسی رابردووی ناکەم رەنگە هاورێیانی بەشی تەشکیلات بیوگرافی رابردوویان بخوێننەوە بەڵام باسی هونەررو سەداقەت و ئازایەتیی و قارەمانێتی و تەنانەت نەقشی لە مەیدانی موقاوەمەت دا، لە مەیدانی دیفاعی چەکدارانەدا دەکەم. بەڵام ئەو دوو ئاهۆیە کە لە مێژە لە نێو میللەتی کورددا هەن و زەحمەتیشە هیچ لامان وا بە ئاسانی عیبرەتیان لێ وەرگرین بوونەتە باعیسی ئەوەی کە ئەو عەزیزانەمان لە دەست بچن. رەنگە زۆر کەسمان هەبێ کە، پێمان بڵێن باشە ئەو رەفیقانە بۆ چوونەتەوە؟

با هەموو کەس بزانێ کە ئەو رەفیقانە نەچوونەوە بۆ خەباتی چەکدارانە، نەچوونەوە دوژمن بە چۆك دابێنن و بیڕوخێنن، بەڵام چوونەوە نێو میللەتی خۆیان، چوونەوە پەیامی حیزبی خۆیان و نابێ کەس رێگەی ئەوە بە خۆی بدا کە سەرزەنیشی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی کوردی رۆژهەڵات بکا کە بۆ دەچنەوە نێو میللەتی خۆیان. یا پێمان دەڵێن باشە بۆ بە چەکەوە چوونەوە؟ بۆ چەکیان پێ بووە. باشە شایستەیە کوڕی کورد، رۆڵەی کورد وەك بەرخ بچێتە بەر دەستی قەسابی، وەك کەوبارە بە دەستی بیگرن. ئێمە لە مێژە گوتومانە یەکێك لە ئیفتیخاراتی تێکۆشەرانی دیموکرات ئەوەیە کە دەڵێن وەك پۆڵایە دەشکێ بەڵام ناچەمێ. دەمرێ بەڵام تەسلیم نابێ. بەڵام ئەگەر لە لایەکی دیکەوە بۆی بچین ئێمە لەگەڵ رێژیمێك تەرەفین خۆ ئەو کاری بە ئەوانە نیە کە سیلاحیان لەشان دایە. ئەوانەی تەعقیبی ئەخباری ئێرانی دەکەن هەر دەزانن لە کوردستان ئێستا نزیك بە دە کەسمان لە رووناکبیران لە رۆژنامەنووسان، تەنانەت لە وەکیلانی دادگا لە ژێر حوکمی ئێعدام دان.

مونتەزیری ئەوەن ئەورۆ یا سبەی یا حەوتوویەکی دیکە ئێعدام بکرێن.

کەوابێ ناکرێ لەگەڵ ئەو خائین، بەڵکوو خوێنەکەیان بە وەدیهێنانی ئامانجەکانیان وەردەگیرێتەوە ئەوانەش کە دەرس لە مێژوو وەرناگرن بە ناو کوردن، لیباسی کوردیان لەبەر دایە بەڵام خەیانەت بە میللەتی خۆیان دەکەن، شوێنی پێشمەرگەی کورد بۆ دوژمنی کورد هەڵدەگرن. بۆ ئەمڕۆ ئەو سووك و چروکیەی بۆ ئێستا لە نێو خۆی وڵاتدا هەستی پێدەکەن با بەسیان بێ. بەڵام قەرزی وان بێ لە سەر میللەتی کوردو لە سەر تێکۆشەرانی کوردو لە سەر هێزە سیاسییەکانی کورد کە لە رۆژی حیساب دا بە حیسابی ئەوانە رابگەن، ئارەزووم ئەوەیە لە ئایەندەدا دەگەڵ هەموو دڵ رەحمی دەگەڵ هەموو گەورەیی رێبەرانی کوردو بزووتنەوەی کورد کە لە هەڵخەڵەتاوان دەبێ خۆش بێ بەڵام قەت رەحم بە خائینان و بە وانەی کە دەستیان بە خوێنی تێکۆشەران سوور دەبێ قەت رەحم بە وان نەکاو قەتیش رێگەیان نەدا لە رۆژی خۆشی دا لەو رۆژەی دا کە رۆژی میللەتە، لەو رۆژەدا ئەوان جارێکی دیکە بێنەوە پیشێ و بۆمان ببنەوە بە فەرماندە، بۆمان ببنەوە بە بەرپرس بۆمان ببنەوە بە کاربەدەست. رۆحی ئەو شەهیدانە شاد بێ. سەرەخۆشی من و ئێوەو هەموو دڵسۆزانی کورد لە بنەماڵەو کەسوکاری ئەو سێ شەهیدەو هەموو شەهیدان، ئێوەش لە ژیان و لە خەباتدا سەرکەوتوو بن، رۆژی تاڵ نەبینن. هەر بژین

**ئەوانەش کە دەرس لە مێژوو وەرناگرن بە ناو کوردن، لیباسی کوردیان لەبەر دایە بەڵام خەیانەت بە میللەتی خۆیان دەکەن، شوێنی پێشمەرگەی کورد بۆ دوژمنی کورد هەڵدەگرن. بۆ ئەمڕۆ ئەو سووك و چروکیەی بۆ ئێستا لە نێو خۆی وڵاتدا هەستی پێدەکەن با بەسیان بێ. بەڵام قەرزی وان بێ لە سەر میللەتی کوردو لە سەر تێکۆشەرانی کوردو لە سەر هێزە سیاسییەکانی کورد کە لە رۆژی حیساب دا بە حیسابی ئەوانە رابگەن**

**ئارەزووم ئەوەیە لە ئایەندەدا دەگەڵ هەموو دڵ رەحمی دەگەڵ هەموو گەورەیی رێبەرانی کوردو بزووتنەوەی کورد کە لە هەڵخەڵەتاوان دەبێ خۆشی بێ بەڵام قەت رەحم بە خائینان و بە وانەی کە دەستیان بە خوێنی تێکۆشەران سوور دەبێ قەت رەحم بە وان نەکا**





دریژەی:

## چالاکانی مەدەنییش رێژیم بۆ توندوتیژی هان دەدەن ؟

هەر لەم مانگەدا هەولێکی دیپلۆماتیکی بەربڵاوی لە نێوان ئەم هێزانەدا وەڕێ خست بۆ ئەوەی رۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ئەمساڵ (٢٩ ساڵەی فەرمانی جیهادی خومەینی دژی خەڵکی کوردستان) بکریتە رۆژی هاوپێوەندی و یەکیەتیی رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و سەرەنجام زۆربەی ئەو حیزب و رێکخراوانە پشتیوانی لە بانگەوازێك بکەن کە کۆمەڵێك لە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی نێوخۆی وڵات بەم بۆنەیەوە بڵاویان کردەوە .

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەستێنی رکەبەریی حیزبییش دا پێی وایە ئەوە سیاسەتی پێشکەوتنخوازانەو نەتەوەیی، مێژووی خەباتکارانەو چالاك بوون لە گۆڕەپانی سەرەکیی خەبات (رۆژهەڵاتی کوردستان) داو هەروەها میتۆدی سەردەمیانەی کاری رێکخراوەیین کە دیاریی دەکەن کامە حیزب دەتوانێ پێگەی جەماورەیی باشی هەبێ، نەك ئەوە لە جێی خۆی دانیشێ و خۆی بە رێبەریی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ...ی رۆژهەڵاتی کوردستان بزانێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا حیزبی ئێمە هەم لە پێش کۆنگرەی چاردەو هەمیش لە پەسندکراوەکانی ئەم کۆنگرەیەدا پێی لە سەر ئەوە داگرتۆتەوە کار بۆ پێك هێنانی هاوکاری و هاوئاهەنگی و تەنانەت هاوبەندییش لە نێوان هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا بکرێ. چونکە پێی وایە هاوخەباتیی هەموو هێزە سیاسییەکان دەتوانێ قورساییەکی سیاسیی بە بزووتنەوەی نەتەوەیی رۆژهەڵات ببەخشێ و لەم پێناوەش دا کاریگەریدانان لە سەر بزاڤی جەماوەری خەڵك بە گرنگترین ئەرکی هەموو هێزەکانی رۆژهەڵات دازانێ.

# بۆچی فیدرالیزم ؟

کاوە ئاهەنگەری
و. لە فارسییەوە: عەلی بداغی

**پرسی جۆر و شێوەی نیزامی سیاسیی ئێرانی دوای روخانی کۆماری ئیسلامی ئێران ، یەکێك لە باسە هەرە پرکێشەکانی نێوان ئۆپۆزسیۆنی ئێران بەتەیفە جۆراو جۆر و لایەنە جیاوازەکان و ئەوکەسانەیە کەخۆیان وەك رەوتی سەربەخۆ ناساندووە .**

بەبروای من لەو نێوەدا چوار رەوتی فیکری جیاواز هەن کەلێرەدا باسیان دەکەم:

**١ـ سەربەخۆیی خوازەکان:** بەشێك لەحیزبەکان هەرلە ئێستارا هەلۆێستی خۆیان بە روونی سەبارەت بە داهاتووی ئێران دەربڕیوە و خوازیاری جیابوونەوە لە ئێران و پێکهێنانی وڵاتی سەربەخۆ لە هەرێمی زمانی و کولتووریی خۆیانن . ئەو حیزبانە باس لەو هەموو زیان و خەسارە ماددی و مەعنەوی و کولتوورییانە دەکەن کە سۆنگەی ژیان لە ئێراندا لەلایەن دەسەڵاتی ناوندییەوە بەریان کەوتووە هەر ئەوەش بەهۆکاری ویستی جیایی خوازیان دادەنێن و هەرکاتێك باس لە"ئێران" دەکرێ ، سڵ دەکەن و حاشای لێ دەکەن .

٢ـ تەواوەتی خوازەکان: گشت خوازەکان لقێکی دیکەی حیزبە ئێرانییەکانن کە بە روانگەیەکی تەك تەوەری و تەواوەتی خوازانەوە هەوڵی پاراستنی تەواوێتی خاکی ئێران دەدەن .

هەموو کەڵکەڵەو دڵەراوکێی سەرەکیی ئەو لایەنانە لەبەریەك هەڵوەشانی ئێران و بوونە " مشك "ی ئەو "پشیلە" پاشماوەیە لەکەلاکی "شێر"ە کەی پێشوویە. ئەوان لە بازنەی تێڕوانین و بیرکرنەوەی خۆیان دا زۆرتر بۆ رابردوو دەگەڕێنەوەو خاڵی دەسپێکی ئەوان "کوروش"ە. ئەوان تا دوا رۆژەکانی کۆتایی دەسەڵاتداریەتی دوایین کوروشیان (حەمەرەزای پەهلەوی) هیچ چەشنە باوەڕێکیان بە مافی نەتەوەکانی نێو ئێران و سیستمی بەرێوبەری دیسانترال نەبوو . ئەوان زۆرتر دەست و پێوەندەکانی دەربارەی بنەماڵەی پەهلەوین و بانگەشەی پاشایەتی مۆدێرن دەکەن . ئەوان حاشا لە بوونی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و بەردەوام باس لە "قەوم"ەکان دەکەن و ماوەیەکیشە فێڵکی تازەیان دیتۆتەوە و جگە لە نکۆڵی و حاشا لێکردنی نەتەوەکانی دیکەی نێو ئێران ئەو دروشمەیان بەرز کردۆتەوە کە نە زمانی فارسی و نەفارسێك (وەك نەتەوە) لەئێراندا هەن و ئەوە زمانی ئێرانی یەو نەتەوەش "ئێرانە"ە.

لە کۆڕێك دا بۆ وڵامدانەوە بە یەکێك سەر بەو لایەنە فیکرییە کە بەرگریی لەو تێزە نوێیەیان دەکرد گوتم: کەوابوو لەمەودوا ئەگەر وڵاتانی دەوروبەری کەنداو گوتیان "کەنداوی عەرەب" تووڕە مەبن، چونکی بە باوەڕی ئێوە نە زمانی فارسیو نە فارسێکیش بوونی هەیە، کەوایە ئێوەش بڵێن کەنداوی ئێران یان لێگەڕێن با هەر کەنداوی عەرەب بێ"

بەم دواییەانەش ئاغای عەلیرەزا نووریزادە، یەکێك لە بیرمەندانی ئەو رەوتە فیکرییەو بە رواڵەت سەربەخۆیە ئاوای نووسیوە : "ئێمە چەمکی میللی نە لە پانتای ناوچەیی یان هەرێمیدا بەڵکوو لە پانتایی ئێرانێکی یەکپارچەدا دەبینین کە لەودا هەموو رۆڵەکانی مافی وەك یەکیان هەیەو کەمایەتییەکانیش جیا لە مافی "خودگەردانی"( خودموختاری چەمکێکی تایبەت بە قۆناغی بەر لە هاتنی جینشینی ئیمامی زەمانە) بەو رادەیە بەشیان بە ماڵە باوکیانەوە هەیە کە زۆرینە هەیانە".[١]

بەکورتی ئەوان ئێران بە چاوی یەکیەتییەکی رەزامەندانە لە ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان لە رووی زمانیو دینییەوە نابینن بەڵکوو ئێران لە روانگەی ئەوانەوە چوارچێوەیەکی سەرتاپاگیری پۆڵاین بە ئارمی شێروخۆرنیشانەو دەبێ هەرواش بمێنێتەوە، تەنانەت بە نرخی یەکبوون لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش: (٢)

کەسانی سەربەخۆ بەڵام هەڵگری بیری هاوتەریب لەگەڵ پان ئێرانیستەکانیش لەو گرووپانەدا جێ دەگرن، چونکی جەوهەری بیرکردنەوەی ئەو کەسانە بەهێز کردن و بەدمداکردنی پان ئێرانیستەکانی لێکەوتۆتەوە.

**٣ـ فیدرالیستەکان:** سێهەم گرووپی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئەو حیزب و رێکخراوە سیاسییانەن کە باوەڕیان بە سیستمی دیسانترالی فیدراڵ هەیە. لە روانگەی ئەوانەوە نیزامی فیدراڵ دەبێ لە سەر بناخەی زمانی و جوغرافیایی بێ و بۆ ئەو مەبەستەش وڵاتانی سوئیس، بێلژیك، کاناداو هیندوستان و هتد بە نموونە دێننەوە. فیدرالیزم لە روانگەی ئەو رەوتە فیکرییەوە نەك نابێتە هۆی ترازان و لە بەریەك هەڵوەشانی ئێران، بەڵکوو ئەو جۆرە لە دابەشینی دەسەڵاتە دەبێتە هۆی پشکووتن و زۆربوونی بەشداریی هەموو نەتەوەکانی ئێران و بەرەوپێشبردنی ئەو وڵاتە. ئەوانیش ئاماژە بە ستەمە مێژووییکان و نابەرامبەریو هەڵاواردن وبە هێند نەگرتن و پەراوێز خستنەکانی نیزامی پاشایەتیو دەسەڵاتدارەتیی ناوەندگەراکان دەکەن و لەو پێوەندییەش دا بە بەشداری و هاوبەشیی ١٦ حیزب و رێکخراو کۆنگرەیەکیان لە ژێرناوی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ" پێك هێناوەو هەوڵ بۆ چەسپاندنی بیرۆکەی فیدرالیزم بۆ ئێران دەدەن.

**٤ـ حیزب و کەسایەتی میانەرەو:** ئەو گرووپە بریتین لەو حیزبانەی کە لەژێر ناوەکانی کۆماریخواز، لیبڕال، لائیك و میللی ـ مەزهەبی دا تێکۆشانیان هەیە. هێندێك لەو حیزب و کەسایەتییانە جارجارە باس لە باوەڕیان بە نیزام و سیستمی دیسانتراڵ دەکەن بەڵام هێشتا بە ئاشکراو بە روونیو ورد لە هەمبەر جۆرو شێوەی ئەو نیزامە دیسانترالەی ئێرانی داهاتوو لێدوانیان نەداوەو هەڵویستیان نەگرتوەو بێدەنگەیان لێکردوە. تەنانەت لەو نێوەدا کەسانێك بە ئاشکرا بێزاریی خۆیان لە دەوڵەتی ناوەندگەرا نەشاردۆتەوە بەڵام بەو حاڵەش خۆیان لە سنوورەکانی روونی فیکری لەم بارەوە پاراستوە.

ئەو چوار رەوتە فیکرییە هەم لە نێوخۆی ئێران و هەم لە دەرەوەی وڵاتیش بەرچاو دەکەون و هەرچەندە لە رێژەی کەمیو زۆری و چەندیو چۆنی لایەنگرانی ئەو رەوتانە ئامارێکی روون لە بەردەست دا نیە بەڵام بە خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسانەو بەوردبینی لە دەروونناسیی هەڵسووکەوتە سیاسیکان و ویستی خەڵکانی ئێران لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتەدا دەتوانین بە گریمانەیەك بگەین کە هێشتا زەمەن و مەودایەکی زۆری بۆ بە تیوری کردنی ئەو گریمانەیە پێویستە. بۆ تیوری کردن هەر گریمانەیەك کاروتێکۆشان و لێکۆڵینەوەی مەیدانیو ئاماریو کۆمەڵێك توێژینەوە پێویستن کە لە ئێستادا ئەو دەرفەت و ئیمکاناتە لەبەر دەم هیچ کام لەو حیزب و لایەنانە دانیە کە باس لە ئێرانی داهاتوو دەکەن. بەڵام وەك گریمانە دەتوانین خوێندنەوەو بۆچوونی خۆمان هەبێ.

بەم پێیە من پێم وایە بەسەرنجدان بە رووداوەکانی ئەم چەند ساڵانەی دوایی لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی ئێران بەتایبەت لە جوغرافیا زمانییە غەیرە فارسەکان دا دەتوانم بڵێم کە خەڵکانی ئەم هەرێمانە بەباشی لە مافە نەتەوایەتییەکانیان گەیشتوون و هەوڵ بۆ دەستەبەر کردنیان دەدەن.

خەبات، خۆپێشاندان و جموجۆڵەکانی خەڵکی ئازەربایجان لەم چەند ساڵەی دواییدا وەك بەشێك و حەشیمەتێکی بەرچاو لە کۆمەڵگەی ئێران ئاماژە بەسەر هەڵدان و دەرکەوتنی رەوتە سیاسییەکانی خوازیاری دەوڵەتی دیسانتراڵ و لایەنگری مافی کولتووری و کۆمەڵایەتیی تایبەت دەکەن.



دیارە زۆربەی گشت خوازەکان بۆ رەتکردنەوەی ئەو بۆچوونە ئاماژە بەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئازەرییەکان لە کابینەی دەوڵەتە ناوەندییەکان دا دەکەن، بەڵام من پێم وایە بوونی یەك یان چەند ئازەری لە کابینەی دەوڵەت دا وەك بەرێوەبەرو مۆرەی بەرێوبەریی سیاسەتەکانی ناوەند ئەویش بە زمانی فارسی حاشا لێکردن لە واقیعەکەیە و سەرهەڵدانی خەڵکی ئازەربایجان لە ساڵی ١٣٨٥دا سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە ئەوان تێکڕا بە بەرزکردنەوەی دروشمی "هەرای هەرای من تورکم" خوازیاری ژیان لە ئێران دا وەك تورکێکی ئازەری بوون نەك وەك فارسێك و ئەوەش لەو کاتەدا بوو کە چەند وەزیری ئازەرییش لە کابینەی دەوڵەت دا بەرچاو دەکەوتن.

**دێموکراسی لە ئێران داو بۆ فیدرالیزم؟**

بە سەرنجدان بە ئێرانی فرە ئایین، فرە کولتوور، فرە زمان و فرە ئینتیمای سیاسیو تەنانەت فرەکەش و ئاوو هەوا هیچ نیزام و سیستمێکی ناوەندی و سانترالیست ناتوانێ دێموکراسیی بە کردەوە لە ئێران دا جێ بخا. باشترین بەڵگەش بۆ ئەوە مێژوویەکی دوورو درێژ لە ستەم و چەوسانەوە لەم وڵاتەدایە. دیارە ئەگەرچی هەڵسەنگاندن و لەبەر یەك راگرتنی سیستمی ئێرانی سەردەمی قەجەر و پێش ئەو لەگەڵ سەردەمی پەهلەوی دروست نیە، بەڵام لانیکەم ١٠٠ ساڵی رابردوو بەڵگەی حاشاهەڵنەگری دەستەوەستانی و ناکاراییی نیزام توتالیتێرو گشت خوازەکان بۆ ئێرانی فرە چەشنن. هۆکاری ئەوەی کە ناتوانین سەردەمی بەر لە پەهلەوییەکان لەگەڵ نیزامی توتالیتری ئەوان و رێژیمی ئێستای کۆماری ئیسلامی لە بەریەك راگرین ئەوەیەکە نیزام و شێوەی ژیان و گوزەرانی خەڵکانی ئێرانی ئەوکات بە جۆرێك بوو کە "شا" بە دەگمەن و زۆر بەکەمی ئەیالات و هەرێمەکانی پاشایەتییەکەی وەبیر هاتەوە.

بۆ وێنە کوردستان بۆخۆی ئەمیرنشین بووو گرینگترین ئاڵقەی پێوەندیی نێوان ئەمیرنشینی ئەردەڵان لە کوردستان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی دا تەنیا باج و ماڵیاتی ساڵانە بووەو هەر ئەوەندە. بەڵام لەگەڵ هاتنە سەرکاری رەزاخان و هەوڵەکانی ئەو بۆ چێکردنی نیزامی "دەوڵەت ـ میللەت"ی ئێران و بەکورتی بنیاتنانی ئێرانی نوێ بە لاساییکردنەوە لە مستەفاکەماڵ لە تورکیە، کێشەو چەوسانەوەو چەرمەسەرییەکانی کورد، ئازەری، عەرەب، تورکمەن و بلووچەکان لە ئێراندا دەستی پێکردو لەسەردەمی دەسەڵاتدارەتیی حەمەرەزاشای کوڕی دا بەو پەڕی خۆی گەیشت و بڵێسەکانی ئەم ئاورە لە ئێستادا لە سۆبەی رێژیمی توتالیتێری ئاخوندیدا دێنە دەرێ.

بە تێڕوانینێکی کورت لە رێژیمەکانی چەند سەدەی رابردووش بۆمان دەردەکەوێ کە بەستراوەیی دەسەڵاتبەدەستان بە بێگانەکان (چ سیاسی وەك پەهلەوییەکان و چ غەیرە سیاسی وەك کۆماری ئیسلامی) هۆکاری تۆخ و سەرەکیی لێك دابڕانی خەڵك و ئێتنیکەکان و داواکانیان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی بووەو ئێستاش هەر هەیە.

تەواوی گشت خوازەکان باس لە یەکپارچەیی ئێران دەکەن و ئەوە دڵەراوکێی سەرەکیی ئەوان لە چەند ساڵی رابردوودا بووە، بەڵام ئەوان لە خستنە رووی هەرچەشنە رێکارو میکانیزمێك بۆ پاراستنی ئەو یەکپارچەییە خۆیان بواردووەو هەر لە بنەڕەتیش دا کڵۆڵتر لەوەن کە پلان و پرۆژەیەکی گشتگیریان بۆ راگرتنی تەواوەتیی ئێران و لەبەر یەك هەڵنەوەشانی هەبێ، جگەلە بوونی سوپایەکی بەهێزی پۆشتەو ئەگەریش بکرێ دامەزراندنی پاشایەتییەك بۆ ئێرانی یەکپارچە. بەبۆچوونی نووسەری ئەو دێڕانە پێناسەی دێموکراسی لە وڵاتێکی فرە کولتووری وەك ئێران دا جیاواز دەبێ لەگەڵ وڵاتێکی وەك ئاڵمان، و دێموکراسیی ئێرانی هاوتەریب و شێوەی دێموکراسیی وڵاتانی وەك هیند، بیلژیك، سویس و کانادا بەخۆوە دەگری. هەڵەیەکی دیکەی گشت خوازەکان پشت گوێ خستن و بە هیند نەگرتنی گونجاندنی دێموکراسیی ئێرانی لەگەڵ ناخی فرە جوغرافیای ئەو وڵاتەیە. بەو مانایە کە لە روانگەی منەوە فیدرالیزم لە ئێران دا بە واتای دێموکراسی بۆ ئێرانە. بۆ وێنە وڵاتێکی وەك بیلژیك لەگەڵ ئەوەی لە ١٥٠ ساڵ لەوەپێشەوە وڵاتێکی سەربەخۆیەو لە گۆڕەپانی سیاسیو لە نێو کۆمەڵگای نێو نەتەوەییدا خاوەن ستاتۆی خۆیەتی، بەڵام دەتوانین بڵێین کە ئەو وڵاتە یەکەم هەنگاوەکانی بەرەو دێموکراتیزاسیونی خۆی لە ساڵی ١٩٧٨و دوابەدوای پەسند کردنی نیزامی فیدراڵییەوە دەست پێکردوە. واتە تا پێش لەساڵی ١٩٧٨ هوڵەندیو ئاڵمانی زمانەکان خاوەن ماف گەلی سیاسی، کولتووریی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی وەك یەك لەگەڵ فەرانسەوەی زمانەکان نەبوون و زمانی فەرانسەو زمانی فەرمی و خاوەن دەسەڵاتی ئەو وڵاتە بوو. بەڵام لەگەڵ پەسند کرانی فیدرالیزم و قەبووڵ کردنی سیستمی فرە چەشنی سیاسی و کولتووری، وڵاتی بێلژیك رێی پراکتیزە کردنی دێموکراسیی لەنێو سێ کۆمەڵگای هوڵەندی، فەرانسەویو ئاڵمانی دا گرتەبەر.

هەر بۆیەش باس کردن لە دێموکراسی و بەرز کردنەوەی ئەو دروشمە بەبێ هەبوونی میکانیزمی کردەیی بۆ جێخستنی ئەو لە ئێران دا وەك بەڵێنێکی دووری رووت دێتە بەر چاو. بەمجۆرە ئەو فیدرالیزمەی زۆربەی حیزبە کوردستانییەکانی خاوەن پێگە لە ئێران دا داوای دەکەن راست بەواتای دێموکراسی بۆ ئێرانەو لە راستیدا دێموکراسی بەبێ فیدرالیزم دێموکراسی نیە و بێ وەها سیستمێکی دێسانتراڵ و دابەشینی دەسەڵات هەوڵەکان بۆ جیگیر کردنی دێموکراسی لە ئێران دا نەزۆك وبێئاکام و رێگە بۆ توتالیتاریتی هێزمەند خۆش و ئاوەڵا دەمێنێتەوە.

باس کردن لە مافی شارومەندیو سکولاریزم پێویستە بەڵام هەموو شتێك هەر ئەو نیە. پێناسەی نێوەندخوازانەی ماف لە ئێران دا راکردن لە راستییەکان و بازدانە بەسەر کێشەکان دا. هەر مرۆڤێکی ئێرانی و بە ویژدانی غەیرە ئێرانیش حاشا لەوە ناکا کە مافی هاووڵاتی بوون و نەتەوەیی بلوچستانییەك لەگەڵ تارانییەك بەرامبەرو وەك یەك نیەو لێرەدایە کە پێناسەی کردەییو چەسپاندنی دێموکراسی لە ئێران دا تووشی کۆسپ و ئاستەنگ دەبێتەوە. لە دواجاریش دا بەکردەوە کوردەکان، بلوچەکان، عەڕەبەکان، تورکمەن و لۆڕەکان ئێرانی نین.

بەوپێیە و بە زۆر بەڵگەی دیکەوەو یەك لەوان نەبوونی متمانەی نێوان ئەو ناوچانەو دەوڵەتی ناوەندی کە لە راستیدا دەوڵەتی ناوەندییەکان هۆکاری سەرەکیی ئەو نەمانی متمانەیەن، بەبێ رێککەوتن و پێکهاتن لەسەر میکانیزمێکی گونجاوو پێناسە کراو دێموکراسی باس کردن لە ئێرانێکی یەکگرتووو یەکپارچە بێکەڵك واتایە.

هەمو کات هۆگران و لایەنگرانی دێموکراسیخوازی لە ئێران دا لاوازتر لە نەیاران و دژبەرانی دێموکراسیخوازی بوون و هەن. هەربۆیەش ئەمن لەسەر ئەو باوەڕەم تا ئەو کاتە لایەنگرانی دێموکراسیخوازی کردەیی و لوژیکی بە هەموو تواناو هێزی خۆیانەوە لە دەوری یەك کۆنەبنەوەو بە هاوبەشیو هاوفیکری لەسەر میکانیزمیکی کردەیی ساغ نەبنەوە، نە توانای چەسپاندنی دێموکراسی لە ئێرانیان دا دەبێ و نە توانای پاراستن و بەرگری لێکردن.

دوا وتە ئەوەی کە هێنانە بەرباسی فیدرالیزم لە ئێستادا بەهێزترین هۆکاری یەکپارچەیی ئێران و گەشەو وەگەڕ خستنی هێزو توانا شاراوەکانی نوستوو لە ناخی ئێران دایە.

سەرچاوە:

١ـ www.nourizadeh.comArckivs

٢ـ لە بۆچوونکانی داریوش هومایون (حیزبی مەشرووتە)و ئاغای خەررازی (هاوپێوەندی نەتەوەیی

لەتیف فاتح فەرەج:

# وڵاتانی دەوروبەر دەوری زۆر خراپ دەگێڕن لە کەرکووک

ئامادە کردنی: "کوردستان"


**ئاماژە:** عێراق لە بەرەبەری نزیک بوونەوە لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندایە. لەم نێوانە دا گەلێك ئاڵۆزی و کێشە لە نێوان لایەنە جۆربەجۆرەکانی پێکهێنەری پێکهاتەیی سیاسیی عێراقی ئەمڕۆ سەری هەڵداوە و ململانەکانی چوونەتە قۆناغێکی نوێنەوە. لە وەتەی عێراق هەیە، کەرکوك بەردەوام بابەتێك بووەکە کێشەی لە سەر بووە. لە سەردەمی ڕێژیمی رووخاوی بەعسدا ئەم شارە کوردستانییە کەوتە بەر تەعریب و قەڵاچۆکردن. پاش پرۆسەی ئازادیی عێراق، سەرەتا لە قانوونی بنەڕەتی(دەستوور)ی کاتی دا مادەی ٥٨ و پاشان لە دەستووری هەمیشەی عێراقدا مادەی ١٤٠ تەرخان کران بۆ ئاسایی کردنەوەی ناوچە دا بڕاوو تەعریب کراوەکانو یەکلایی کردنەوەی چارەنووسیان. تا ئێستاش ئاستەنگ خراوەتە بەردەم جێبەجێ کردنی ئەم مادە دەستوورییەو جێبەجێ نەکراوە. لەم دواییانە دا پارلەمانی عێراق بڕیارێکی دەرکرد کە هەڵبژاردن لە پارێزگای کەرکوك بە پێی ڕێژە بێ. ئەم بڕیارە هاتنە دەرەوەی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە پارلەمانی عێراق، نارەزایەتی سەرکردایەتیی کورد و سەرجەم جەماوەری کوردستانی لێك وتەوە و کێشەکە تا ئێستاش بڕیاری یەکلا کەرەوە لە سەر نەدراوە. ئەم بابەتە دەکرێ لە چەند رەهەندەوە تاوتوێ بکرێ و تا ئێستاش قسەی زۆری لە سەر کراوە.

لەم پەیوەندییە دا. کوردستان " لەم ژمارەی خۆیدا **"لەتیف فاتح فەرەج"**، نووسەر و سەرۆکی سەندیکای رۆژنامە نووسان (لقی کەرکوك ) ی دواند. لەتیف فاتح فەرەج دا نیشتووی شاری کەرکووکە و لەم بارەشەوە لە سەرەتای کێشەکەوە تا ئێستا بە چەندنن وتاری بڵاو کردۆتەوە.

**کوردستان: بە پێی ئەو بڕیارەی پارلەمانی عێراق کە لەم دواییانە سەبارەت بە هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەرچوو، پێتوایە بارودۆخی سیاسیی کورد لە عێراقدا بەرەو کوێ بچێ؟**

**لەتیف فاتح فەرەج:** بەبڕوای من بارودۆخی سیاسیی عێراق بەندە بەو ڕێککەوتنەوە کە لە نێوان پێکهاتەکانیدا ئیمزا کراوە. هەر کەسێك بیەوێ ئەو ڕێککەوتنە هەڵوەشێنێتەوە، ئەوە عێراق بەگشتی بەرەو هەڵوەشانەوە دەبات. بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق سەرەتایەکە بۆ هەڵوەشانەوەی عێراق، ئەوجیاکاریەی پەرلەمانی عێراق لەنێوان کەرکوك و پارێزگاکانی دیکەی عێراق دا کردوێتی سەرەتایەکە بۆ فەرامۆش کردنی لایەنێکی گرنگی نێو پێکهاتەی عێراقی کە کوردە. ئەم فەرامۆش کردنەش دەبێتە هۆی دروست کردنی شەڕێکی نەخوازراو لەنێوان پێکهاتەکاندا کە هەر لەسەرەتاوە لەدوای مادەی (٢٤) تایبەت بە یاسای هەڵبژاردنەکان سیماکانی ئەو شەڕە بەدی دەکرێ کە من وای دەبینم تاوانباری یەکەم لەم بارودۆخەدا پارلەمانی عێراقیە. چونکە ئەوە پارلەمانی عێراقیە لەبری ساڕێژکردنی برینەکانی رابردو کار بۆ ئەوە دەکات کە چۆن برینی نوێ لە جەستەی پێکەوەژیانی پێکهاتەکانی عێراق دا بدۆزێتەوە. من لام وایە بارودۆخی سیاسیی کورد لەو سەرەتایە بەدەر نیە کە باسم کرد، واتە بارودۆخی سیاسیی کورد لە عێراق دا بەندە بە بارودۆخی سیاسیی تەواوی عێراقەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کاتی ئەوە هاتوە کە کورد لەعێراق دا بە پەیوەندییەکانی رابردووی خۆیدا بچێتەوەو هەموو هێلکەکانیش فرێنەداتە یەك سەبەتەوە. ئەگەر بڕیارە کورد عێراقی بێت، دەبێت بایەخ بە خواست و خەونەکانی بدرێت ،گەرنا تەواوی پرۆسەی عێراقی بوونی ئێمە لەبەردەم هەڵوەشانەوە دایە. وای نابینم عێراقیە غەیرەکوردەکان ئەو شێتیە بکەن زەمینە برەخسێنن بۆ جیابونەوەی کورد، ئێستای ساڵی ٢٠٠٨ یش لەگەڵ ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو زۆر جیاوازە .

**کوردستان: لەم نێوەدا دۆخی کەرکوك و مادەی "١٤٠" چی بە سەر دێت؟**



**لەتیف فاتح فەرەج:** تائێستە بڕیار نیە بەندی ١٤٠ی دەستور هەڵوەشابێتەوە، ئەوبەندەش ئەگەرچی لە ناوەڕۆکی دا ستەمێکی گەورەی لە کورد کردوە، بەڵام تێیدا بارودۆخی تایبەتی کەرکوك لەبەرچاو گیراوە. لە کەرکوك دا هەر بەتەنیا نەتەوەیەك ناژی. بۆیە دەس بردن بۆ پرسی کەرکوك دەبێت زۆر بە هەستیاری بێت، هەروەك چۆن "مام جەلال" پێیوایە چارەسەری پرسی کەرکوك وەکو نەشتەرگەری مێشك قورسە، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە هاتوە کە کەرکوك جگە لە کورد خەڵکی تریشی تیادەژێت. ئەمە جگە لەوەی کە کەرکوك بەدرێژای مێژوویەکی دوروو درێژ کێشەی لەسەر بووە با لە ڕووی جوگرافی و دیرۆکیشەوە کەرکوك کوردستان بێت، بەڵام خەڵکی دیکەش رای جیاوازی هەیە، ناکرێ گوێ لەرای خەڵکی دیکە نەگیرێت، بارودۆخی کەرکوك پێویستی بەقوڵ کردنەوەی لێبووردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتیانەیە، واتە گوێگرتن لەوی تر، لە رابردودا لە کەرکوك هەرگیز وەك پێویست گوێ لە کورد نەگیراوە نەك ئەوە، بگرە بە عەرەب کراوەو بەبەعسی کراوەو راگوێزراوەو شوێون و جێگاکەی دراوە بە خەڵکی تر، ئەم دۆخە هیچ بوارێك بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانە ناهێڵێتەوە. کەرکوك لە سیەکانی سەدەی رابردووەوە تەعریب دەکرێت. بۆساڕێژکردنی ئەم برینە بەندی "١٤٠"ی دەستور بە هەموو کەموکوڕییەکەوە نەخشە ڕێگایە بۆ چارەسەر کردنی ململانێی نێوان پێکهاتەکان. لادان لەم نەخشە ڕێیە واتە هەڵوەشانەوەی عێراق. نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کەزۆرجار خەڵکی تر، وڵاتانی دەورووبەر دەوری زۆر خەراپ دەگێڕن لە کەرکوك. باشترین نموونەش روداوەکانی ساڵی (١٩٥٩)یە کەوڵاتانی دەورووبەر کاری زۆریان کرد بۆ ئەوەی پێکهاتەکانی شاری کەرکوك تێك بەربن، ئەوەی مایەی نیگەرانیی هەموو لایەکە تائێستا خەڵکێك هەن نایانەوێت پێکهاتەکانی کەرکوك بە ئاشتیو تەبای بژین، بەبڕوای من بە هەر شێوەیەك دەست بردن بۆ تێکدانی پەیوەندیی نێوان کوردو عەرەب و تورکمانی کەرکوك دەست بردنە بۆ ئاگرێك کە دواتر زۆر شوێنی پێوە دەسوتێت.

**کوردستان: بە پێی ئەوەی زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی عێراق و تەنانەت وڵاتانی دەرەوەش بەرژەوەندیی خۆیان لە کەرکوکدا دەبیننەوە، ئایا ئەو قسەیەی کاربەدەستانی عێراق راستە کە دەڵێن کێشەی کەرکوك کێشەیەکی نێوخۆییە؟ یا نا بەلای ئێوەوە کێشەی کەرکوك دەکرێ وەك کێشەیەکی نێونەتەویی لە قەڵەم بدرێ؟**

**لەتیف فاتح فەرەج:** مەسەلەی ئەوەی کە کەرکوك وەکو کێشەیەکی نێودەوڵەتی تەمەشابکرێت ئەمەیان بە بڕوای من قەیدی نیە، ئەگەرچی دەڵێن ئەهلی مەککە خۆیان لە کاروبارو کێشەی خۆیان دەزانن، بەنێونەتەوەیی کردنی کێشەی کەرکوك، تەنیا بە بیانووی نەوتەکەیەتی خۆ گەر کەرکوك نەوتی نەبا کەس ئەو شەڕەی لە سەر نەدەکرد. بۆ ئەوەش کە لایەنە عێراقێکان قسە لەوە دەکەن کێشەیەکی ناوخۆییە لەوەش دا من زۆرجار درك بە جۆرێك سیناریۆ دەکەم. ئاخر هەر لایەنە عێراقیەکانیان دەستی دەرەوە بۆ ئەم پرسە رادەکێشن تورکیاو ئێران سعودیە ئەگەر لایەنە عێراقێکان نەبن، ئەگەر ئەوان خۆیان دەستیان نەگرن بۆ ئێرە، لە کوێ ئازایەتیی ئەوەیان هەیە پەلاماری کەرکوك بدەن بە بیانوی چارەسەر کردنی کێشەوە. بەهەموو شێوەیەك چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك دەبێتە هۆکارێکی باش بۆ ئەوەی وڵاتانی دەورووبەریش بیر لەچارەسەری یەکلاکەرەوەی کێشەی کورد بکەنەوە. ئەمەش لە بەرژەوەندیی ئەو وڵاتانە نیە کە کوردیان بەخاکەکەیەوە بەسەردا دابەش کراوەو دەیان ساڵە لەسەر ئەرزو خاکی خۆی کورد دەچەوسێننەوە. لە هەردوو باردا کێشەی کەرکوك نێودەوڵەتی بێت یان نێوخۆیی لە دواجاردا دەبێت چارەسەر بکرێت. ئەمەش لە بەرژەوندیی ئەوانە نیە کە ترسی ئەوەیان هەیە فۆرمی وڵاتەکەیان گۆڕانی بەسەردابێتو هەندێ لە دەستکەوتەکانیان لە دەست بدەن. گرفتی سەرەکی ئەوەیە لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوکدا لایەنە عێراقییەکان خۆیان راستگۆ نین، ئەگینا چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك پێویستی بەو هەموو شێرو رێویە نیە. لە کەرکوکدا نزیکەی زیاتر لەنیوەی خاکی کەرکوك لەو شارە دابڕێنراوەو دراوەتە پارێزگاکانی تر. بۆ نمونە خورماتو خراوەتە سەر پارێزگای تکریت، کفری گوازراوەتەوە بۆسەر پارێزگای دیالە، چەمچەماڵ و کەلاریش بۆ سەر پارێزگای سلێمانی. ئەمە زیاتر لە پەنجا لە سەدی خاکی کەرکوك دەکات، جگە لەوە لە کەرکوك دا شەش ناحیە بە بڕیاری بەعس هەڵوەشاوەتەوە. نزیکەی "٨٠٠" دێی کورد لە پرۆسەی ئەنفال و پێشتردا وێران کراوە، زیاتر لە"٥٠" هەزار هاووڵاتی کورد بەر شالاوی ئەنفال کەوتوە. ئەوەی بیەوێت کێشەی کەرکوك چارەسەر بکات دەبێت لە سەرەتاوە بیر لەوە بکاتەوە چۆن ئەم برینانە ساڕێژ بکات. لەم بوارە دا عێراق یان ئەمریکا یا خود نەتەوەیەکگرتوەکان دەبێت بە ویژدانەوە سەیری ئەم مەسەلەیە بکەن

**کوردستان: بێ هەڵویستیی ئەمریکا، پاش پەسندکردنی پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە لایەن پەرلەمانی عێراقەوە، لای تۆ چ مانایەك دەگەیەنێ؟**

**لەتیف فاتح فەرەج:** دیارە ئەمریکا لە زۆربەی کاروبارەکانی ئێستای عێراقدا نایەوێت خۆی وا نیشان بدات، کەدەورو کاریگەریەکی هەیە. ئەمەش وای کردوە هەندێجار بەلای ئێمەوە ئەوبێدەنگیی و خۆ دوورەپەرێزگرتنە بێهەڵوێستیە. من ئەمە بەپێچەوانەوە دەبینم ئەمریکێکان دەیانەوێت گۆڕان لە عێراقدا ڕوو بدات و لەپەرلەمان و دەسەڵات دا خەڵکی تر بێنە پێشەوە، بەتایبەت عەرەبی سوننە. ئەوان پێیان وایە لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥ دا عەرەبی سوننە بەهۆی بارودۆخی ناوچەکەیان و بوونی قاعیدە لە ناوچەکەیان نەیانتوانی وەك پێویست بەشداری بکەن. ئێستا بۆ ئەمریکێکان ئەم تاقیکردنەوەیە زۆرگرنگە. ئەمریکێکان لەبەر رۆشنایی سیاسەتی هەمیشە نەگۆڕی بەریتانی بەرامبەر کوردو شیعە دەیانەوێت جارێکی دیکە سوننە بکەنەوە بەکەڵەگای یەکەمی سەر گەلانی عێراق. بێهەڵوێستی ئەمریکا لێرەوە سەرچاوەی گرتوە، بۆیە دەبینین زۆربەی زۆری ئەو ١٢٧ پارلەمانتارەی دەنگیان بە یاساکەدا، ئەوانەن کە ئەمڕۆ لەبەر دڵی ئەمریکان، ئەمریکێکان لەعێراق دا چەندین هەڵەی قورسو گەورەیان کردوە کە تا ئێستا نایانەوێت دانی پیابنێن. بەداخەوە ئەمەش تا ڕادەیەکی باش لە بایەخی سیاسەتی ئەمریکای لە ناوچەکەدا کەمکردەوە. من پێم وایە ئێستاش ئەگەر ئەمریکا سوور بێ لەسەر ئەوەی لە عێراق دا گۆڕان دروست بێ، دەبێت بەکردەوە عێراق بکاتە سێ یان پێنج هەرێمی فیدراڵ.

**کوردستان: ئایا هەڵوێست و هەوڵ و تەقەلاکانیی سەرکردایەتیی کورد سەبارەت بەجێ بەجێ کردنی مادەی ١٤٠ لە ئاستی پێویسدا بووە؟**

**لەتیف فاتح فەرەج:** بەبڕوای من نەخێر. بەڵام ناکرێت ئەوەی کە کراوە نادیدە بگرێت. من وای دەبینم سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لەو ڕووەوە هەوڵی خۆی داوە، بەڵام دەبینی زۆرجار لەگەڵ بەغدادا هێندی گیرو گاز لەسەر بوددجەو مەسەلەی نەوت و گرێبەستە نەوتێکان دەکرێ، هێندە پرسی کەرکوك لەپێشەوە نیە. لەبنەڕەتدا دەبوایە بەندی١٤٠ یان ئەوەتا ماوەی بۆ دیاری نەکرایە، یا خود کە ماوەی بۆ دیاری کرا لە٢٠٠٧\١٢\٣١دا بەتەواوەتی جێبەجێ بکرایە. ئەمە جگە لەوەی دەبوایە لە چوارچێوەی مادەی "١٤٠"ی دەستوردا وردەکاریی هەموو ئەو مەینەتیانە باسبکرایە کە بەسەر کورد دا هاتوە .

**کوردستان: پێتوایە هەڵویستیی سەرکردایەتی کوردو کۆمەڵگای کوردستان لەم پێوەندییەدا دەبێ لە داهاتوودا چی بێ؟**

**لەتیف فاتیح فەرەج:** بەبڕوای من کاتی ئەوە هاتوە کوردیش لە مەسەلەی پەیوەست بوونی بەعێراقەوە بەستراوبێت بە چەند مەرجێکەوە، واتە عێراقی بوونی کورد بەخۆڕایی نەبێت. بۆخۆی لە نێوان کوردو عەرەبی عێراقی دا یەك دنیا جیاوازی هەیە، بۆیە ناکرێت تاسەر ئێمە بەخۆڕایی عێراقیی بین. کار وا بڕوات ڕۆژ بە ڕۆژ بارودۆخی عێراق بە ئاراستەیەکی ترسناکتردا دەچێت. ڕەنگە سبەینێ لە نێو کوردی باشووری کوردستانیشدا هاوشێوەی موقتەدا سەدر سەرهەڵبدەن. ئایا ئەمە لە بەرژەوەندیی خەڵکی عێراقە؟ دیارە نەخێر. بۆیە من وای نابینم ئەم تەقەلایە هەروا بڕواتە سەر. لاشم وایە کورد دەتوانێ ڕێگای دیکەش بدۆزێتەوە. من بۆخۆم لەوپێناوەدا چەندین جار راو سەرنجی تایبەتی خۆم داوە بە سەرکردایەتیی کورد چ بەنووسین چ بە گۆڕینەوەی بیرو ڕا. ئێستا ناکرێ عەرەبیش لایان وابێت لەم مەسەلەیە دا کوردیان بۆ ردابێت. بەهەرحاڵ گەڕانەوەی سەرکردایەتیی کورد بۆ لای خەڵك و بۆ تەك شەقامی کوردی لەم پرسەدا یەکێك بوو لە کارە باشەکان، بۆیە دەکرێت ئەم شێوازە بەهەند وەربگیرێت.

## پانۆراما

به مەبەستی دەربڕینی هاودەردی

## لەیلا زانا سەرەخۆشی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد

لەیلا زانا ژنە تێکۆشەری ناوداری کورد لە باکوری کوردستان و هاوسەرەکەی مەهدی زانا بەبۆنەی شەهیدبونی سێ تێکۆشەری حیزب، شەهیدان هەمزە سارتکەیی، قادر نەزمی، قادر قادری بە تەلەفون سەرەخۆشیان لە حیزبی دێموکرات و گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان کرد .

وەزارەتی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان :

## لە ٦ مانگ دا ٢٠٠ ژن بە کوشتن و سوتاندن گیانیان لەدەست داوە

وەزارەتی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد کە لە ماوەی ٦مانگی رابردوودا٢٠٠ ژن بە هۆی کوشتن لەلایەن کەسوکاریانەوەو بەهۆی سوتاندن گیانیان لەدەست داوە . بەپێی ئامارەکانی ئەو وەزارەتخانەیە لە ٦ مانگی رابردوودا لە هەولێر ٣٢ ژن کوژراون و ٧٨ ژنیش سوتاون. لە شاری سلێمانیش ١٥ ژن کوژراو و ٥٦ ژنی دیکە سوتاون و هەروەها لەو ماوەیە دا لە شاری دهۆك سەرجەم ٢٥ ژن بە هۆی کوشتن و سوتان گیانیان لە دەست داوە.

قادر عەزیز:

## کورد لە عێراق دەبێ چاوەڕوانی هەموو ئەگەرەکان بکات

قادر عەزیز سکرتێری گشتیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە لێدوانێك دا بۆ ماڵپەری "چاودێر" سەبارەت بە دۆخی هەنووکەی کورد لە عێراق رایگەیاند کە گەلی کورد دەبێ چاوەڕوانی هەموو ئەگەرەکان بکات.

ئەو هەروەها وتی ئەوەی ئێستا لە عێراقدا روو دەدات، سەرەتایەکە بۆ گەڕانەوەی عێراق بۆ سیاسەتی سەرکووت و چەوسانەوەی کوردو شەڕ کردن لەگەڵ نەتەوەی غەیرە عەرەب. قادر عەزیز هەروەها وریایی دا کە گەڕانەوەی توندوتیژی و شەڕ لە عێراق لە بەرژەوەندی هیچ لایەك دا نابێت و گەلی کوردیش تەنیا لە عێراقێکی دیموکرات و ئازادو ئارام دا دەتوانێت بژیت.

## عەشیرە عەڕەبەکانی کەرکووك هەڕەشەی شەڕ بە دژی کورد دەکەن

عەشیرە عەرەبەکانی کەرکووك بە مەبەستی دژایەتی کردنی گەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر هەرێمی کوردستان هەڕەشەی دەسپێکردنی شەڕ بە دژی کورد دەکەنو ئامادەیی خۆشیان بۆ ئەم مەبەستە دەربڕیوە. لەم بارەیەوە حوسێن عەلی ئەلجبوری سەرۆکی لیستی عەرەبی یەکگرتووو سەرۆکی ئەنجوومەنی قەزای حەویجە هەڕەشەی کرد کە سەبری عەرەب سنووردارەو ئەگەر ناچار بین ئەوا بە هەموو هێزو توانامانەوە شەڕ لە گەڵ کورد دەکەینو پشتیوانی شارەکانی دیکەی عێراقیشمان هەیە.

"لاپەڕی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بۆچوونانەی لەم لاپەڕەیەدا بڵاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا. کە گەشەی سەنعەتی ماهوارەو ئیمکانی بڵاو کردنەوەی شەپۆلی تلویزیونی لە ڕێگای مانگیلەکانەوە، ئەو هەلە زێڕینەی بۆ تاقمێك لە کوردەکانی تورکیە لە دەرەوەی وڵات ڕەخساند، تا یەکەم تلویزیونی ماهوارەیی کوردی دابمەزرێنن، نەتەنیا کورد بە یەکێك لە ئاواتە دێرینەکانی گەیشت، بەڵکوو زۆر بە خێرایی تلویزیۆن بوو بە سەرچاوەیەکی گرینگی مەعناو هەستی هاوچارەنووسی و یەکنەتەوەبوون، تەنانەت وەك هەنگاوێکی گەورەی دیکە بوو لە مەسیری بە نەتەوەبوونی کوردان لە درێژەی ئەم شۆڕشو بزووتنەوانەی ڕاستەوخۆ یارمەتیی ئەم ڕەوتەیان دابوو. هەڵبەت ستراتیژیو بەرنامەدانانی ئەم تلویزیونەش هەر بە تەواوی لەم چوارچێوەدا بوو چەند ساڵ دواتر کوردەکانی عێراقیش کە لە بارودۆخێکی جیاواز لە کوردەکانی تورکیەدا بوون. کەوتنە هەوڵی وەکارخستنی کاناڵە ماهوارەییەکان، ئەم کاناڵانەی کە هەم ڕەنگ و بۆنی حیزبایەتییان پێوە دیار بووو هەم تێدەکۆشان دەنگی حکوومەتێکی ساواو کەم ئەزموونی دوو پارچە کراو بن کە لە خۆڵەمێشی ماڵوێرانییە گەورەکانی ئەنفالو هەڵبجە سەری هەڵدابوو.

حیزبەکانی کوردستانی ئێرانیش چەند ساڵێك دواتر۔ زۆر درەنگتر لە ئێراقیو تورکیەییەکانیان ۔ هاتنە مەیدانی وەڕێخستنو دانانی تلویزیونی ماهوارەیی. ڕەنگە هۆی ئەم دواکەوتنەش، نەبوونی ئیسپانسێری ماڵیو فەنیی بێ کە ئەویش بە گشتی سەرچاوە گرتوویە لە لاوازیو کەمتر حیزبانە لەم ١٠–١٥ ساڵەی دواییدا. جگە لە بەشی موسیقاو گۆرانیی کوردی کە تەوەرەی هاوبەشو هەڵبەت لاوازو جێگای ڕەخنەی زۆربەی کاناڵەکانە. کاناڵە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەشی بەرهەمهێنانو دروستکردنی بەرنامە تا ئێستا کارنامەیەکی سەرکەوتوویان لە دوای خۆیان بەجێ نەهێشتووە. هەڵبەت هەر وەك لە سەرەوەش باس کرا، ئەمەش هەم هۆکاری ڕەقئامیری وەك نەبوونی تیمێکی بە ئەزموونو پیشەییو هەروەها نەبوونی ئیمکاناتی فەننیو ماڵی هەیەو هەمیش لە حاڵەتی گشتی خۆیدا ئاوێنەیەکە کە لە پاسیو بوونو ئەم قەیرانە ستراتیژییەی کە ئەم حیزبانە لەم یەك دوو دەیەی دواییدا تێی کەوتوون. بەم واتاییە کە ئەم حیزبانە دوای دەستهەڵگرتن لە خەباتی چەکداری، هیچ ئاڵترناتیوێکی جیدیان بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسیەکانیان نەهێناوەتە کایەوە. بە چەشنێك کە نەبوونی پلان بۆ ئێستا و داهاتوو هەستی نۆستالێژی بۆ ڕابردوو لە زۆربەی بەرنامەکانیاندا دەبیندرێ. چونکە وا وێدەچێ کە هاوکێشە سیاسییەکان وهۆکار، پێکهاتەییەکان هەلومەرجێکیان بۆ

# نۆستالێژیای تی ڤی (*)

د. سەلاحەدین خەدیو

حیزبەکانی ڕۆژهەڵات پێك هێنابێ کە خوازراوو کێشەی کوردی ئێرانو چارەسەرەکەی ببنە کلكو پاشگری کێشەی ئەتۆمیی ئێران لە گەڵ ڕۆژئاواو ئاکامی ئەوەش سیاسەتی چاوەڕوانیو دەستەوەستانییە. لێرەدا دەمهەوێ ئاماژە بەم خاڵە بکەم کە جگە لەم هەواڵو مێزگردو دیمانانەی کە پێوەندیان بە کێشەی ئەتۆمی ئێران هەیە باقی بەرنامەکان لە ژێر کاریگەریی ئەم حاڵەتی نۆستالێژییە بۆ ڕابردوودان کە لە پێشەوە باسیان کرا.

لێرەدا ئاماژە بە خاڵێك بە پێویست دەزانم ئامانجی ئەم نووسراوە کورتە تەحلیلو ئانالیزی گوفتمانی ئەم تلویزیونانە نیە۔ کە ئەوە هەلو دەرفەتو تیمی پسپۆڕو شارەزای خۆی دەوێ - بەڵکوو تەنیا شیکردنەوەی دەوری چەمکی نۆستالێژی وەك دیاردەیەکەی ڕەوانیو عاتیفیو هەروەها کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی لە بەرنامەکانی ئەم تلویزیونانە دایە.

**وا باشە کە لە پێشدا بە کورتی چەمکی نۆستالێژی پێناسە بکەین**

بوڵد دەستەواژەی نۆستالێژی یان نۆستالژیا (nostalgia) لە مەسدەری یۆنانی (nostos) بە مانای گەڕانەوە بۆ ماڵ یا زێد وەرگیراوەو بە کورتی بە مانای بریاخواردن بۆ ڕابردوویەکی خۆش و شکۆدار یان فەرعانەیەکی لە کیسچووو هەروەها خەمی دوورکەوتنەوە لە زێدو نیشتمانو تەنانەت ئەم شوێنە فەرزییەی کە مرۆڤ پێیوایە لێی دوور کەوتۆتەوە. کەوابوو ئەگەرچی نۆستالێژی لە گەڵ خەمی دوورکەوتنەوە لە زەمان (کات) هاوتەریبی زۆرترە بەڵام دەکرێ ڕەهەندێکی شوێنی (مکان)یشی هەبێو "خەمی غوربەت"و "دەردی هیجرەت"یشی پێوە لکابێ بەڵام جیاوازی لەوەدایە کە پێناسەی یەکەم لە نۆستالێژی (پێناسەی کاتی) توخمێکی میتافیزیکیی هەیەو پێناسەی دووەم بە پێچەوانە لە چوارچێوەی شوێن کاتی فیزیکیشدا جێی دەبێتەوە بەو مانایە کە لە باری فیزیکییەوە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو محاڵە بەڵام هاتنەوە بۆ زێدی خۆت شتێکی ئاساییە. ئەگەرچی هەستو عاتیفە بەردی بناغەی توخمی نۆستالێژی پێکدێنێ بەڵام زۆر جار ڕەهەندێکی عەقلیشی لە گەڵ ئاوێتەیە. عەقلێك کە لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگار بەرهەم هاتووەو بە ئاوردانەوە بۆ دواوە کێشەو مەسەلە دژوارەکانی قەدیم ڕوون دەکاتەوە هەڵبەت با ئەوەش بڵێین کە ڕابردوو لە سیمای ڕاستەقینەی خۆیدا دەقاودەق ئەو تابلۆ جوانو شکۆدارو بریقەدارە نیە کە نۆستالێژیستەکان دیبینن بەڵام هەڵاتن بۆ ڕابردوو لە سیمای ڕاستەقینەی خۆیدا، دەقاودەق ئەو تابلۆ جوانو شکۆدارو بریقەدارە نیە کە نۆستالێژیستەکان دەیبینن.

بەڵام هەڵاتن بۆ ڕابردوو وەك بەهەشتێکی لە کیس چوو دەتوانێ مەرهەمێك بێ بۆ کەمکردنەوەی ئازاری ژیان لە دۆزەخی هەنووکەدا. ڕەنگە پێوەندیی نێوان نۆستالێژیو سیاسەتیش هەر لەم سۆنگەیەوە مسۆگەر بێ.

تلویزیونەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (وەك دەنگو ڕەنگو ئاوێنەی بالانوێنی واقیعی حیزبەکان) لە نۆستالێژیای ڕابردوودا دەژین. بڵاوکردنەوەی فیلمو بابەتی ئارشیویی لەمەڕ شەڕی چەکداریو چالاکییە سیاسییەکانی سەرەتای هەشتاکان ۔ ئەویش بە شێوەیەکی بەربڵاوو بە بێ ڕوونبوونی هەڵوێستی نەزەریو کردەوەییو ئێستای وان لە بەرامبەر بابەتێکی وەك شەڕی



چەکدار لە پانتایی تەحلیلی داـ سیاسیو گوفتمانی ئەم بەرنامەدا وێناچێ دەرکەوتو یان بەهایەکی ڕاستەقینەی سیاسیو تەنانەت میدیایی هەبێ و ڕێك دەچنە خانەی نۆستالێژییەوە لە حاڵێکدا کە بە کردەوە خەباتی چەکداری ڕاگیراوەو هەڵوێستی نەزەریشیان لە بەرامبەر ئەم شێوە خەباتە لەگەڵ تارماییەك لە شكو گومانو ئیبهام ئاوێتە بووە بڵاوکردنەوەی بەرنامەی لەم چەشنە، ئەگەریش کارکردی وەك ڕاکێشانی سرنجی وەچەی تازەو لاویشی هەبێ بەڵام بە هیچ جۆر نکۆڵی لە توخمو ناوەڕۆك نۆستالێژیکەکەی ناکرێ لە حاڵێکدا لە کاتی پێشاندانی ئەم بەرنامانە بۆ بینەر ڕوون ناکرێتەوە کە ئاکامو قازانجو یان زیانەکانی ئەم شێوە چالاکییە چی بووەو ئێستا بۆ ڕاگیراوە یان لانیکەم چەند ساڵە ڕاگیراوە! نموونەیەکی دیکە پێشاندانی ئەو فیلمە موستەنەدانەن کە بە چۆنیەتییەکی لاوازەوە کووچەو کۆڵانو شەقامەکانی شارەکانی کوردستان نیشان دەدەن ئەگەرچی لەم بابەتەیشدا ئەم گریمانەیە هەیە کە ئامانج ڕاکێشانی سرنجی خەڵکی ئەم شارانە بۆ لای حیزبی خاوەن تلویزیون بێ، بەڵام گومان لەوەدا نیە کە توخمێکی بەهێز نوستالێژی ئەویش لە چەشنی مەکانی ۔ دوور کەوتنەوە لە زێدو نیشتمان ۔ لەم بەرنامەدا بوونی هەیە. سرنجراکێش ئەوەیە کە ئەم جۆرە فیلمانە لە تێکڕای ئەم کاناڵانەدا بڵاو دەبنەوە هەڵبەت ڕادەی بوونی چەمکی نۆستالێژی لەم کاناڵانەدا بەقەرایەك نیە کۆمەڵەو ڕۆژهەڵات لە تیشك نوستالژیك ترنو کۆمەڵەش مایەی نۆستالێژی لە ڕۆژهەڵات زۆرترە، هەڵبەت ئەگەر زەمینەی باسەکەمان نەختێك بەربڵاوتر بکەینو پەل باوێنە نێو باقی سازمانو حیزبەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن نموونەیەکی تیپیکتر لە سایتی "ڕاه توده"مان وەدەست ناکەوێ! ئیدی لەوێدا نۆستالێژی وەك بەفرو باران بەسەرماندا دەبارێ، لە بابەتو دیمانەکان ڕا بگرە تا وێنەکانو تەڕاحیو گرافیکی سایتەکە. نۆستالێژی بۆ یەکیەتی سۆڤیەتو بلووکی ڕۆژهەڵات، بۆ ڕێبەرانی مردووی حیزب، بۆ دەركو پەنجەرەی دەفتەری حیزب لە بیستەکان لە تارانو تەنانەت بۆ شکستو نەهامەتییەکانی.

لە بەر ئەوە نۆستالێژی لە ئەساسدا چەمکێکی زیاتر عاتیفیو کەمتر عەقڵییە، پێوەندی لەگەڵ سیاسەت ناکرێ پێوەندییەکی ئاساییو یان زەرووری بێ. ڕەنگە بکرێ ئەم بانگەشەیە بێنینە گۆڕێ کە نۆستالێژی لەگەڵ دەستەوەستانیو خەسیوبوونی سیاسی، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆو تا ڕادەیەکی ئۆرگانیك هەیەو بە پێچەوانە لە کاتی چالاك بوونو مەیداندارbوونـدا ڕادەی دادەبەزێ. ئەگەریش لە ڕوانگەی فەلسەفییەوەچەمی "ڕابردوو" وەك توخمی سەرەکیی نۆستالێژی شیکاری بکەین، دیسانیش هەر بەم دەرئەنجامە دەگەین کە لە پێشدا باسمان لێوە کردوە، کەسانێك پێیان وایە کە "ڕابردوو" بوونی نەبەو هیچ شتێك جگە لە "هەنووکە" لە جیهانی کردەوەدا هەستی پێ ناکرێ. تاقمێکیش دەڵێن "هەنووکە" بوونی نیەو دەرکی ئێمە لە شوێن ۔ کات، کۆی ئەزموونەکانی ئێمە لە ڕابردوو هاورێ لەگەڵ ڕوانگەو بۆچوونمان بە داهاتوو تەنانەت ئەگەر نەزەری دووەمیش بسەلمێنین، دیسان گرفتێك دێتە پێش، ئەم ڕابردوویەی کە لەم کاناڵانەدا باسی لێوە دەکرێ، بە نیسبەتی ئێستا ڕابردوویەکی دوورەو هەروەها پچڕانێکی ١٠–١٥ ساڵە لە هەنووکەی دوور دەخاتەوە. بەواتایەکی تر ڕابردوویەکە کە ١٥ ساڵ بەر لە ئێستاش هەر "ڕابردوو" بوو!

لە کۆتایی باسەکەدا باشترە نموونەیەکی دیکە بهێنمەوە. ساڵانی ٥٩و٥٨ کە شۆڕش لە کوردستانی ئێران لە لوتکە دابوو، نەختێك پتر لە ٣٠ ساڵ لە شکستی ئەزموونی کۆماری کوردستان تێپەڕی بوو، هەر وەك ئێستاکە نەختێك کەمتر لە ٣٠ ساڵ لە ساڵانی ٥٩و٥٨ دوور بووینەتەوە لە پێکگرتنێکی ئەو دەمو ئێستادا ڕەنگە بۆمان دەرکەوێ کە هەستی نۆستالێژیا لە ساڵی ٥٨ بۆ کۆماری کوردستانی ساڵی ٢٤ گەلێك کەمتر بووە لە خۆزگەو بریاکانی ئێستا بۆ ساڵی ٥٩و٥٨، هەر ئامانجی خەبات سەر لەنوێ سازکردنەوەی ئەم کۆمارە جوانەمەرگەش بووبێ. ئەوەش دەتوانێ دوو هۆی هەبێ: یەکەم لە ساڵی ٥٨ بەتەواوی لە جەنگەی کارو تێکۆشانو هەروەها ڕووبەڕووبوون لەگەڵ ڕەوتی خێرای گۆڕانکارییە یەك لە دوای یەکەکان لە تەواوی ساحەکانی ژیاندا بوونو دەرفەتێکی ئەوتۆیان بۆ بیر لە ڕابردووو خۆزگەو بریا نەبوو. دووەمیش ئەوە بوو کە ئاکتەرەکان زۆربەیان گۆڕابوونو چینێکی تازەپێگەیشتووو لاو خەریکی کایە لە مەیدانی سیاسەتدا بوون. بەڵام ئێستاکە وانیە ئەکتەرە سەرەکییەکان هەر لە جێگای خۆیانو گۆرانکارییە تیژپەڕەکان بە جۆرێکی کە پیاو لە سبەی خۆی دڵنیا نەبێ جێی خۆیان داوە بە ئینتزارێکی کوشندەو لە بڕاننەهاتوو کە دەرکەوتە حیزبیەکەی بۆتە ئۆردووگانشینیو ئینفعالو ڕەنگدانەوە تلویزیونیەکەشی بۆتە نۆستالێژی بۆ ڕابردوو. ڕەنگە لەم پاساوە عاتیفەیە کە ڕابردوو هەرچی بێ لە ئێستا باشتر بوو هەر چەند لە شیکارێکی لۆژیکیدا ئەگەری ئەوە هەیە ڕاستی ئەم بۆچوونەش بکەوێتە ژێر پرسیارەوە!

*تێبینی: ئەم بابەتە لە ماڵپەری ڕێنسانس دا بڵاو کراوەتەوە لاپەرەی ئازادی "کوردستان" لەبەر گرینگی بابەتەکە پێی باش بوو بڵاوی بکاتەوەو بیخاتە بەر چاوی خوێنەرانی خۆی.

## پەیڤ

# خەباتی مەدەنی و دەربڕینێکی پارادۆکسیکاڵ

محەمەد عەزیزیان

هەنووکە باس کردن لە خۆپێشاندان و نارەزایەتی دەربڕین و مانگرتن و بەگشتی تەواوی ئەو چالاکییانەی کە لە چوارچێوەی نافەرمانی مەدەنی دا خۆ دەنوێنن لە سەر ئاستی زۆربەی لێدوان و گوتاری سیاسی و ڕاگەیاندنی پارتە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە بە ڕۆژەڤی سەرەکی و هەرکام لەو پارتانە خوێندنەوەی تایبەتی خۆی بۆ ئەم حەرەکەتانە هەیە و بە جۆرێك ڕاڤە و ئانالیزیان دەکەن کە هاوتەریب بێ لەگەڵ بەرژەوەندی تایبەتی حیزبەکانیان. بەم شێوەیە لەگەڵ چەندین تێڕاونینی جیاواز لە پێوەندی لەگەڵ ئەم بابەتە بەرەورووو دەبین. بەڵام ئەوەی وەکوو خاڵی هاوبەش هەموویان لەسەری کۆکن و بۆتە ئاخێوی سەرەکی ڕاگەیاندنەکانیان بابەتێکە لە ژێرناوی خەباتی مەدەنی، پشتیوانی لە خەباتی مەدەنی و بەهێز کردنی خەباتی مەدەنی. ئەمە بابەتێکە دەبێ ڕاوەستەیی لە سەر بکەین چونکە ئاماژەیە بەدەربڕینی پارادۆکسیکاڵی ئەم پارتانە. چونکە باس کردن لە خەباتی مەدەنی لەگەڵ نافەرمانی مەدەنی کە پارتە کوردییەکان ئەم دوو چەمکە بە یەك واتا بەکار دێنن جیاوازیەکی زۆری هەیە کە لێرەدا هەوڵ دەدەین شیکردنەوەیەکمان بۆ ئەم دوو چەمکە هەبێ.

خەباتی مەدەنی بەواتای ئەوەیە کە پێش لە هەموو شتێك سیستمێکی دێموکراتیك بە تەواوی بایەخ و پرەنسیپە دێموکراتیکەکانەوە بوونی هەبێ و لەو پێکهاتەیەدا خەڵك دەرفەتی بەشداری لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و پێکهێنانی تەشکیلات و ڕێکخراوی ئاشکراو بەشداری لە دەسەڵاتی سیاسی و هەروەها مەجال بۆ هێنانە گۆڕی ویست و داخوازییەکانی خەڵك لە ڕێگای ڕێکخراوو دامەزراوە ناحکومیەکان لە ئارا دابێ و بە شێوەیەکی گشتی خەڵك لە ڕێگای ئەم ڕێکخراوو دامەزراوانەوە بتوانێ گوشار بخاتە سەر دەسەڵات بۆگەیشتن بە ویست و داخوازییەکان و پێکهێنانی هێندێك گۆڕانکاری لە چوارچێوەی سیستمی سیاسی وڵاتی دیاریکراودا.

بەڵام نافەرمانی مەدەنی چیە؟ مەبەست لە نافەرمانیی مەدەنی کۆسپ و تەگەرە خستنە سەر ڕێگای بەڕێوەبردنی کاروباری حکومەتیو داخستنی کارخانەو کۆمپانیاو دامەزراوە دەوڵەتییەکان و هەروەها دروست کردنی کێشەو قەیرانی ئابووریو سیاسی بۆ حکومەت و دەتوانین بڵێین هەوڵدانە بۆ ڕانەپەڕاندن و ڕاوەستانی کاروباری حکومەت. ئەو شتەی کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادایە و پارتە کوردییەکان پێی دەڵێن خەباتی مەدەنی. لێرەوە دەتوانین بڵێین لە چوارچێوەی ئەو سیستمانەی کە نادێموکراتیك و داخراون و حیزب و ڕێکخراوو دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی مۆڵەتی ئەوەیان پێنادرێ کە بە شێوەیەکی ئاشکراو سەربەخۆ چالاکییەکانیان بەڕێوەبەرن چەمکی خەباتی مەدەنی دەچێتە ژێر پرسیارو هیچ مانایەکی نامێنێ. بەڵام نافەرمانیی مەدەنی لە وڵاتانی نادێموکراتیك و داخراویشدا دەتوانێ بەڕێوەبچێ دیارە ئەویش لەگەڵ فشاری دەوڵەت بەرەورووو دەبێتەوە. وەکوو کۆماری ئیسلامیی ئێران.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین کە تێکەڵ کردنی ئەم دوو بابەتە بە یەکتر ئاماژەیە بە لاوازی تیورێکی فکریو سیاسی ئەم پارتانە کە لە گوتارو دەربڕین دا خۆی دەنوێنێ.

# دەلاقەیەکی ڕەچەڵەکناسی لە مەڕ سێکۆلاریزم

## جیاوازیی نێوان دین و فەلسەفە لەوەی دایە کە:

## " دین پیرۆز بە حەقیقەت دەزانێ بەڵام فەلسەفە، حەقیقەت بە پیرۆز دادەنێ."

جەلال حاجی زادە



**سیکۆرریزم، یەك لەم واژانانەیە کە قسەوباسی زۆر لە سەرە. دیارە ئەم چەمکە بنەمایەکی ڕۆژئاوایی هەیەو پرۆسەیەکی مێژوویی و قۆناخی جیاجیای بە سەردا تێپەڕیوە. بە واتایەك سیکۆلاریزم یەکێك لە گرینگترین دیاردەکانی چاخی ڕۆشنەریەودنیای ڕۆژئاوایە کە تەشەنەی کردوە و باڵی بە سەر کۆمەڵگاکانی دیکەشدا کێشاوە.**

**لەم ڕووەوە ئەو کورتە بابەتە لە سەر شیکردنەوەی ئەو چەمکە، هەوڵ دەدا زۆر بە کورتی وبە کوردی لەو بارە وەچەند پرسیارێك دێنێتە بەر باس و لە وەڵامدانەوەیان دا لایەنەکانی ڕوون بکاتەوە. لەیەکەم تێبینی دا ئەو پرسیارانەمان لە بەردەم قوت دەبنەوە کە: سیکۆلاریزم چیە؟ چۆن هاتۆتە ئاراوە؟ مەبەستی سەرەکی سیکۆلاریزم لە چیدایە؟ کانگاو ریشەکانی ئەو دیاردەیە چیە؟**

چەمکی سیکۆلاریزم لە واژەی (aiou) ی یۆنانی ( saeculm) ی لاتین وەرگیراوە. ئەم واژەیە کە شرۆڤەی جیاوازی لە سەر کراوە، لە بنەڕەتدا بە واتای ( چەرخی سەد ساڵانە ) یە.( وثیق، ١٣٨٤ ، ص ١٦٧ )

زاراوەی سیکۆلاریزم (secuaizm ) لە ناو وێژەی ئورووپایی بۆ یەکەم جار لە کۆتایی سەدەی شازدە و سەرەتای سەدەی حەفدەی زایینی دا لە بڕیارنامەی وێستڤالی (westphali ) دا لە کار کراوە. ( همتی، همان، ص ٩)

ئەگەرچی تەڤگەری سیکۆلاریزم هەر لە کۆنەوە کارکردی هەبووە، بەڵام یەکەم جار بە فەرمی لەلایەن جۆرج یاکۆب هاڵی ئوکی ئینگلیزی لە ساڵی (١٨٤٦ ) دەکار کردە. (کلاین سن، ص ٢٥)

برایان ویلسۆن لە ڕاڤەی ئەو چەمکە دا، ئاوا دەنووسێ:" لەو سەردەمەدا، مەبەست لەم واژەیە، شرۆڤەیەك بوو بۆ ئەو وڵات و پێکهاتانە کە لە ژێر چاوەدێری و سەروەریی کەنیسەکاندا دەرباز ببوون و بەم جۆرە کەوتبوونە ژێر کۆنترۆڵی زاڵی پێکهاتنە نەریتیەکان." ویلسۆن،" secu izatiom"، ص ٢٨٥ )

بەو ڕامانە، هەر لە کۆنەوە، دەزگای کلیسا ئەو قەشەو خاچیانەی کە لە جەغر و ڕێکخراوە نائایینی و ناکلیساییەکان بە شێوەیەکی سەر بەخۆ و بە بێ پرۆپاگەندەی مەزەبی کاریان دەکرد، بە سیکۆلار ناو بردوون.( همتی، همان، ص٩)

دیاردەی سێکۆلاریزم بە واتای، بە نەریت (عورف ) ی بوون، ئاوەزگەی، دنیاگەرایی، لە وێنەی ئەو جیهانی یە، سەردەمایەتی، جیاوازیی نێوان دینوحکوومەت و ... هاتووە. هەر بەو بۆنەشەوە، یەکێك لە سەرەکیترین کاردانەوەکانی ئەم چەمکە لە پانتا و گۆڕەپانی سیاسەت و دەوڵەت دا ڕەنگی داوەتەوە و گەلێك ڕەخنەو گازندەی لە سەر کراوە. سروش لەم بارەوە بەو شێوەیە ڕای خۆی دەردەبڕێ: "نائایینی بوونی حکوومەت و وەلانانی وشیارانەی ئاین لە گۆڕەپانی ژیار و ڕامیاری." (سروش، ١٣٧٦ ،ص ٤٢٤ )

دیارە ئەمە بە واتای تەنگەتاو کردنی دین لەلایەن سیاسەتەوە لێك نادرێتەوە.

بە هەر چەشنێك، پاڕادایمی سیکۆلاریزم، زۆر بە ئاستەم پێناسە هەڵدەگرێ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەکرێ شرۆڤەی بکرێ. فەرهەنگی ئاکسفۆرد بەو چەشنە دەنووسێ " بڕوا بەوەی کە یاسا و پەروەردەکردن و زۆربەی لك و پۆیە کۆمەڵایەتییەکان زیادە لەوەیکە لە سەر بنەمای مەزەب (ئاین ) پۆلێ بکرێ لە سەر کەرەسەی زانستی دابمەزرێ. (ربانی، ١٣٨٤ صص ١٩ ـ ١٨ )

بەو پێیە، بەگشتی، دەشێ سیکۆلاریزم بە واتای جیاوازیی نێوان دین و دنیا، جودایی سیاسەت لە ئاین یان دین و دەوڵەت ناودێر بکەین.

عەلی ڕەزا عەلەوی تەبار لە نامیلکەی" سیکۆلاریزم ودێموکراسی" دا (لاپەڕەی ٢٢) ڕاشکاوانە سیکۆلاریزم بە مانای جودایی و جیاوازیی نێوان ئاین و ڕامیاری یاخود ئاین لە دەسەڵات دەزانیی. بێرنارد لوئیس یش وای بۆ دەچێ کە زۆربەی کات سیکۆلاریزم هاوڕێی " جودایی"یە. ( کلاین سن، هەمان . ل ٦ )

بێ گومان، باوترین و ڕەنگە گونجاوترین مانای نێوەرۆکی ئەم زاراوەیە،"داڕنینی پیرۆزی لە دەسەڵات" بێی. دەلاقەیەکی توێکاری و دراسەت لە مەڕ مانا و تێکستی ئەو چەمکە، ئێمە دەباتە سەر ئەو ڕایە کە یەکێ لە هۆکارەکانی جوداکردنەوە و شەن و کەوکردنی دین لە سیاسەت، دژوێری و پاڕادۆکسی ئەو دۆزو دیتانە لە ناخی ئامانجەکانیان دایە. لەو ڕوانگەوە، هەر کام لەو دوو دیاردانە، هەڵگری ئارمانجی تایبەت بە خۆیانن کە هەرگیز پڕ بەپێست و هاوتەریبی یەکتر نین و ڕەنگە لەگەڵ یەکتر ئاوێتەیی و ڕاپەڕموونیەکی چڕوپڕیان نەبێ، و دژێکی بەرفراوانیان هەیە. دین ڕووی لە ئاسمان و جیهانی خولیایی دوارۆژە و لێدوان و ڕاهێنانەکانی خۆی هەڤگر لەگەڵ خێرو بەختەوەریی ڕۆحیی ئەو جیهانە تەکوز دەکا، بەڵام سیاسەت کامەرانی و سەرکەتوویی و بەختەوەریی دنیای واقیعی مرۆڤ دەپێوی. واتا بە هیچ شێوازێك سیاسەت یا بە پێچەوانە دین، ناشێ پێناسەیەك بێننە ئاراوە کە تێیدا یەکتر ئیبادە بکەن.

بێ شك یەکێ لە بنەماکانی سیکۆلاریزم، لە یەکتر هەڵاواردنی سنووری نێوان دین و دەوڵەت، یا خود بە واتایەکی دیاریکراوتر، ئاین لە دەسەڵاتە. سیکۆلاریزم دەڵێ، دەسەڵات پیرۆز نیە و خاوەنەکانیشیان ناشێ بە مرۆڤی پیرۆز لەقەڵەم بدرێن. جان لاك لە پەڕ تووکی( cohcerninj aletter tolergtion ) دوای پێناسەو ڕاڤەی حکومەت و هەروەها دەزگای کلیسا، بەو جۆرە دەئاخڤێ: " هیچ کام لە و دووانە، ڕێگەیەکیان بە سەر جەغز و قەڵمڕەوی یەکتر دا نیە." ( محمودی ل ١٨).

لە ژێر تەوەری سیکۆلاریزم و لە سەر بژاری ئەو زاراوەیە، دەکرێ پەنجە بۆ هەندێك خاڵی سەرەکی ڕابکێشین کە بریتیە لە جیاوازی بازنەی دین لە سیاسەت و وەك بەردی بناغەی ئەم چەمکە تێڕامانیان لە سەر دەکرێت.

١ـ بەرفراوانی و بەربڵاویی ئاین لە هەمبەر سیاسەت کە چەمکێکی ناوچەیی و سنووردارە.

٢ـ پێکهێنانی حکومەت، بەشێك لە ئاین و ئەرکە بنەڕەتییەکان و پڕەنسیپی دینی نیە.

٣ـ ئاین خۆی لە خۆیدا شیوەزار و ڕێبازێکی دیاریکراو و هەڵبژاردەی بۆ دابین کردنی شێوازی ڕێژیمی سیاسی و هەڵسوکەوتەکانی ئەو سیستمە، نیە.

٤ـ بەو هۆیە کە دەسەڵات و سامان، یەکێ لە بەشە خوازراوەکانی بێ ئەملاولای سیاسەتە، گرێبەستی دین لە گەڵ ئەم دوو فاکتۆرە، جیا لە گەندەڵی، سەرئەنجامێکی تری بۆ بەدی ناکرێ.

٥ـ ناتەبایی و چەقەسرۆیی دەوڵەتی دینی لەگەڵ بەشداریی سیاسیی بەربڵاوی جەماوەر و ئەوە کە حکومەتی ئایینی و تێئۆکراسی، لە یەك لاوە تووشی گەندەڵی دێ و پاوانخوازی بنیات دەنێ، لەلایەکی دیکەشەوە دەبێتە ئامرازو داردەستێکی مەترسیدار لە مشتی تاقمێك لە دەسەڵاتخوازان و خۆتێهەڵقوتاندنی سیاسی.

٦ـ خۆتێوەردانی پیاوانی ئایینی لە بازنەی سیاسەت و حکومەت، لە تەك پیرۆزی و ڕۆحانی بوونی دین بە هیچ کلۆجێ تەبایی نیە

٧ـ ئەزموونی مێژوویی مرۆڤ ، پێشاندەری ئەوەیە کە سەقامگیرکردنی حکومەتی دینی و ڕەوتی تێئۆکراسی و خۆ تێهەڵقوتاندنی شێخ ومەلاو پیاوانی ئایینی لە سیاسەت، گۆنگەڵ هەڵخرێن و جێی مشت و مڕێکی بەرینە و دەبێتە هۆی لێکترازان و دووربوونەوەی ئاپۆرەی خەڵك لە ئایین.

٨ـ ئاین بەگشتی و بە درێژایی مێژوو، دژایەتی و بەربەرەکانیەکی دیارو نادیاری لەگەڵ ئاوەزو زانست و کەرەستەی مادی و ئازادیی بیرو باوەڕ لە خوی نواندوە، هەر بۆیەش هاوڕێیی و بەیەکەوە گونجانی ئەم دووانە مومکین نیە.

خاڵێکی سەرنجڕاکێش کە پێویستە لە بیری نەکەین ئەوەیە کە، تاقمێکی زۆر لە بیرمەندان و زانایان لە سەر ئەو ڕایە سوورن کە سێکۆلاریزم بە واتای جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و سیاسەت، هەڵدەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕاستییە کە دین پیرۆزە، چ ئەوەیکە ئاین و ئۆلێکی پاقژی و ڕەسەن و ئیلاهی، ناشی لەگەڵ پیسی و چەوتی و ناحەزیی دەسەڵات! و فرت وفێڵی سیاسەت ئاوێتە بکرێ، کەوایە لایەنگری لەو باوەڕە، بریتییە لە پاراستنی دین و دانپێداهێنان بە بنەما بوونی ئایین. بەڵام لەو لاشەوە، کۆمەڵێکی تر لە بیردۆزان و هزرڤانان، وای بۆ دەچن کە لە بنەڕەتدا ئەو دووانە، لێك جیاوازن و هیچ پێوەندییەکی ڕەسەن و پتەویان بە سەر یەکەوە نیە و تێکهەڵکێش کردنیان هەڵەیەکی زۆر مەزنە. گرێدراو بەوانەش هەندێکی تر لەو بیرمەندانە وای لێك دەدنەوە و لێی تێ دەگەن کە ئایین و شەریعەت، دیاردەیەکی تاکەکەسی و کەسی یە و هەر کەس بۆی هەیە، هەرجۆرێك بیربکاتەوەو بڕوای بێ، بە مەرجێ کە لەلایەکەوە بیروباوەڕی تاکەکەسیو هەڵبژاردەی خۆی بە سەر کەس دانەسەپێنێ و پڕۆپاگەندەی بە کۆمەڵ و ستەرەکتۆریی و ڕێکخراوەیی بۆ نەکا و لە لایەکی دیکەشەوە، دەسەڵاتی سیاسی لە خۆێندنەوە(Readinj) و بیروباوەڕێکی تایبەتی و پوختەکراو لە نێوەرۆکی هیچ مەزەب و ڕێچکە ئایینێك بەفەرمی و سیستمی پشتیوانی نەکا و تا ئەو جێگەیەی کە بووز دەخوات خۆی لە تێکەڵاوی بپارێزێ. ئەم تاقمە، ئایین و بڕوای ئایینی، تایبەت بە بیاڤی کەسێتی دادەنێن و دەسەڵاتی سیاسی و ڕەهەندی ڕامیاری بە بیاڤی گشتی دەزانن.

دیارە لە هەمبەر تۆڕەمە و ڕێژگەو بزاڤی ئەو دیاردەیە دەکرێ پەیڤینی لە سەر بکرێ، هەر لەو قەمچەشەوە کۆمەڵێك هۆکارو بەستێنی دیاریکراو سەبارەت بە داهاتن و شیکارایی نێوەرۆکی پاڕادایمی سێکۆلاریزم، دەخەینە بەر چاو. بەگشتی سێ مەکۆو بیاڤ بۆ چەکەرەو سەرهەڵدانی سیکۆلاریزم لە لایەن زانایانەوە دەسنیشان کراوە. مێژوویی، ئایینی و فەلسەفی، کەهەوڵ دەدەین زۆر بە کورتی ئاوڕێکیان لێ بدەینەوە.

ریشە گەلی مێژوویی ـ ئایینی سیکۆلاریزم یەك لەو بەستێنانەیە کە تاقمێکی بەرچاو لە زانایانی بواری کۆمەڵایەتی و ئایینی ئاماژەی پێ دەکەن. بەرای هۆگرانی ئەو باوەڕە، یەکێ لە سەرەکیترین و بناغەییترین سۆنگەو پێگەی سەرهەڵدانی سیکۆلاریزم، دەقی پیرۆزی ئینجیل و تێڕامان و خوێندنەوەی ئەندێشەی خاچیەکانەو ژێدەر و کێڵگەی پەرەسەندن و هەڵقوڵانی ئەو دیاردەیە، دەشێ لە ناخی کۆمەڵگای ڕۆژئاو دا بدۆزێتەوە.

هەرچۆنێ بێ، لە باری ئایینیەوە دەتوانین پشت بەو ئایەتانەی ئینجیل ببەستین کە دەڵێ: " قەڵەمڕەوی من (مەسیح) پێوەندییەکی بەم جیهانەوە نیە." ( انجیل یوحنا، باب ١٨ ، ص ٣٦ ) "بەشی قەیسەر هەر ئەوەندەیە کەهی قەیسەرە بە خواوەندییش ئەوەندە دەگا کە هی خواوەندە" (انجیل متی، باب ٢٢ ، ص ٢١)

زیادە لەوەش وتەیەکی سێزار مەسیح هەیە کە دەڵێ: " ئەرکی بە سێزارو ئەرکی خواوەند بە خواوەند بسپێرە". وێدەچێ، ئەو دوو دەستە تەوەرەی لە لایەن ئاگۆستینەوە پولێن کراون هەر درێژەدەری ئەو ڕێگەیە بێ، کە لە نێوان دوو " شار " واتا، شاری دنیاو شاری یەزدان، جیاوازیی دانا. هەر ئەوەش وەك خاڵێکی مێژوویی و ئایینی لێك دەدرێتەوە.( کلاین سن، همان، ص٣) هەر بۆیەش دەگوترێ، ڕەگ و ریشەی سیکۆلاریزم لە ناو کۆمەڵگای مەسیحی و ڕۆژئاوایی و" لە بەستێنی ئایینی دا، چەکەرەی کردوە" ( کلاین سن، همان، ص٢)

هەر وەك ئاماژەی پێدرا، یەکێ لە زەمینە گەلەکانی دیکەی سیکۆلاریزم بواری فەلسەفەیە، کە دەکرێ لەم بارەشەوە ئەنگوست لە سەر هەندێك لەو کەسایەتیانە دابنێین.

ئیمانۆئێل کانت، بەپێی دوو پڕەنسیپی، " ئازادی و ئاوزگەری،" سەروەری و سەرتاپاگیری کلیساو گشت ئایینە تاك خواییەکان دەخاتە بەر جەنجەری ڕەخنەو لە نامیلکەی " ئایین لە ناخی سنوورەکانی ئاوەزکی رووتی خۆی دا بەو شێوە دەنووسێ..." لە نێوەرۆکی کلیسادا، ئۆتۆریتەکی پاوانخوازانە حەشار دراوە و کاتێك کە یاساکانی ئایینی و ئایینزاکان ببنە بەشێك لە یاسای بنگەیی، ئەوە کەشیش و مەلاو قەشەیەنن کە (بە ناوی دین) سەروەرایەتی دەکەن." ( بەنقل از وثیق، همان، ص٦٠)

بە باوەڕی جان لاك، لە ژێر ناوی دین و بازنەی ئیمانی مەزەبی دا، قۆزتنەوەی دەسەڵات، بەمەبەستی داسەپاندنی خوێندنەوەیەکی تایبەتی و نیشان دانی حەقیقەتێکی تاك سەبارەت بە ڕزگاریی مرۆڤ ، جێگەو پێگەیەکی نیە و بە ناچار تووشی شکست دێت.( وثیق، همان، ص ٥٧ ) هەر بۆیەش دەرئەنجامی ئەو دیتانەو دۆزە، ئەوەیە کە ئایین نابێت خڵتەی سیاسەنیە خۆیەوە هەڵبگرێ.

هێگێل لەگەڵ ئەوەیکە داڵدەی جیاوازیو لێك هەڵاواردنی ئەم دوو تەوەرانە (دین و سیاسەت ) دەدا لە و باوەڕە دا بوو کە دین، ئازادی بن بڕو ئێلینە و بنکۆڵ دەکا و دەبێتە هۆی گەندەڵیی دەوڵەت. ( وثیق، همان، ص٧٢ ) گەلێك روونە کە رووی پەیڤی زۆربەی ئەو کەسایەتیانە لە ئایین و سیاسەت و کورتکراوە و ترۆپکی بابەتەکانیان لێکترازاندنی کلیسا لە قاپۆڕی دەسەڵات و سیاسەت دایە کارۆڵ مارکسیش دەیگوت:" هەڵوەشاندنەوەی سیاسیی دین (وەك دینی فەرمی ) بە واتای پووچەڵ کردنەوەی دین لە نێو کۆمەڵگادا نیە." ( وثیق، همان، ص ٨٣ ). زیادە لەوەش، بە گوێرەی پێوانۆی ئێلینە بوون و زانیاریی چینایەتی لە ناخی کۆمەڵایەتیدا لە سەر ئەو ڕایە پێدا گربوو" دین تەریاقی ئاپۆرەی خەڵکە". بەو پێیە دەتوانین بە گشتی کۆمەڵێك تەوەر کە ڕێگە خۆشکەری دیاردەی سیکۆلازیزمن، بە ئەژمار دین بەم جۆرە دەستەبەر بکەین ( شاکرین، جلد اول، ص٤٨ )

١ـ ئۆمانیسم(humanism)
٢ـ ساینتیسم(scientism)
٣ـ لیبڕالیزم(larism)
٤ـ ڕێژەگەری (rationalism)
٥ـ لائیسیزم (laicism)
٦ـ راسیۆنالیسم (rationalim)

ڕەنگە کاتی ئەوە هاتبێ کە بێژین، سیکۆلاریزم تێدەکۆشێ کە زانست خۆی لە جەغزی بەرتەسکی باوەڕە ئایینیەکان قەتیس بکا و ئەوەش مومکین ناکرێ مەگەر ئەوەیکە هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ ، خۆی لە ژێر پەنجەی دوگمی مەزەبی، دەرباز بکا، زۆر زەقە ئەوە بە مانای دژایەتی لەگەڵ دین نیە لەو گۆشە نیگایەوە، ئازادیی زانست و ئاوەز و هزری مرۆڤ لە باوەڕە دینییەکان دا لە هەمان کاتدا هاوڕێیە لەگەڵ دەرەتان و ڕەهایی حکومەت لە بن قورسایی دین و ئافراندنی" مرۆڤی ئازاد". ئەوەی ڕاستی سەرتاپاگیریی دین و لێکدانەبڕانی ئایین لە دەوڵەت، وەك خەسارەکانی دیموکراسی، لەبن هاتنی ئازادیی بیرو باوەڕو ڕادەربڕین لە قەڵەم دەدرێ، چونکە ماکی سەروەرایەتی لە ناخی دەوڵەتی سێکۆلارو دێموکرات دا بەخواست وئیرادەی ئازادیی جەماوەر دێتە ژمارتن.(کوین /بیتهام،١٣٨٤: ص٨٥ لەگەڵ ئەوەش، خاڵی سێ جاڕنامەی مافی مرۆڤ پێی لە سەر ئەو ڕاستییە داگرتوە کۆمەڵکەو کاریتەپشتی دەسەڵاتی حکومەتی بەویست و ئیرادەی خەڵکەوە گرێدراوە. ( همان ، ٨٦ ) کە بە داکرتوە بێ درڕۆنگی ئەوە ڕاست وخو لە هەمبەر بیرۆکەی پێکەوە هەڵکردنی ئەم دوو پاڕادایمانەیە. لە کۆتایی ئەم بابەتە دا ئەوەی کە دەشێ ڕامانی لە سەر بکرێت ئەو خاڵانەن:

١ـ سیکۆلاریزم خۆی لە خۆیدا دژایەتییەکی جەوهەریی لەگەڵ دین نیە هەر چەندە هەژموونی دین پەسند ناکا.

٢ـ سیکۆلاریزم لە بنەڕەتدا بە واتای جیاوازیی دین لە دەوڵەت و سیاسەتە و پێوەند بەوەش لەگەڵ قۆرخی دەسەڵات و سەروەریی سیاسی لەلایەن مەلایان و پیاوانی ئایینیەوە کێشەیەکی زەق وقووڵی هەیە.

٣ـ سیکۆلاریزم دیاردەیەکی وەدیهاتووی ڕۆژئاواییە و سەرتاپای دنیای ژیان و ژیواری گشت مرۆڤەکان دەگرێتەوە.

٤ـ سیکۆلاریزاسیۆن وەك پرۆسەیەکی مێژوویی ـ زانستی بەستێنێکی دیاریکراوی هەیە و بەرهەمی چاخی ڕۆناهی و ئاوەزگەری و ڕێنسانسە.

٥ جیاوازی و بەرگری کردن لە ئاوێتە بوونی دوو چەمکی دین و سیاسەت، خۆی لەخۆیدا بە قازانجی ئابڕووی دینەو لە پێناوی پاراستنی دین لە گەندەڵی و ئابرووتکان لێك دەدرێتەوە.

٦ـ مرۆڤی سیکۆلارو دەڵەتی سیکۆلار، واتای مرۆڤ و دەوڵەتی بێ دینی لێ بەدی ناکری.

٧ـ پایەوکۆڵەکەی سێکۆلاریزم ئاوەزگەری و زانست و بارودۆخی دۆنادۆنی سەردەمەو پێدا چوونەوەیەکی قۆوڵە بە سەر گشت دیاردە و بەر هەمهێنراوەکانی مێژوویی مرۆڤ .

٨ـ سیکۆلاریزم لەگەڵ ئەوەی کە بە واتای نسکۆکردن و بێ بایەخ کردنی دین نیە، وەك یەکێ لەتەوەرە سەرەکییەکانی دێموکراسی و دیاردەی ئاوەزگەری (عقلانییت) چاوی لێ دەکرێ.

سەرچاوەکان لە ئارشیوی ڕۆژنامە دا پارێزراون

# سیمای ژن له‌ تلویزیۆنی كۆماری ئیسلامی‌دا

**کوێستان فتووحی**

ژنانی ئێران له‌ سی ساڵی رابردوودا سه‌ره‌ڕای ئه‌و فشارانه‌ی له‌ لایه‌ن رێژیم و ده‌سه‌ڵاته‌كه‌یه‌وه‌ له‌ هه‌موو بواره‌كاندا له‌سه‌ریانه‌و له‌ زۆر ماف‌و ئازادی، ته‌نانه‌ت ئه‌و مافانه‌ی له‌ سه‌د ساڵی رابردوودا به‌ده‌ستیان هێنابوو بێبه‌ش كراون، به‌ڵام به‌وحاڵه‌ش به‌ هه‌وڵ‌و خه‌باتی به‌رده‌وامی خۆیان بۆ وه‌ده‌ستهێنانی پێگه‌یه‌كی باشترو شیاوتر له‌ كۆمه‌ڵگه‌دا، توانیویانه‌ له‌ زۆر بواری جۆراوجۆردا ده‌ركه‌ون‌و سیمای ژنانێكی به‌تواناو سه‌ركه‌وتووو پێشكه‌وتوو له‌خۆیان نیشان بده‌ن.

له‌په‌نا هه‌موو سه‌ركه‌وتنه‌كاندا پێویسته‌ هێندێك راستیی تاڵیش ببینین. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی هاوكات له‌ زانكۆكاندا زۆرترینی ده‌رچووان له‌ كچان پێك هاتوون، به‌ڵام به‌داخه‌وه‌ ئه‌و كۆسپ‌و گیروگرفتانه‌ی له‌ لایه‌ن سیستمی ده‌سه‌ڵاته‌وه‌ له‌سه‌ر رێیانه‌، وای كردوه‌ كه‌ له‌ كۆمه‌ڵگه‌ی ئێراندا ژنان زۆرتر له‌ سیماو نه‌خشی سوونه‌تی كۆمه‌ڵگه‌ی پیاوسالاردا ده‌ركه‌ون، نه‌خشێك كه‌ رێژیم ئامانجدار كاری بۆ ده‌كا تا له‌ بیرو زه‌ینی كۆمه‌ڵدا بیچه‌سپێنێ.

تلویزیون راگه‌یه‌نێكی گشتی‌یه‌و ئه‌م راگه‌یه‌نه‌ نه‌خشی گرنگ‌و كاریگه‌ری هه‌یه‌ له‌ سه‌ر فه‌رهه‌نگ‌و كولتووری كومه‌ڵگه‌. ئه‌گه‌ر چاو له‌ ده‌نگ‌و ره‌نگی كۆماری ئیسلامی بكه‌ین، بۆمان ده‌رده‌كه‌وێ كه‌ به‌رپرسانی ئه‌م ده‌زگا نیشتمانییه‌! سیاسه‌تێكی زۆر كۆنه‌په‌رستانه‌و پیاوسالارانه‌ به‌ نیسبه‌ت نه‌خشی ژنه‌وه‌ به‌ڕێوه‌ ده‌به‌ن. هه‌ركه‌س چاو له‌ فیلم‌و ریكلام‌و زنجیره‌ (سریال)ه‌كانی تلویزیونی كۆماری ئیسلامی بكا ته‌ئیدی ئه‌و ئیددیعایه‌ ده‌كا.

ئه‌و سیستمه‌ی رێژیمی كۆماری ئیسلامیی ئێران له‌و باره‌یه‌وه‌ به‌ڕێوه‌ی ده‌با، جۆرێكه‌ له‌ په‌روه‌رده‌ كردنی كۆمه‌ڵگه‌ له‌ پێناو ئیدئۆلۆژی ئه‌و رێژیمه‌دا. نیشاندانی نه‌خشی ژنان له‌ نه‌خشێكی سوننه‌تی‌دا بانگه‌شه‌یه‌ بۆ پێگه‌ی ژنان له‌و كۆمه‌ڵگه‌یه‌دا. به‌ردوام ئه‌و نه‌خشانه‌ دووباره‌و چه‌ندباره‌ ده‌بنه‌وه‌و له‌ بیروزه‌ینی خه‌ڵكدا ده‌چه‌سپێ. ئه‌و ژنانه‌ له‌ فیلم‌و ریكلام‌و سریاله‌كاندا زۆرتر ژنانێكن كه‌ خه‌ریكی ئاشپه‌زی، پاكوخاوێنیی نیوماڵ، گوێڕایه‌ڵی قسه‌ی پیاوانی بنه‌ماڵه‌ن و ئه‌و ئه‌ركه‌ كلیشه‌ییانه‌ی كه‌ سیستمی پیاوسالاری بۆ ژنانی داناوه‌.

**له‌ سه‌ر رۆڵ‌و نه‌خشی ژنان له‌ تلویزیۆنی كۆماری ئیسلامیی ئێران دا، پرسیارمان له‌ كۆمه‌ڵێك كه‌س كرد كه‌ به‌م شێوه‌یه‌ وه‌ڵامیان دایه‌وه‌:**

**رۆژین چالاكێكی خویندكاری دانیشتووی شاری بۆكانه‌ ده‌ڵێ:** ژنان راستییه‌كی ون بوون‌و نیوه‌ی شاراوه‌ی نێو كۆمه‌ڵگه‌ی پیاوسالارن. ژنانی ئێران له‌ ژێر فشاری فه‌رهه‌نگی‌و كۆمه‌ڵایه‌تی‌دا ئازار ده‌چێژن. سیمای ژن له‌ راگه‌یه‌نێكی تلویزیۆنیی ئیسلامی‌دا به‌ گاڵته‌ گیراوه‌. له‌ لایه‌كه‌وه‌ به‌ سه‌رچاوه‌ی هه‌ڵه‌و تاوان داده‌نرێ له‌ لایه‌كی دیكه‌شه‌وه‌ كه‌ڵكی ته‌بلیغاتی له‌ كه‌سایه‌تی ئه‌و مرۆڤه‌ وه‌رده‌گیرێ. نابه‌رابه‌ری له‌ نه‌خش‌و رۆڵی ژن‌و پیاو له‌ تلویزیۆنی كۆماری ئیسلامی‌دا زۆر به‌ روونی دیارو به‌رچاوه‌و له‌ راستای سیستمی پیاوسالاری‌دا ده‌چێته‌ پێش‌و كه‌سایه‌تیی ژن هه‌مووكات رۆڵی نزمتر له‌ كه‌سایه‌تیی پیاو ده‌بینێ. پیاوان سیمای ده‌سه‌ڵاتدارو سه‌ركه‌وتوو و ژنانیش له‌ په‌راوێز خراوو بێده‌نگ ده‌رده‌كه‌ون. ژن به‌ ناچاری ده‌بێ رۆڵێك یاری بكا كه‌ پێگه‌ی كۆمه‌ڵایه‌تیی ئه‌و هه‌ر به‌ پله‌ دوویی بمێنێته‌وه‌و زۆرتر هه‌ست‌و سۆز له‌ خۆی نیشان ده‌دا تاكوو عه‌قڵ. ده‌سه‌ڵاتی ئێران له‌سه‌ر ئه‌و باوه‌ڕه‌یه‌ ژنی باش‌و نموونه‌ ئه‌و ژنه‌یه‌ كه‌ له‌ نێو بنه‌ماڵه‌دا ده‌بینرێ‌و له‌ رۆڵی دایك یا هاوسه‌ردا ده‌رده‌كه‌وێ، ئه‌ویش هه‌مووكات وه‌ك كه‌سایه‌تییه‌كی به‌كاربه‌ر "مصرف كننده‌" رۆڵ ده‌گێرێ.

هه‌روه‌ها ئه‌م كچه‌ چالاكاكه‌ وتی: به‌ هۆی ئه‌و رۆڵه‌ نابه‌رابه‌ره‌ ره‌گه‌زییه‌ی له‌ فیلم‌و زنجیره‌ تلویزیۆنی‌یه‌كاندا زۆر به‌ كه‌می نه‌خشی مودیرو به‌رپرسی پێ‌ده‌درێ، ئه‌گه‌ریش رۆڵی مودیرێكی تێگه‌یشتووی پێبده‌ن، ئه‌و ژنه‌ ده‌بێ وه‌ك "بێوه‌ژن"ێك ده‌كه‌وێ. چونكه‌ نایانه‌وێ وا نیشان بده‌ن كه‌ ژن هاوكات له‌ دوولاوه‌ پێگه‌یه‌كی موسبه‌ت به‌ده‌ست بێنێ. رۆژین له‌ به‌شێكی دیكه‌ی قسه‌كانی دا وتی: ژن به‌و هه‌موو به‌هایه‌ی كه‌ هه‌یه‌تی به‌داخه‌وه‌ سیمای راسته‌قینه‌ی خۆی دیار نیه‌، ئه‌و رۆڵه‌ ره‌گه‌زییه‌ی به‌سه‌ری‌دا سه‌پاوه‌ سووكایه‌تییه‌ به‌ كه‌سایه‌تیی ئه‌و.

**هه‌ر له‌م باره‌یه‌وه‌ خانمێكی دیكه‌ی نووسه‌ر خه‌ڵكی شاری سنه‌ش وتی:**

"ژنان كاتێك له‌ كۆمه‌ڵگه‌ به‌ گشتی ده‌چه‌وسێنه‌وه‌و مافی هیچ بوونێكی واقعی‌و راسته‌قینه‌یان نیه‌، ئاسایی‌یه‌ كه‌ له‌ فیلمه‌كانیش دا ده‌قاوده‌ق وه‌كوو ئه‌بزارێك بۆ به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانی سیستم‌و له‌ رێگه‌ی ئامانجی ئه‌و دا به‌كار دێن. بۆ وێنه‌ كاتێك ژنان خۆیان له‌ فیلمی چه‌ند هاوسه‌رییه‌كاندا یاری ده‌كه‌ن یان هه‌میشه‌ نه‌خشی ژنی ماڵه‌وه‌یان هه‌یه‌ یان نه‌خشهایه‌كی ته‌قلیدی وه‌كوو په‌رستارو دوكتورو یان پۆلیس ئه‌و شتانه‌یان پێده‌درێت بێگومان كاتێك له‌م راستایه‌دا حه‌ره‌كه‌ت ده‌كه‌ن واته‌ له‌ راستای ئیده‌ئاڵه‌كانی سیسته‌مدا ئیش ده‌كه‌ن، چ فه‌رقێكی هه‌یه‌ كه‌ نه‌خشی ماڵیان یان له‌ ده‌ره‌وی ماڵیان پێبدرێت.

**ئه‌م خاتوونه‌ له‌ درێژه‌ی قسه‌كانی‌دا وتی:** "گرنگ ئه‌وه‌یه‌ ژن له‌ فیلمه‌كانیش دا زۆر په‌ست‌ترو بێچاره‌تر ده‌رده‌كه‌ون، چونكه‌ ئه‌گه‌ر ژنانێك بن كه‌ له‌ كۆمه‌ڵگه‌دا ئیشی سیاسی بكه‌ن یان له‌ رێگه‌ی مافی ژندا هه‌نگاو هه‌ڵ گرن له‌ فیلمه‌كاندا هه‌ر مه‌جبور ده‌كرێن له‌ راستای ئه‌هداف‌و ئامانجه‌كانی سیستم دا یاری بكه‌ن، واتا ئه‌و ژنانه‌ن له‌ فیلمه‌كاندا زۆر بێده‌سه‌ڵات‌و چه‌وساوه‌تر نیشانی خه‌ڵك ده‌درێن.

له‌ راستی‌دا ریشه‌ی ئه‌م كه‌موكورتییانه‌ له‌ تلویزیونی ئێراندا، پێوه‌ندییه‌كی راسته‌وخۆی له‌گه‌ڵ یاسا دژ به‌ ژنه‌كانی له‌ ئێستاو رابردووی مێژووی ئێرانیه‌ به‌ گشتی هه‌یه‌. ژن، وه‌كوو ژنی كارا، قه‌ت له‌ رابردووی فه‌رهه‌نگی ئه‌م ولاته‌دا بوونی نه‌بووه‌، مێژووی پیاوسالاری له‌م ولاته‌دا ریشه‌یه‌كی قووڵی هه‌یه‌، بۆیه‌ ئه‌م نه‌خشانه‌ی ئێستا له‌ تلویزیونی ئێراندا بۆ ژن هه‌یه‌ به‌لای خه‌ڵكه‌وه‌ زۆر ئاسایین.

خۆتان ده‌زانن ژن نه‌ك هه‌ر له‌ تلویزیۆن دا بوونێكی سونه‌تییانه‌ی هه‌یه‌، به‌ڵكوو له‌ هه‌موو بواره‌كانی كۆمه‌ڵگه‌ به‌ گشتی رۆڵ‌و پێگه‌یه‌كی شیاوو یه‌كسانی نیه‌ له‌ گه‌ڵ پیاودا، واته‌ بوونێكی رووكه‌ش‌و بێده‌سه‌ڵاتانه‌ی هه‌یه‌. راسته‌ ژماره‌ی ژنان له‌ زانكۆكاندا له‌ پیاوانیش زۆرترن، به‌ڵام چونكه‌ سیستم هیچكات بایه‌خی پێویستی به‌ رۆڵ‌و نه‌خشی ژنان نه‌داوه‌، یان هه‌ر ئه‌وه‌ ئامانجیه‌تی، له‌ تلویزیۆندا كه‌ راگه‌یه‌نێكی گشتییه‌ به‌م شێوه‌یه‌ فه‌رهه‌نگسازی ده‌كا.

**له‌ پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی كه‌ بزاڤه‌ كۆمه‌ڵایه‌تی‌و مه‌ده‌نییه‌كانی لایه‌نگری یه‌كسانیی ژنان تا چه‌ند توانیویانه‌ له‌م باره‌یه‌وه‌ ره‌خنه‌كانیان كاریگه‌ر بێ، ئه‌م نووسه‌ره‌ سنه‌ییه‌ وتی:** هه‌رچه‌ندیش بزاڤه‌ كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان‌و چالاكانی ژن هه‌وڵیش بده‌ن ژنان پێگه‌یه‌كی شیاوتریان هه‌بێ له‌ كۆمه‌ڵدا، به‌ داخه‌وه‌ زۆر كاریگه‌ری نیه‌. ده‌سه‌ڵاتی ئایین‌و بیروبڕوا سوننه‌تییه‌كان زیاتر ره‌نگدانه‌وه‌ی هه‌یه‌ له‌ سه‌ر كه‌سایه‌تیی ژنان.

**خاتوو "سیمین"یش له‌سه‌ر ئه‌و باوه‌ڕیه‌و ده‌ڵێ:** دیاره‌ كه‌ نه‌خشی ژن له‌ تلویزیۆنی ئێراندا نه‌خشێكه‌ كه‌ كۆمه‌ڵگه‌و قانوون پێی داوه‌. نه‌خشێكی سوننه‌تی‌و كلیشه‌یی كه‌ ژن دایكی دڵسۆزو فیداكاره‌ كه‌ له‌ باشترین شێوه‌دا ژیانی خۆی ده‌كاته‌ فیدای ژیان‌و ئاسووده‌یی بنه‌ماڵه‌. ژن ئاشپه‌زو پرستارو دایك‌و ژنی ماڵه‌.

ئازادیش كورێكی لاوی مه‌هابادییه‌، له‌ پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ رۆڵی ژنان له‌ تلویزیۆنی كۆماری ئیسلامیی ئێراندا وتی: به‌داخه‌وه‌ كاناڵه‌كانی ئێران رۆڵێكی زۆر نێگه‌تیڤیان هه‌یه‌ له‌ كولتووری نزمبینی ژنان له‌ كۆمه‌ڵگه‌دا. نه‌ریت‌و فه‌رهه‌نگی پیاوه‌زنی‌و دواكه‌وتووانه‌ی نێو كۆمه‌ڵگه‌ی ئێران پشتی به‌ یاسا دژ به‌ ژنانه‌كان‌و سیستمی ده‌سه‌ڵاته‌وه‌ به‌ستوه‌. ٣٠ ساڵه‌ ئه‌م رێژیمه‌ بۆ پته‌وبوونی ئه‌و فه‌رهه‌نگه‌ به‌ هه‌موو شێوه‌یه‌ك كاری بۆ كردوه‌. له‌ رێگه‌ی بیروبۆچوونی ئایینی‌یه‌وه‌ كه‌ڵكی وه‌رگرتووه‌و هه‌موو پێوه‌ره‌ یه‌كسانیخوازه‌كان خراونه‌ته‌ ژێر پێ‌و به‌ لادان له‌ ئایینی ئیسلام ناوده‌برێ. له‌ سیستمی په‌روه‌رده‌ی ولاتی ئێرانی ژێر ده‌سه‌ڵاتی ئه‌و رێژیمه‌دا هه‌ر له‌نێو بنه‌ماڵه‌وه‌ تا قوتابخانه‌و زانستگه‌كاندا هه‌مووی به‌ پێوه‌ری نایه‌كسانیی‌و ژن به‌كه‌مگر به‌ڕێوه‌ده‌چێ، ئه‌مه‌ زۆر به‌ روونی له‌ تلویزیۆنی ئێراندا ره‌نگی داوه‌ته‌وه‌. ژنی باش لای ئه‌وان ته‌نیا كابانێكی باش‌و ده‌سته‌نگینه‌. یان بێده‌نگ‌و فه‌رمانبه‌ری مێرده‌كه‌یه‌تی. پیاوه‌ كه‌ نه‌خشی سه‌ره‌كیی بنه‌ماڵه‌ی به‌ ده‌سته‌وه‌یه‌، واته‌ پیاو هه‌موو بڕیارێكی له‌ده‌ست دایه‌، مه‌سئوول‌و ره‌ئیسی بنه‌ماڵه‌یه‌."

له‌ كۆتایی‌دا وێڕای سپاس بۆ ئه‌و به‌ڕێزانه‌ی وڵامی پرسیاره‌كانیان داینه‌وه‌، ده‌ڵێین ئه‌مه‌ راستییه‌كی حاشا لێنه‌كراوه‌، ئه‌مڕۆ خه‌ڵكی ئێران به‌ تایبه‌تی ژنان له‌و ره‌وتی به‌ جیهانیبوونه‌ به‌ دوور نین‌و ئه‌گه‌رچی ئه‌م رێژیمه‌ زیندانێكی بۆ كۆمه‌ڵانی خه‌ڵك به‌تایبه‌تی ژنان دروست كردوه‌، به‌ڵام زۆر رۆژنه‌ی دیكه‌یان پێ شك دێ‌و له‌وانه‌وه‌ ئه‌زموون‌و ژیانی خه‌ڵكانی وڵاتانی پێشكه‌وتووو یه‌كسانیخواز بكه‌نه‌ سه‌رمه‌شقی ژیانی خۆیان‌و له‌ دنیای جه‌هل‌و نه‌زانی ئه‌م كۆنه‌پارێزانه‌دا خۆیان رزگار بكه‌ن‌و كۆمه‌ڵگه‌یه‌كی یه‌كسان‌و دادپه‌روه‌ر بۆ خۆیان‌و نه‌سڵه‌كانی دوای خۆیان ده‌سته‌به‌ر بكه‌ن.




## رۆژنه

# ئیعتیادی ژنان، تایبه‌تمه‌ندی و ده‌ره‌نجامه‌كانی

**عه‌لی بداغی**

ژنان نیوه‌ی حه‌شیمه‌تی كۆمه‌ڵگای ئیمه‌و كۆمه‌ڵگای مرۆیی جیهان پێك دێنن، به‌ڵام به‌شی ئه‌وان له‌ زیان و خه‌ساره‌ كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان، له‌ لادان و توندوتیژی و تاوانكارییه‌كان زۆر زیاتر له‌و مافه‌ ره‌وا، مرۆیی و سروشتییانه‌یه‌ كه‌ له‌ ئاكامی خه‌باتێكی دوورو درێژو پڕ كێشه‌و زیان و به‌ هه‌وڵ و گیانبازیی خۆیان وه‌ده‌ستیان هێناوه‌.

ئه‌وه‌ به‌و مانایه‌یه‌ كه‌ ژنان یه‌كه‌مین قوربانیان و له‌ ریزی پێشه‌وه‌ی زیانكه‌وتووانی لادان و كێشه‌و قه‌یرانه‌ كۆمه‌ڵایه‌تیه‌كانن و ئه‌مڕۆكه‌ش له‌ ئێران و كوردستان دا ئێعتیاد سه‌ره‌كیترین، گرینگترین و كاره‌ساتبارترین قه‌یرانی كۆمه‌ڵایه‌تیی كۆمه‌ڵانی خه‌ڵكه‌.

وه‌زاره‌رتی بێهداشتی كۆماری ئیسلامی ده‌ڵێ "ژنانی موعتادی ئێران ١١ له‌ سه‌دی حه‌شیمه‌تی موعتادانی ئێران پێك دێنن و نیوه‌ی ژنانی به‌ندكراو له‌ گرتووخانه‌كانی رێژیم له‌ پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ مادده‌ سڕكه‌ره‌كاندا ده‌ستبه‌سه‌ركراون".(*)

كارناسانی زانسته‌ كۆمه‌ڵایه‌تی یه‌كان پێیان وایه‌ ده‌ره‌نجامه‌كانی تێوه‌گلانی ژنان به‌ دوای ئێعتیاد زیانبارتر له‌ ئێعتیادی پیاوانه‌. ئێعتیاد له‌ نێو ژنان دا خۆی خولقێنه‌ری زۆر دیارده‌و خه‌ساری دیكه‌ی وه‌ك راكردن له‌ ماڵ، له‌شفرۆشی و په‌ره‌سه‌ندنی توندوتیژی یه‌.

دیسانه‌كه‌ش ئه‌گه‌ر له‌ بنه‌ماڵه‌یه‌ك دا ژن موعتاد بێ، منداڵان و ئه‌ندامانی خێزانه‌كه‌شی به‌ره‌وڕووی ئه‌و كێشه‌یه‌ ده‌بنه‌وه‌و مه‌ترسیی له‌به‌ریه‌ك هه‌ڵوه‌شانی ئه‌و جۆره‌ بنه‌ماڵانه‌ هه‌رده‌م له‌ ئارا دایه‌. گرفتی دیكه‌ی ئێعتیاد له‌ ژنان دا تێڕوانینی زۆر نیگه‌تیڤی خه‌ڵك بۆ تاكی ژنی موعتاده‌. ئه‌گه‌ر له‌ روانگه‌ی خه‌ڵكه‌وه‌ موعتادێكی پیاو، كه‌سێكی قوربانی، نه‌خۆش و گیرۆده‌یه‌، به‌ڵام ژنێكی موعتاد به‌ چاوی كه‌سێكی به‌د ره‌وشت، بێ به‌ندوبارو سووك و چرووك سه‌یری ده‌كرێ كه‌ له‌ نۆرم به‌هاو بایه‌خه‌ كۆمه‌ڵایه‌تی‌یه‌كانی كۆمه‌ڵگا لای داوه‌و هه‌ر ئه‌وه‌ش گه‌وره‌ترین كۆسپی به‌رده‌م چاره‌سه‌ری و گه‌ڕانه‌وه‌و ده‌رمانی ئه‌و به‌شه‌ له‌ حه‌شیمه‌تی موعتادی كۆمه‌ڵگایه‌.

هۆكاره‌كانی كاریگه‌ر له‌ سه‌ر په‌ره‌سه‌ندنی ئێعتیاد و تێوه‌گلان بۆ زه‌لكاوی ئێعتیاد گشتین به‌ڵام ئیعتیاد له‌ ژنان دا هۆكاره‌ سه‌ره‌كییه‌كه‌ی بۆ كه‌شی نێو خێزان و بنه‌ماڵه‌یی ده‌گه‌ڕێته‌وه‌. به‌ پێی ئاماره‌كان زۆربه‌ی كچانی موعتاد باوك و برا یان ، خۆشه‌ویستی موعتادیان هه‌یه‌ و زۆربه‌ی ژنه‌ موعتاده‌كانیش له‌ رێگه‌ی مێرده‌كانیانه‌وه‌ تووشی ئه‌و به‌ڵا ماڵوێرانكه‌ره‌ بوون . به‌ڵام گرینگ ئه‌وه‌یه‌ كه‌ته‌نیا له‌ماوه‌ی ٤ساڵی رابردوودا په‌ره‌سه‌ندنی ئیعتیاد له‌نێوان ژنان دا سێ هێنده‌ی پیاوان بووه‌ و ئه‌گه‌ر ئه‌و ره‌وته‌به‌م شێوه‌یه‌ به‌رده‌وام بێ، رێژه‌ی ژنانی موعتاد له‌گه‌ڵ پیاوانی موعتاد وه‌ك یه‌كی لێ دێ . ئه‌وه‌ش له‌حاڵێك دایه‌ كه‌ ئیمكانات و رێوشوێنه‌كانی ده‌رمان و وازهێنان زۆرتر پیاوانه‌ و بۆپیاوان له‌به‌ر چاوگیراون . ئه‌وه‌ش له‌جێی خۆی كه‌به‌هۆی تێڕوانینه‌ نیگه‌تیڤه‌گه‌ی كۆمه‌ڵگه‌ بۆ ژنه‌ موعتاده‌كان ، ئه‌وانیش به‌هۆی ده‌روونی كردنی ئه‌وجۆره‌ تێڕوانینه‌ له‌ ده‌رخستنی خۆیان وه‌كه‌سێكی موعتادوو هه‌وڵدان بۆ ده‌رمان و چاره‌سه‌ری وازهێنانی خۆ ده‌بوێرن . هه‌رئه‌وه‌ش وای كردووه‌ دیارده‌ی ئیعتیادی ژنان و ماده‌ سڕكه‌ره‌كان وه‌ك قه‌یرانێكی شاراوه‌ و كپ كراوی لێ بێ . هه‌ر بۆیه‌ش به‌ كه‌مگرتنی ئه‌و دیارده‌یه‌ له‌نێو ژنان دا و په‌ره‌سه‌ندنی خێرای له‌ته‌نیشت تێڕوانینه‌ ته‌ك لایه‌نییه‌كه‌ی كۆمه‌ڵگا به‌نیسبه‌ت حه‌شیمه‌تی ژنانی موعتاده‌وه‌ ده‌رئه‌نجامی زۆر ناخۆشی بۆ كۆمه‌ڵگای مرۆیی ئێران به‌دواوه‌ ده‌بێ كه‌ كه‌متر ینیان له‌به‌ریه‌ك هه‌ڵوه‌شانی شیرازه‌ی بنه‌ماڵه‌ و كارتێكه‌ریه‌كانی ئه‌و دیارده‌ له‌سه‌ر ئاسایشی كۆمه‌ڵایه‌تیی كۆمه‌ڵگایه‌ .

(*) سایتی خه‌به‌ریی "ایسنا"، ١٧ پووشپه‌ڕی ١٣٨٧

**رۆژنه‌ ستوونێكه‌ له‌مه‌ودوا له‌ هه‌ر ژماره‌یه‌كی "كوردستان"دا له‌ لاپه‌ڕه‌ی كۆمه‌ڵایه‌تی‌دا بڵاو ده‌بێته‌وه‌. ئه‌م ستوونه‌ تایبه‌ته‌ به‌ كێشه‌و دیارده‌ كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان.**

# ئایەتە هەنارییەکان

سیابەخت

هەتا خوێن‌و
تا ئازادی
یەکەم هەنار.......
کە بەهارانت نەدیوە
پەلە هەورێک بوو ژیان
رەشپۆشانە
چ بەفرەلوولێکت  بوو رێبەندان!
ئەم کاتانە هەرسی خۆرو چاوەڕێ
تۆفو بەندو کرێوە بوو
خوێنمان ئەکردە نیشتمان !
بە شنەی هەوری شمشاڵ‌و
چ خەونانە  چرۆی بەهاری خەوتن بوو.
یەکەم گوڵ‌و
یەکەم شاخ‌و
یەکەم هیوا.....
بەمستی هەنارینی تۆڵەوە
سەرت شاری باغە هەنارێکە هەنار!
گوڵبزەت لە گزینگ گیراوە
...
هەناری لە یەکەم تریفە دا
پاڵ دەکەوێت!
باران خەونە تۆزاوییە کانت دشواتەوە !
ئەی کەس نیە بە جرۆ بڵێیت
بەهار با بێدار کاتەوە!
مستێك گرت لە ناو کۆشی باهارا چاند
ئای ئەم هەنارە چ ئالایەکی هەڵداوە.....
ئەوەی  شەوێ
هەر لایە لایەی بۆم ئەکرد.
کە هەتا وانەت نەدیوە
هەتا خۆر و
هەتا سووری و
تا ئینتزار
چ کەرکووکانە هەنار وتی
ئەم شەوە "گەلا پێشمەرگەکانم  نەخەوتن"
کە مامڵێ یانە لایە لایەیان بۆ ئەکەم.
باغە هەنارەکەی قارنێ ووتی
هەتا دەست و بە دەسنوێژە بێ دەنگی و چەند ئایەت لە شمشاڵ
پیرۆز...



## "دەترسم لە مەیدان نەمرم | گەوزێ نەدەم لە نێو خوێنا
## دەتـــرســـم بـــــمـــرم | بـه ئازادی لـەنێو نوێـنا"

عەبدوڵڵا پەشێو







رەسووڵ سوڵتانی

ئەوە ئێوەن، پرێسکەتان لێوڕێژ لە هیوایەو هەناسەتان شەلاڵی بۆنی ئاشتی‌یەو دێن لە پێدەشتەوە بەرەوشاخ، چیاسەری لوتکەی دادەنوێنێ لە بەر پێنان، سەنگەر بە وردکە وشەی کوچکەبەردان سفرەیەکتان لە سڵاو بۆ ڕادەخا، ئەوە ئێوەن، پێ دەنێنەهەر هەرمێك لە بەیاران گوڵ دەڕوێ‌و لە پێدەشتان کارمامزو پۆلە کۆتر سەمادەکەن. دەئەمجارە سەر هەڵێنن، نیشتمان دێ و تین بالای بە بالاتان دەگرێ. کورتی دێنێ، رووبار دێت و بالای بەبالای برینتان دەکرێ. تەریق دەبێتەوە و دەڕوا، خۆرەتاو دێ و تین لە هیواتان وەردەگرێ و تیشك و تیرێژ لە باوەڕتان.

سەر هەڵێنن، هێشتا برینی نیشتمانم هەر چڵ دەدا، هێشتا زامی دڵی مێژووم بە تاو خوێنی لێ دەچۆڕێ، هێشتا، رێگاکان چاوەڕێن، کانیاوەکان دڵۆپێك ئەسرینی روونیان لە چاواندا قەتیس ماوەو چاوەڕێی هاتنەوەی ئێوەن بۆ ئاوپڕژێنی رێگەتان.

سەر هەڵێنن، چی گوڵی پشکووتووی داوێنی کوێستانن، عاشقانە دەیانەوێ، بە پەلکی رەنگین و بۆنخۆش، عارەقەی رێگەتان بسڕنەوە، سەر، هەڵێنن: چەکی راساوی پێشمەرگە، دڵی لێوڕێژ لە سروودی سەرکەوتنەو، بۆ خەبات‌و تۆڵە سەندن راپەڕیوە، دەبڕوانە، قەڵەم دڵی وەکوو چۆمی کەڵوێ پڕەو هاژەی شەپۆلی وشەکەی دەچریکێنێ، شەهید بنوو، ئۆقرەبگرەو پشوو بدە، لێرە ئەوی پێشمەرگەیە لێبڕاوە تۆڵەت بستێنێ، چەپك چەپك ئامانجی تۆ وەدی بێنێ. تا چاو هەتەر دەکا، ئاسۆی شەکەت و خۆێناوی چاوەڕوانی کازیوەیەو شاخ، هەگبەیەك برینی کۆڵەواری هەڵگرتوە، لە چلۆوکی بەیانیەوە، شینی، ئەستێ‌و بوغدانم دێتەگوێ لە داوێنی هەر شاخێکی نیشتمانم سەدان عەبدولعەزیری دڵ بریندار سەری کوری جوانە مەرگیان لە سەر ڕانەو شینی بۆ دەگێڕن‌و دەڵێن.

ئەورۆ سەری من دێشێ
دڵی منی ماڵوێران لەمن دەکاتە بێنە بێنێ
بەڵام ئەمن ئەوشۆکە خەونێکم دیوە
لەمن وابوو ئاخری دە بەهارێیە
دەگەڕێم لەتیرەگێ  دە کوێستانان
قەت وەگیر نەدەکەوت قولە گیایەك بەشی باقەبێنێ
وەرن تۆخولاکەی ئەوانەی ئەگەر خواداشوناسن
تەعبیری ئەو خەونەم لێکدەنەوە
ئەمن زۆر دەترسم خوداوەندی میری مەزن ، پاتشایە کەرمێ ئەگەر موسیبەتێکی گەورەم بەسەر بێنێ
رۆڵە بەقوربانی قافڵە و بازرگا نو دەبم
ئەگەر دەهاتنەوە لە وڵاتی گەرمێنێ
ئەوە بۆن و بەرامەی ئازادی بۆ نیشتمان و نەتەوەکەی خۆی دێنێ
( بەیتی سەیدەوان بە دێڕێك دەسکارییەوە)

---

کە هەستا لاوی دێموکرات
**گەنجان**
کە لێم وەدی هات ئەستێرەی بەختم
شەکاوە ئالا لە سەر لوتکەی چیایی سەرسەختم
رانەوەستا ئەسرینی چاوم بۆ گۆری شەهیدی رێگای سەختم
**کوردستان**
هاتن شێرە پیاوانی لەپ زێڕین
هاتن کۆترانی دوور هێلانە بۆ لات
فرین چاو زەقانی ترسەنۆك لە وڵات
**نیشتمان**
هاتن شۆڕەسوارانی لێو بەخەندە
هاتن پیاوانی ئاربابا
هاتن، هاتن هەستن ئەی خەوتوانی نووستوو لە نێو خاك
**دوژمنان**
نەکەن دەست لە بێشکەی شێران دەن
نەکەن دەست لە قەلای شاهان دەن

نیعمەت

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No: 492 21 Aug 2008

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com : Hotbird: 8 - MHZ: 12303 - Polarization: Vertical - S R: 27500 - FEC: ¾

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

# کرماشان: کۆنترین شوێنی نیشتەجێ بوونی مرۆڤ دۆزرایەوە

گرووپێکی شوێنەوارناسی بریتانیایی لەگەڵ گرووپێکی ئێرانی لە تەپۆڵکەی شێخ ئاوای گوندی کوردویجی سەر بە ناوچەی دینەوەری کرماشان، یەکەمین شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤیان دۆزییەوە.

پرۆفیسۆر راجێر میتۆس لە زانکۆی لەندەن و سەرپەرشتیاری گرووپی بریتانیایی لەمبارەیەوە رایگەیاند: پاش ئەنجامەکانی کەربونی ١٤ بە دڵنیاییەوە دەڵێین ئەمە یەکەمین شوێنی نیشتەجێبوونی گشتیی مرۆڤەو مێژووەکەی بۆ ١٠ هەزار ساڵ لەوە پێش دەگەڕێتەوەو تێیدا مرۆڤی کورد خەریکی کشتوکاڵ و پەروەردەکردنی پەلەوەرو ئاژەڵی



کێوی بووە.

بە پێی زانیارییەکانی گرووپی بریتانیایی کە ژمارەیان ١٠ کەسەو لەگەڵ گرووپێکی ١٢ پسپۆری ئێرانی خەریکی لێکۆڵینەوەن، تەپۆلکەی شێخی ئاوای دینەوەرو تەپۆلکەی جانی لە نزیك ئیسلام ئاوای کرماشان گرنگترین شوێنەکانی زاگرۆسن بۆ لێکۆڵینەوە لە بارەی کۆنترین شوێنەوارەکانی مرۆڤ و شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤی سەرەتایی.

بە پێی وتەی دوکتور یەعقووبی موحەمەدیفەر، بەرپرسی زانکۆی هونەرو میعماریی زانکۆی بووعەلی سینای هەمەدان و بەرپرسی گرووپی ئێرانی لەم توێژینەوەدا، تایبەتمەندیی تەپۆلکەی شێخی ئاوا ئەو زانیارییانەیە کە لە بارەی یەکەمین سەردەمەکانی دروستکردنی چێشت و دەستەمۆکردنی ئاژەڵان دەتوانێ لێ وەدەست کەوتووە.

ناوبراو هەروەها گوتی: بێگومان ئەمە گرنگترین شوێنە کە دەتوانێ ئەم زانیارییانەی لێ وەربگرین و بێگومان ئەم تەپۆلکەیە یەکەمین گوندێك بووە مرۆڤی لە دەوری کۆکربۆوەو تەنانەت دەتوانین قۆناخەکانی دەستەمۆکردنی ئاژەڵی کێویی تێدا ببینین.

ناوبراو لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە تا ئێستا کام ئاژەڵ یان گیاتان لەم گوندە مێژووییە دا دۆزیوەتەوە وتی: لە دوایین لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ ئەم گرووپە بریتانییەدا تا ئێستا پاشماوەی ئاژەڵانی وەك کەڵەکێوی و ماسی و بزنەکێوی و جۆی کێوی و نیسکمان دۆزیوەتەوەو ئەمە بە مانای ئەوەیە کە بۆ یەکەم جار لێرە نیسك و جۆ خۆماڵی کراوەو بۆ خواردن بەکاربراوەو پاشان خەڵکی شوێنەکانیتری جیهان لە مانەوە فێری خواردنی ئەم دانەوێڵانە بوون و هەروەها زانیاریی دەستەمۆکردنی ئاژەڵە کێوییەکانیان لەم ناوچەیە وەرگرتوە.

# بەر لەماڵاوایی

## شانازیی بۆ ئەوانەی بۆ گەل دەژین و بۆ گەل دەمرن

ئاوات

مردن لەرێی نیشتمان بێ
سەد ژیانی بە قوربان بێ
واش نەبایە هەر دەمردم
کەسیش یادی نەدەکردم

ئێواری رۆژی ٢٣ی گەلاوێژ پۆلێك لە تێکۆشەرانی دێموکرات کە بۆ ئەنجامی هێندێ ئەرکی سیاسیو تەشکیلاتیو لە پێناوی ئامانجێکی پیرۆزی ئینسانی دا لە ناوچەی سەردەشت لە مەئموورییەت دا بوون، لە لایەن بەکرێگیراوانی کۆنەپەرستییەوە پەلامار دران و لە شەڕێکی نابەرامبەردا فەرماندەی ناسراوو بەوەجی دێموکرات کاك هەمزە عەبدوڵلایی ناسراو بە هەمزە سارتکەیی لەگەڵ دوو پێشمەرگەی بەبیروباوەڕو شۆڕشگێڕ بە ناوەکانی قادر نەزمی و قادر قادری شەهید بوون. هێزە پەلاماردەرەکان کە هەرگیز نەیان دەوێرا دووربەدووریش چاو لە قەڵافەتی شێرانەی هەمزە سارتکەیی بکەن لە هێرشێکی غافلگیرانەدا دەرفەتیان لێ هێناو شەهیدیان کرد.

دوژمنانی ئازادی کە وەك رێژمێکی تیرۆریست و تیرۆریستپەروەر ناویان لە جیهان دا زڕاوە، تێکوشەرانی دێموکرات بە تیرۆریست ناو دەبەن و دەیانەوێ وا نیشان بدەن کە ئەوانە بۆ کاری تیرۆریستی لە ناوچەدا بوون.

ناووناوبانگ و رابردووی حیزی دێموکراتی کوردستان ئەم حیزبەی لە دنیادا وەك حیزێکی بە پرەنسیپ و ئاشتیخوازو دژەتیرۆر، بە هەمووان ناساندوە. بۆیە هەوڵی بێهوودەی کۆنەپەرستیی فەرمانرەوا ناتوانێ تۆسقاڵێك لە گەورەیی ئەو شەهیدانە و رێبازە پیرۆزەکەیان کەم بکاتەوەو بەڵکوو بە پێچەوانە ئەوان زیاتر لە نێو دڵ و هەناوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا بە نەمری دێڵێتەوەو گۆڕەکەیان ( ئەگەر دژی گەلی‌یەکان لە ترسی هەستی پیرۆزی هاوخوێنەکانیان رێگا بدەن. بە ئاشکرا بنێژرێن ) دەکاتە زیارەتگەی رێبوارانی رێی ئازادی.

هەر لەو تێکهەڵچوونەدا هێندێك کەسیی بەناو کورد بە گوللەی رۆڵە پێشمەرگەکانی گەل کوژراون کە لە بەر نەفس نزمی بەوە رازی بوون ببنە داردەستی دوژمن و ڕاوی رۆڵەی کوردی بۆ بکەن بە هەموو خەڵکی کوردستانو بەتایبەتی دانیشتوانی ناوچەی پێشمەرگەپەروەری سەردەشت نیشان دەدەن کە چەندە لە بەرچاوی هەمووان سووکن و چۆن دەبنە مایەی شەرم و سەرشۆڕیی بنەماڵەکانیشیان. لە بەرامبەریش دا کەسو کاری شەهیدانی گەل وەك هەمیشە دەبنە جێگای رێزو خۆشەویستیی هەمووانو لە داهاتوودا بە سەربەرزییەوە خۆیان وەك میراتگرانی هەمزە عبداڵلاهیو قادر نەزمی و قادر قادری بە خەڵك دەناسێنن.

شانازی بۆ ئەوانەی بۆگەل دەژینو بۆ گەل دەمرنو نەفرەتی گەل بۆ هەموو ئەوانەی بۆ بارەقەڵایەکی دوژمن شوێن پێی شەیدایانی ئاشتیو ئازادیو دێموکراسی هەڵ دەگرن و دەداویان دەخەن.

نەمری بۆ ناوو یادی ئەو پۆلە شەهیدە تازەیەی دێموکراتو بەردەوامی بۆ رێگاکەیان

# ناوەندی داهێنانی فیلمی کوردی سێیەمین فیستیڤاڵی فیلم بەڕێوە دەبا

لە پێناو بەرهەمهێنانی فیلمی کوردی دا، ناوەندی داهێنانی فیلمی کوردی سێیەمین فدستیڤاڵی فیلمی کوردی لە شاری مانچێستێری بریتانیا بەڕێوە دەبا.

لەم فدستیڤاڵەدا ٥٦ کورتە فیلمی سینەمایی درێژ، ١٤ فیلمی دیکومێنتی نیشان دەدرێن. پاشان لە نێو ئەوان دا ٢٠ فیلم پۆلێن دەکرێن.

شایانی باسە باشترین فیلم، باشترین دەرهێنان، باشترین ئەکتەری کوڕو کچ، باشترین تیکنیك خەڵات دەکرێن و فیلمە براوەکان لە ١٢ شاری بریتانیا نیشان دەدرێن. ئەم فستیڤاڵە لە ماوەی رۆژانی ٢٠ تا ٢٤ی سێپتامبردا بەڕێوە دەچێ.

سەرچاوە:
سایتی "گەلی کوردستان"




## به پەسندی ئەنجوومەنی بەرزی شۆڕشی فەرهەنگی

# وەسیەتنامەی خومەینی دەکرێتە یەکەیەکی دەرسی

سەرۆکی دامەزراوەی نوێنەرایەتیی خامنەیی لە زانکۆکان رایگەیاند لە ساڵی داهاتووی خوێندنەوە لە هەموو زانستگەکان وەسیەتنامەی خومەینی دەکرێتە یەکەیەکی دەرسی.


ئەو هەروەها رای گەیاند ئێستا ئەم یەکە دەرسییە گشتییە لە زانکۆی ئازادی ئیسلامیدا دەگوترێتەوە.

شایانی باسە بڕیاری باسکراو لەلایەن ئەنجوومەنی بەرزی شۆڕشی فەرهەنگییەوە دراوە.

سەرچاوە: ئیسنا




# گوڵشیفتە فەراهانی نەیتوانی بچێ بۆ هالیوود



گوڵشیفتە فەراهانی سینەماکاری لاو بە هۆی دەورگێڕانی ئەو لە فیلمی "کۆمەڵەی درۆکان" لە دەرهێنانی رایدلی ئیسکات، دەرهێنەری بە ناوبانگی ئینگلیسی سەرنجێکی زۆری بۆ لای خۆی راکێشاوە. ناوبراو رۆژی سێشەممە (٢٩ی گەلاوێژ) لە کاتێك دا بە مەبەستی تاوتوێ کردنی پێشنیارگەلێکی نوێ دەیەویست بۆ هالیوود بڕوا لە فرۆکەخانە ئاگادار کرایەوە کە چوونە دەرەوەی لێ قەدەغە کراوە. دەگوترێ بەرپرسانی وەزارەتی "ئیرشاد" بەو هۆیە رێگەیان لە سەفەری ئەو گرتوە، چونکە پێیان وایە هونەرمەندە ئێرانییەکان بۆ دەورگێڕان لە فیلمە بیانییەکاندا دبێ مۆڵەت لە "ئیرشاد" وەرگرن.

هەواڵی دروستکرانی فیلمی سینەمایی "کۆمەڵەی درۆکان" لەسەر بنەمای کتێبێك هەر بەم ناوە لە دەرهێنانی ریدلی ئیسکات لە ماوەیەکی زۆر لەوەپێشەوە لە گۆڕێ دابوو تائەوەی کە حەوتووی رابردوودا راگەیەنرا کە ئەم فیلمە لە دوا قۆناغەکانی دایەو هونەرمەندێکی ئێرانی لەودا دەوری گێڕاوە. ئەم فیلمە هالیوودییە بە وتەی دەرهێنەرەکەی بۆ نواندن لە ئوسکار ئامادە دەکرێ و باس لە چیرۆکی رۆژنامەنووسێك دەکا کە لیوناردۆ دی‌کاپریو دەورەکەی دەگێڕێ . کە لە ماوەی شەڕی عێراق دا لە لایەن رێکخراوی سیاوە بۆ کوشتنی رێبەرێکی ئەلقاعیدە دادەمەزرێ و بۆ ئوردۆن دەنێردرێ.

لەم فیلمەدا هونەرمەندگەلی موسوڵمانی دیکەی وەك بیژەن دانیشمەند، عەلی سلێمان، عومەر بردونی، مێهدی نەبوو عەلی خەلیلیش دەور دەگێڕن.